ئەوەی ڕاست بێت ئەوەیە هەموو بیدعەیەک کە کوفر نەبێت کەسی تەقلیدکەرەوە تیایدا بە فاسق دانانرێت بەهۆی شاراوەییەکەی، هەروەک ئەو کەسەی کە (علي) لە هەموو هاوەڵان بە باشتر دادەنێت، وە **دەوەستێت لە تەکفیرکردنی ئەو بیدعەچیانەی کە تەکفیرمان کردوون*** پاشان باسی ڕیوایەتەکەی ابن هانئ و پرسیارەکەی المروذي بۆ باوکی عبد الله (ئیمام ئەحمەد) دەکات کەسانێک هەن ئەوانە تەکفیر دەکەن کە تەکفیریان ناکەن، ئیمام ئەحمەدیش سەرزەنشتی ئەم شتەی کرد،

وه له ڕیوایەتی أبو طالب دا هاتووه كه ووتویەتی: (كێ جورئەت دەكات بەو كەسە بڵێ كافر، لەكاتێكدا ئەو دەڵێ قورئان مەخلوق نیه !؟).

{نقله المرداوي : الفروع 240/11 ، التحبير 3923/8} (وەرگێر: عبد السلام هەر "ابن تيمية"يە)

*(تێبینی مكتب البحوث والدراسات) : ئەوەی ئەمه حاڵی بێت و تەفسیق نەكرێت جێگای تێڕامانه، وه ڕاستی ئەوەیه كه كەمترین شت فاسیقه و هەجریش دەكرێت هەروەک له پێشوودا باسكرا.

(مكتب البحوث والدراسات) دەڵێ: ووتەی ئیمام ئەحمەد كه دەڵێ: (كێ جورئەت دەكات بەو كەسە بڵێ كافر، لەكاتێكدا ئەو دەڵێ قورئان مەخلوق نیه !؟)، ئەمه ڕوون دەكاتەوه كه ئیمام ئەحمەد كەسی وەستاو تەكفیر ناكات مادام هاوڕایان نەبووه لەسەر كوفرەكەیان، وه ڕوونی دەكاتەوه كه ووتەیەتی: (هەركەسێک هەموو ئەم كۆمەڵەیه "جەهمیەكان و ئەوانەشی دەوەستن له تەكفیركردنیان" تەكفیرنەكات ئەوا وەكو ئەوانه)، مەبەستی ئەوانەیه كه تەكفیری جەهمیەكان ناكەن و موخالەفەی خۆیان بۆ جەهمیەكان دەرناخەن لەو شتانەی كه جەهمیەكان پێی كافربوونه، بەڵام ئەوەی تەكفیریان نەكات بەڵام موخالەفەی خۆی بۆ جەهمیەكان دەربخات ئەوا ئیمام ئەحمەد تەكفیریان ناكات، والله أعلم.

(وەرگێڕ: ئەم ووتەیەی "مكتب البحوث والدراسات" تەئویل كردنی ووتەكەی ئیمام ئەحمەد نیه بەڵكو جەمع كردنێكی زۆر جوانه لەنێوان هەردوو ئەو ڕیوایەتەی كه هاوەڵانی دەیگێڕنەوه له ئیمام ئەحمەدەوه، كه له یەكێكیان تەكفیری ئەو كەسە دەكات كه بوەستێ له تەكفیركردنی جەهمیەكان، لەوی تریان تەكفیری ناكات).

الإمام البخاري (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

سەیری ووتەی یەهود و نەصارا و مەجوسم كرد، نەم بینی هیچیان له كوفرەكانیاندا له جەهمیەكان گومڕاتر بن، وه من ئەو كەسە به جاهیل دادەنێم كه تەكفیری جەهمیەكان ناكات، مەگەر كەسێک كوفری جەهمیەكان نەزانێت.

{خلق أفعال العباد : ب 2/ لا 24/ ژ 34}

له ووتەكەی ئیمام بوخاری دەردەكەوێت كه ئەو تەكفیری ئەو كەسە ناكات كه وەستاوه له تەكفیركردنی جەهمیەكان، هەروەكو یەكێک له دوو ڕیوایەتەكەی سەر ئیمام ئەحمەد.

بەڵگه دەهێندرێتەوه لەسەر تەكفیركردنی كەسی وەستاوی تەئویلكەر به چەند فەرموودەیەک:

له "ابن عباس"ەوه (ﷺ) پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

(صنفان من أمتي ليس لهما في الإسلام نصيب: المرجئة والقدرية).

{سنن الترمذي : ژماره 2149} وقال: حديث حسن غريب.

{الطبري : تهذيب الآثار، 653/2} دەڵێ: ئەم خەبەره سەنەدەکەی صەحیحه لەلای ئێمه.

(وەرگێڕ: واتا دوو کۆمەڵ له ئوممەتی من هیچ بەشێکیان نیه له ئیسلامدا، ئەوانیش مورجیئه و قەدەرین).

له "أنس"ەوه (ﷺ) پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

(صنفان من أمتي لا يردان على الحوض، ولا يدخلان الجنة: القدرية والمرجئة).

وفي لفظ: (القدرية والمرجئة مجوس هذه الأمة، فإن مرضوا فلا تعودوهم، وإن ماتوا فلا تشهدوهم). {رواه الطبراني في المعجم الأوسط} ب 4/ لا 281/ ژ 4204-4205

{الهيثمي له مجمع الزوائد : ب 7/ لا 207/ ژ 11889} دەڵێ: ڕاویەکانی سەنەدەکه ڕاوی "بوخاری و موسلیم"ن، تەنها هارون بن موسى نەبێت، ئەویش جێگای متمانەیه (ثقة).

(وەرگێڕ: واتا دوو کۆمەڵ له ئوممەتی من نایەنه سەرحەوزی کەوثەر، وه ناچنه بەهەشتەوه، ئەوانیش قەدەرییه و مورجیئەن) له لەفزێکی تردا هاتووه: (قەدەرییه و مورجیئه مەجوسی ئەم ئوممەتەن، گەر نەخۆش کەوتن سەردانیان مەکەن، وه ئەگەر مردن ئامادەی ناشتنیان مەبن).

له الإمام أحمد بن حنبل (ﷺ) ڕیوایەت کراوه که ووتویەتی:

ئەهلی بیدعه ئەوانەی که پێغەمبەر (ﷺ) له دینی ئیسلام دەری کردوون بریتین له: قەدەرییه و مورجیئه و ڕافیزه و جەهمیه، جا ووتی: نوێژیان لەگەڵدا مەکەن، نوێژیان لەسەردا مەکەن. {طبقات الحنابلة : 311/1}

له ڕووکەشی ئەم ڕیوایەتەدا دەردەکەوێ که ئیمام ئەحمەد مورجیئه به کافر دادەنێت، بەڵام شێخی ئیسلام ابن تيمية ئینکاری لەسەر ئەو کەسانه دەکات که ئەم ووتەیه دەگێڕنەوه له ئیمام ئەحمەدەوه، وه دەڵێ: (سەلەف و پێشەوایان خیلافیان نەبووه له تەکفیرنەکردنی مورجیئه و ئەو شیعانەی که "عەلی" له هەموو هاوەڵان به باشتر دەزانن بەبێ تانەدان له هاوەڵان وه هاوشێوەکانیان، وه خیلاف نیه له ووتەکانی ئەحمەد که ئەو تەکفیری ئەمانه ناکات، گەرچی هەندێک له هاوەڵانی ئەوه دەگێڕنەوه که ئەو تەکفیری هەموو ئەهلی بیدعەی کردووه ئەمانه و جگه لەمانەش، ئەمەش جێگای خیلافه لەسەر ئیمام ئەحمەد یان له مەزهەبەکەی،

تەنانەت هەندێکیان بە ڕەهایی دەڵێن ئەمانە و جگە لە مانەش تاهەتایە لە دۆزەخ دەمێننەوە، ئەمەش هەڵەیە بەرامبەر مەزهەبی ئەحمەد، وە هەڵەیە بەرامبەر شەریعەت. {مجموع الفتاوى : 351/3}

لەم حاڵەتەدا حوکم بەگوێرەی ئەوە دەدرێت کە ئایا کوفری ئەو کۆمەڵەیە یان ئەو کەسە ئاشکرا و دیارە، هەروەک ئەوانەی بت دەپەرستن و بانگەشەی خوایەتی دەکەن بۆ غەیری الله و شوێنی ئەو کەسە دەکەون کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات، جا ئەمانە هیچ تەئویل هێنانەوەیەک دەربارەیان قبوڵ ناکرێت، چونکە کوفری ئەمانە و ئەوەشی دەوەستێ لە تەکفیرکردنیان شتێکی زانراوە لە دینی ئیسلامدا بە زەرورەت، ئەگەرچی ئەم کۆمەڵانە خۆشیان بدەنە پاڵ ئیسلام.

القاضي عياض (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

علي بن أبي طالب (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) ئەو کەسانەی سوتاند کە بانگەشەی خوایەتی "عەلی"یان دەکرد، وە "عبد الملك بن مروان" الحارث المتنبي کوشت و لە سێدارەیدا، وە چەندە خەلیفە و پاشا شتی ئاوایان کردووە دەربارەی هاوشێوەی ئەو کەسانە، وە زانایانی سەردەمی ئەم خەلیفە و پاشایانە یەکدەنگ بوونە لەسەر ئەوەی کە ئەم کارەی خەلیفە و پاشایان دروستە، وە ئەوەی خیلافی هەبێت لە کافربوونی ئەمانە ئەوا کافرە، وە فەقیهە مالکی مەزهەبەکانی بەغداد لە سەردەمی "المقتدر" وە قازی أبو عمر المالكي یەکدەنگ بوون لەسەر کوشتنی "حەللاج" و لە سێدارەدانی، چونکە بانگەشەی خوایەتی و تێکەڵبوونی زاتی الله ی دەکرد لەگەڵ مەخلوقەکاندا (الحلول)، وە دەیووت "أنا الحق" واتا من خوام لە هەمان کاتدا بە ڕووکەش وا خۆی نیشان دەدا کە دەستی گرتووە بە شەریعەت، وە تەوبەیان لێ قبوڵ نەکرد، وە هەمان حوکمیان بەسەر "ابن أبي العزافير"دا کە لەسەر هاوشێوەی مەزهەبی حەللاج بوو ئەمەشیان لە سەردەمی "الراضي بالله" وە قازی ئەوکاتی بەغداد أبو الحسين بوو کوڕی أبو عمر المالكي.

{الشفا بتعريف حقوق المصطفى : 297/2}

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەربارەی کۆمەڵێکی "باطنی" دەڵێ:**

هەرکەسێک بڵێ (تەئویلی ئەوان موافیقی شەریعەتە)، ئەوا ئەو کەسە لە سەرکردە و پێشەوایانی ئەوانە، جا ئەو کەسە گەر زیرەک بێت ئەوا دەزانێت قسەکەی خۆی درۆیە، وە گەر بە ڕووکەشی و پەنهانی ئەمە بیروباوەڕی بێت ئەوا لە نەصاراش کافرترە،

جا هەرکەسێک ئەمانە تەکفیر نەکات و تەئویل بۆ ووتەکانیان بهێنێتەوە، ئەوا بێگومان نەصاراٍ هەر تەکفیر ناکات کە دەڵێن سێ خوا هەیە و یەکیان گرتووە.
{مجموع الفتاوى : 133/2}

ابن الوزير الصنعاني (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

گومان لەوە دانیە کە هەرکەسێک گومانی هەبێت لە کافربوونی بت پەرستان یان تەکفیریان نەکات ئەوا واجبە تەکفیر بکرێت، هۆکاری ئەم تەکفیرکردنەش ئەوەیە کە کافربوونی ئەوان شتێکی زانراوە بە زەرورەت لە ئیسلامدا. {الروض الباسم : 509/2}

نزیک لەم مانایەوە ئەثەرێکی هەڵبەستراو هاتووە کە هیچ ئەصڵی نیە، لەمەی خوارەوەدا باسی دەکەین بۆ ئاگاداربوون لێی:

لە (مصعب بن عبد الله بن الزبیر) دەگێڕدرێتەوە: کە ئەو کەسێکی نارد بۆلای هەردوو ژنەکەی **المختار*** دایکی ثابت و عمرة، پرسیاریان لێبکات کەچی دەڵێن دەربارە المختار؟ دایکی ثابت ووتی: ئێوە چی دەڵێن منیش هەر ئەوە دەڵێم، پێیان ووت تۆ بڕۆ، بەڵام عمرة ووتی: ڕەحمەتی خوای لێبێت بەندەیەک بوو لە بەندە چاکەکان، مصعب بردی بۆ بەندیخانە، نامەیەکی بۆ عبد الله بن الزبیر نارد ووتی ژنەکەی وا دادەنێت کە المختار پێغەمبەرە، عبد الله نامەیەکی بۆ مصعب نارد ووتی: لە بەندیخانە دەری بێنە و بیکوژە.
{رواه الطبري في تاريخه : 494/3} ، {رواه ابن عساكر في تاريخه : 296/69} ، {رواه البلاذري في أنساب الأشراف : 443/6}

***(المختار بن أبي عبيدة الثقفي درۆزن) بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد، لەساڵی 67 هـ کوژرا، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەربارەی فەرموویەتی: (إن في الثقيف كذابا ومبيرا) واتا لە ثەقیف درۆزن و خوێنڕێژ دەردەکەوێت. {صحيح مسلم : ژ 6588}، الإمام الذهبي دەڵێ: درۆزنەکە المختار بوو کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد وەحی بۆ دێت و غەیب دەزانێت، خوێنڕێژەکەش الحجاج بوو قبحهما الله. {سير أعلام النبلاء : ب 3/ لا 539/ ژ 144}**

***

پێنجەم: بەڵگە لەسەر تەکفیرکردنی کەسی وەستاو لە تەکفیرکردنی کەسێک کە کەوتۆتە ناو جۆرێک لە جۆرەکانی کوفری ئیجماع لەسەر.

هەمان حاڵەت و بەڵگەکانی بابەتی پێشوو (چوارەم) بۆ ئەم بابەتە بەکاردێت.

***

بابەتی سێیەم

هۆکاری کافربوونی کەسی وەستاو لە تەکفیرکردنی کافر

بەگوێرەی تێڕوانین لە ووتەی زانایان دەربارەی ئەم هەڵوەشێنەرەوەیە، بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەوەی باسیان کرد دەربارەی هۆکاری کافربوونی کەسی وەستاو لە تەکفیرکردنی کافر دەگەڕێتەوە بۆ بە درۆخستنەوە و ڕەتکردنەوەی شەرع، نەوەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەصلی دین.

وە زانایان بە بەردەوامی باسی هۆکاری کافربوونی کەسی وەستاویان کردووە بەگوێرەی ئەوەی کە کوفر بە ئینکارکردنی حوکمە موتەواتیرە ئیجماع لەسەرەکان ڕوودەدات یان بە ئینکارکردنی شتێکی زانراو لە دین بە زەرورەت ڕوودەدات.

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رحمه الله) **دەڵێ:**

کوفر ڕوودەدات بە ئینکارکردنی شتێکی زانراو لە دین بە زەرورەت، یان بە ئینکارکردنی حوکمە موتەواتیرەکان و ئیجماع لەسەرەکان و هاوشێوەکانیان ڕوودەدات.

{مجموع الفتاوى : 106/1}

لەمەی خوارەوەدا باسی ووتەی ئەو زانایانە دەکەین کە لەسەری وەستاوین دەربارەی هۆکاری کافربوونی کەسی وەستاو لە تەکفیرکردنی کافر:

1. **القاضي عياض** هۆکاری تەکفیرکردنی کەسی وەستاو لە تەکفیرکردنی یەهود و نەصارا و ئەوانەی دینی ئیسلام واز لێدەهێنن دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی: کە دەقی شەرعی و ئیجماع یەکدەنگن لەسەر کوفرەکەیان، جا هەرکەسێک بوەستێ لە تەکفیرکردنیان ئەوا دەقی شەرعی بە درۆخستۆتەوە، یان گومانی تێدا هەیە، وە درۆخستنەوە و گومان لە دەقی شەرعی ڕوونادات ئیللا لای کافر نەبێت. **(القاضي عياض ئەم ووتەیەی لە أبو بكر الباقلاني نەقڵ کردووە). {الشفا بتعريف حقوق المصطفى : 280/2}**
2. **شێخی ئیسلام ابن تيمية** (رحمه الله) **دەربارەی تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کە فیرعەونی تەکفیر نەکردووە دەڵێ:** زەرورەتێکی زانراوە لە هەموو دینەکاندا دینی موسڵمانان و یەهود و نەصارا کە فیرعەون یەکێک بووە لە کافرترین بوونەوەرەکان بە اللە. **{مجموع الفتاوى : 125/2}**

3. ابن الوزير الصنعاني (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەربارەی تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کە گومانی هەیە لە کافربوونی بت پەرستێک یان تەکفیری ناکات دەڵێ:
هۆکاری تەکفیرکردنەی (کەسە گومانداره‌که یان وەستاوەکە) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کوفری کەسی بت پەرست شتێکی زانراوە لە دیندا بە زەرورەت.
{الروض الباسم : 509/2}

4. البهوتي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەربارەی ئەو کەسەی کە تەکفیری ئەوانە ناکات کە لەسەرغەیری دینی ئیسلامن دەڵێ: ئەوکەسە کافره چونکە بە درۆخەرەوەی ئەم ووتەی الله تعالی یە: ﴿ **وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ** ﴾ [آل عمران : 85]. {كشاف القناع : 170/6}

5. شێخ عبد الله بن محمد بن عبد الوهاب (رَحِمَهُمُ ٱللَّهُ) هۆکاری تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کە دەڵێ: (هەرکەسێک دوو شایەتمانەکە بهێنێت جائیز نیە تەکفیر بکرێت ئەگەرچی غەیری الله بپەرستێ) دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی: خاوەنی ئەم ووتەیە بە درۆخەرەوەی الله و پێغەمبەرەکەی و ئیجماعی موسڵمانانە. {الدرر السنية : 250/10}

6. وە هەندێک لە پێشەوایانی بانگەوازی نەجدی دەڵێن:
ئەوەی موشریکان بە کافر دانەنێت ئەوا باوەڕی بە قورئان نیە، چونکە قورئان موشریکانی بە کافر داناوە، وە فرمانی کردووە بە تەکفیرکردنیان و دژایەتیکردنیان و شەڕکردن لەگەڵیان. {الدرر السنية : 9/291}

ئەوەی دەستمان کەوت ئەمەیە: پوختەی ووتەی زانایان دەربارەی هۆکاری تەکفیرکردن لەم هەڵوەشێنەرەوەیەدا بریتیە لە هەبوونی گومان یان بە درۆخستنەوەی حوکمە شەرعیە ئیجماع لەسەرەکان یان ڕەتکردنەوەی شتێکی زانراو لە دین بە زەرورەت، وە ئەوەی پاڵپشتی ئەمە دەکات ووتەی هەریەک لە (ئیمام أبو حاتم الرازي و شێخی ئیسلام ابن تيمية و شێخ سليمان بن عبد الله)یە رَحِمَهُمُ ٱللَّهُ، کە لە پێشوودا هێنامان دەربارەی ئەو کەسەی بەهۆی جەهلەکەی دەوەستێ لە تەکفیرکردنی چەند کۆمەڵەیەکی موشریك کە خۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام، ئەوا ئەو کەسە تەکفیر ناکرێت ئیللا دوای فێرکردنی و ڕوون کردنەوە بۆی.

أبو الحسين الملطي الشافعي هۆكاری تەكفیركردنی كەسی وەستاو لە تەكفیركردنی كافر بەم شێوەیە لێک دەداتەوە: چونكە ئەوەی گومانی هەبێت لە كوفر ئەوا ئیمانی نیە، چونكە كوفر و ئیمان لێک جیاناكاتەوە.

{التنبيه والرد على أهل الأهواء والبدع : لا 40}

ڕوونكردنەوەیەک لەسەر ئەمە:

"أبو الحسين الملطي" خودی گومان هەبوون لە كافری نەكردووە بە كوفر، بەڵكو هۆكاری كوفرەكەی گەڕاندۆتەوە بۆ هەبوونی گومان لە خودی كوفرەكە، واتا گومانی هەبووە لە كوفرێک كە كوفر بێت.

ڕوونتر: كەسی وەستاو تەكفیر ناكرێت لەبەر ئەوەی گومانی هەبووە لە كافرەكە، بەڵكو تەكفیر دەكرێت بەهۆی ئەوەی گومانی هەبووە ئەم شتەی كافرەكە كردوویەتی كوفر بێت، واتا هۆكارەكەی باوەڕنەبوونە بەو شتەی كە شەرع دایناوە كە كوفرەكەیە.

ووتەی البقاعي (رَحِمَهُ اللَّهُ) نزیكە لە ووتەكەی "الملطي" كە دەڵێ:

گومان هەبوون لە كوفر دوای ڕوونكردنەوە، كوفرە.

{تنبيه الغبي إلى تكفير ابن عربي : 197/1}

وە ووتەی "الملطي" كە دەڵێ: (چونكە كوفر و ئیمان لێک جیاناكاتەوە) **وا لێک دەدرێتەوە كە مەبەستی ئەوە بێت: هەركەسێک جیاوازی نەكات لەو شتانەی كە زانینی زەڕوڕەتە لە دیندا لەنێوان بابەتی ئیمان و كوفردا، ئەمەش گومان نیە لە كافربوونی، چونكە ئەم كەسە هیچ نیە جگە لە پشتێكەر لە فێربوونی دینی ئیسلام.**

شێخ عبد الرحمن بن حسن آل الشيخ (رَحِمَهُ اللَّهُ) دەڵێ:

كەسێک ئیسلام و كوفر لێک جیانەكاتەوە، چۆن ئیسلامەتی تەواوە !؟.

{الدرر السنية : 383/11}

***

بابەتی چوارەم

پلەی تەکفیرکردنی کافر لە دیندا

لەم بابەتەدا ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە تەکفیرکردن حوکمێکی صاف شەرعیە هیچ بوار نیە بۆ عەقڵ تیایدا، وە بە هەمان شێوە پلەی ئەم حوکمە شەرعیە ڕوون دەکەینەوە لە دیندا.

لەمیانەی بەدوا داچوون بۆ ووتەی زانایان دەرکەوت کە ئەوپەڕی پلەی تەکفیر پێی دەگات بریتیە لە حوکمە زانراوە زەرورەکان لە دینی موسڵمانان، وەکو تەکفیرکردنی ئیبلیس و فیرعەون و بانگەشەکەرانی خوایەتی یان پێغەمبەرایەتی و بت پەرستان و یەهود و نەصارا و هەموو ئەوانەی واز لە دینی ئیسلام دەهێنن، ئەمەش لەبەر هەبوونی دەقی موتەواتیر کە ئیجماعی قەطعی لەگەڵدایە لەسەر کافربوونیان، بەڵام تەکفیرکردنی ئەو کۆمەڵە موشریکانەی کە خۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام پلەکانی جیایە بەگوێرەی دەرکەوتنی حاڵیان و دەرکەوتنی بەڵگە لەسەر کوفرەکانیان، هەروەک لە بابەتی داهاتوودا باسی دەکەین بە پشتیوانی الله.

لەمەی خوارەوەدا باسی ئەوە دەکەین کە زانایان ڕەحمەتی الله یان لێبێت ووتویانە حوکمێکی شەرعیە عەقڵ ناتوانێت بە تەنها بیدات:

1. القاضي عياض (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

بەشی: ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چ ووتەیەک کوفرە، وە چ ووتەیەک تیایدا حوکمدان بە کوفر دەوەستێ یان خیلافی لەسەرە، وە چ ووتەیەک کوفر نیە:

بزانە لێکۆڵینەوە لەم بەشەدا و ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی شتە شاراوەکان تیایدا سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەرع، وە هیچ بوارێک نیە بۆ عەقڵ تیایدا.

{الشفا بتعريف حقوق المصطفى : 282/2}

2. الشهرستاني (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

تەکفیر حوکمێکی شەرعیە، پێکان (صواب) حوکمێکی عەقڵیە.

{الملل والنحل : 200/1} بە دەستکارییەوە

3. شێخی ئیسلام ابن تيمية (رحمه الله) دەڵێ:

تەکفیر حوکمێکی شەرعیە، دەبێتە هۆکاری حەلاڵ کردنی ماڵ و ڕشتنی خوێن و حوکمدان بە مانەوەی تاهەتایی لە دۆزەخ، جا وەکو هەموو حوکمە شەرعیەکانی تر لە شەرعەوە وەردەگیرێت.

{بغية المرتاد في الرد على المتفلسفة و القرامطة و الباطنية : لا 345}

4. وەهەر شێخی ئیسلام ابن تيمية (رحمه الله) دەڵێ:

کوفر و فیسق حوکمی شەرعین، لەم حوکمانە نین کە عەقڵ بە تەنها بیان دات، جا کافر ئەوەیە کە الله و پێغەمبەرەکەی بە کافریان داناوە، وە فاسق ئەوەیە کە الله و پێغەمبەرەکەی بە فاسقیان داناوە، هەروەک چۆن ئیماندار و موسڵمان ئەوەیە کە الله و پێغەمبەرەکەی بە ئیماندارو موسڵمانیان داناوە..... وە ئەم بابەتانەش هەموویان جێگیربوونە بە شەرع. {منهاج السنة النبوية : 92/5} بە دەستکارییەوە

5. وەهەر شێخی ئیسلام ابن تيمية (رحمه الله) دەڵێ:

ئیمان و کوفر لەو حوکمانەن کە بە وەحی الله چەسپاون، وە بە بەڵگەی شەرعی ئیماندارو کافر لێک جیادەکرێنەوە، نەوەک تەنها بە بەڵگەی عەقڵی.

{مجموع الفتاوى : 328/3}

6. عەللامە ابن القيم (رحمه الله) دەڵێ:

الكفـــر حـق الله ثـم رسـولــه	***	بالنص يثبت لا بقـول فـلان
مـن كـان رب العالميـن وعبده	***	قد كفراه فذاك ذو الكفران

{الكافية الشافية (نونية) : لا 858}

(وەرگێڕ: واتا تەکفیرکردن حەقی الله یە پاشان پێغەمبەرەکەی، بە دەقی شەرعی جێگیر دەبێت نەوەک بە ووتەی فلان، هەرکەسێک پەروەردگاری جیهانیان و بەندەکەی (محمد) تەکفیریان کردبێت، ئەوا ئەو کەسە کافرە).

7. ابن الوزير الصنعاني (رحمه الله) دەڵێ:

بەڵگە لەسەر کوفر و فیسق ئیللا دەبێت بە دەقێکی قطعية الدلالة بێت، وە خیلافیش نیە لەم شتەدا. {العواصم والقواصم : 179/4}

(وەرگێڕ: بڕوانە ڕوونکردنەوەی قطعية الدلالة کە لە پێشوودا باسمان کرد).

8. تقي الدين السبكي (رَحِمَهُ اللَّهُ) دەڵێ:

تەکفیر حوکمێکی شەرعیە، هۆکارەکەی ئینکارکردنی ڕوبیەتە یان تاک و تەنهایی اللە یە یان وەحیە، یان ووتەیەکە یان کردارێکە کە شەرع دانەر بە کوفری داناوە ئەگەرچی ئینکاریش نەبێت. {فتاوى السبكي : 586/2}

وە زیادکردن لەسەر ئەمە دەڵێین:

جا هەرکەسێک حوکمی شەرع نەزانێت دەربارەی کافرێک یان موشریکان یان یەکێک لە کۆمەڵەکان وەکو ئەو کەسە نیە کە تەوحید نەزانێت، بەڵکو حوکمی وەکو ئەو کەسە وایە کە حوکمێک یان واجبێک لە واجبەکانی ئیسلام نازانێت، جا هەرکەسێک ئیقامەی حوججەی لەسەر بکرێت کافر دەبێت، وە هەرکەسێک بەڵگەی پێ نەگات لەسەر ئەمە ئەوا کافر نابێت، بە پێچەوانەی ئەو کەسەی کە تەوحید نازانێت ئەو کەسێکی کافرە کوفری جەهلی هەیە.

الإمام محمد بن نصر المروزي لە کۆمەڵێک لە زانایانی ئەهلی سوننە "أهل الحديث" نەقڵ دەکات کە ووتویانە:

کاتێک ناسینی اللە ئیمان بێت و نەناسینی اللە کوفر بێت، وە ئەنجامدانی واجبەکان ئیمان بێت و نەزانینی واجبەکان پێش دابەزینیان کوفر نەبێت، وە **پاش دابەزینیشی ئەوەی ئەنجامی نەدات کوفر نیە*** چونکە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لە سەرەتا کە اللە پێغەمبەرەکەی نارد (ﷺ) باوەڕیان بە اللە هێنا و ئەو واجبانەیان ئەنجام نەدابوو کە پاشان لەسەریان واجب کرا، جا نەزانینیان دەربارەی ئەم واجبانە کوفر نەبوو، پاشان اللە ئەم واجبانەی بەسەر دابەزاندن، جا باوەڕبوونیان بەم واجبانە و ئەنجامدانی ئیمان بوو، بەڵام ئەو کەسە کافر دەبێت کە ئینکاری ئەم واجبانە بکات بەهۆی بە درۆخستنەوەی وەحی اللە، وە ئەگەر وەحی لەلایەن اللە وە نەهاتبوایە ئەوا بە نەزانینی کافر نەدەبوون، وە دوای هاتنی وەحیش هەرکەسێک لە موسڵمانان هەواڵەکەی نەبیستبێت بە نەزانینی کافر نابێت، بەڵام نەناسینی اللە لە هەموو حاڵێکدا کوفرە پێش وەحی و دوای وەحیش.

{تعظيم القدر الصلاة : 520/2}

*** (تێبینی مکتب البحوث والدراسات) : ئەم ووتەیە نوێژ ناگرێتەوە، ئەوەی واز لە نوێژ بهێنێت کافر و مورتەد دەبێتەوە، ئەگەرچی دان بە واجب بوونیشی بنێت.**

بەڵگە دەهێندرێتە لەسەر جیاوازی کردن لە نێوان نەزانینی تەوحید و نەزانینی حوکمی شەرعی بە چەند بەڵگەیەک، لەمانە:

1. هەموو پێغەمبەران (عليهم السلام) سەرەتا دەستیان کرد بە بانگەوازی قەومەکانیان بۆ بەندایەتی الله بە تەنها بەبێ هاوەڵدانان بۆی، ئەگەر نەزانینی حوکمەکانی تەکفیر کوفر بێت ئەوا بۆ یەک ساتیش ڕوونکردنەوەی ئەمەیان دوا نەخست لەگەڵ ئەصلی دین (تەوحید) ڕوونیان دەکردەوە، هەروەک ووشەی تەوحید کە (لا إله إلا الله)یە بەڵگە نیە لەسەر تەکفیر تەنها بەشێوەی لێکەوت نەبێ ئەمەش نابێتە حوجە، چونکە ئەمە بەڵگەیە لەسەر شتێک کە لە دەرەوەی ماهیەتی (لا إله إلا الله)یە، وە بە هەمان شێوە تەکفیر لە دەرەوەی ماهیەتی ئەو (تەوحید)یە کە بە عەقڵ و فیطرەت هەستی پێ دەکرێت، وە تەکفیر لەناو بازنەی ئەو شتانە دایە کە تەنها بە شەرع جێگیردەبن.

(وەرگێڕ: لێرەدا بە پێویستی دەزانین ڕوونکردنەوە لەسەر چەند دەستەواژەیەکی (علم المنطق) بدەین کە لەلایەن زانایانی أصولیش بەکاردێت بۆ بەڵگە هێنانەوە، چونکە ئەم دەستەواژانە لەم ووتەیەی سەرەوەدا بەکارهاتووە، وە لە ووتەی (أبو حامد الغزالي)ش هاتووە کە دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە دێینە سەری).

الماهية: ئەم دەستەواژەیە لە دوو ووشە پێکهاتووە ئەوانیش (ما) و (هي) کە لێکدراون و بۆتە (الماهية) کە دەڵێن ماهیەتی ئەم شتە چیە ؟ واتا حەقیقەتی ئەم شتە چیە ؟ بۆ نموونە گەر بڵێن ماهیەتی مۆبایل چیە واتا حەقیقەتی مۆبایل چیە ؟ دەڵێن بۆ قسەکردن بەکاردێت، واتا قسە پێکردن ماهیەتی مۆبایلە، بەڵام بەکارهێنانەکانی تری مۆبایل وەکو ئەتاری پێکردن و حیسابات و سەیری کردنی ڤیدیۆ و گوێگرتنی قورئان و ...هتد ئامانە ماهیەتی مۆبایل نین، بەڵکو لە لێکەوتەکانی مۆبایلن، بۆیە کە باسی مۆبایل دەکرێت دەست بەجێ مێشکمان بۆ تەلەفۆن و قسەپێکردن دەچێت، ئەگەرچی ئەتاری و کۆمەڵێک شتی تر لەناو مۆبایلدا هەن، بەڵام ئەوان ماهیەتی مۆبایل نین، بەڵکو بریتین لە لێکەوتەکانی مۆبایل واتا (الإلتزامات).

الدلالة – بەڵگە: ئەو شتەیە کە بەڵگەیە دەلالەت لە شتێکی تر دەکات، بۆ نموونە کە لە دەرگا دەدرێت ئەمە بەڵگەیە دەلالەتە لەسەر ئەوەی کەسێک لە پشت دەرگایە.

الدلالة – بەڵگە کراوە بە سێ جۆر: عقلية و طبيعية و وضعية، هەر یەکێک لەم سێیە دەبێتە دوو جۆر: لفظية و غير لفظية، ئەوەی لێرە بابەتەکەی ئێمەی لەسەر بەندە و باسی دەکەین بریتیە لە الدلالة الوضعية اللفظية، ئەمەشیان دەبێتە سێ جۆر: مطابقية و تضمنية و إلتزامية، لێرەدا ئەوەی ئێمە باسی دەکەین ئەم سێ جۆرەیە:

1. دلالة المطابقة – بەڵگەی هاوتا: واتا ئەو ووشەیەی کە بەڵگەیە بۆ شتێک خودی ووشەکە و ئەو مانایەی کە ووشەکە دەیدات هاوتا (مطابق)ی یەکترن، بۆ نموونە:
ووشەی (ئافرەت) بەڵگەیە دەلالەتە لەسەر (ڕەگەزی مێ)، ووشەکە کە (ئافرەت)ە هاوتایە لەگەڵ ئەو مانایەی کە بە مێشکمان دادێت کە (ڕەگەزی مێ)ە.
ئەم جۆرە بەڵگەیە ئیعتیباری هەیە بۆ ئەوەی ببێتە حوججە چونکە کەس ئینکاری ئەمە ناکات کە ئافرەت هاوتای ڕەگەزی مێیە.
2. دلالة التضمن – بەڵگەی لەخۆگرتن: واتا ئەو ووشەیەی کە بەڵگەیە بۆ شتێک مانای شتەکە لە چوارچێوەی ووشەکە دایە، واتا خودی ووشەکە ئەم مانایەی لە خۆگرتووە، بۆ نموونە: ووشەی (ئافرەت) بەڵگەیە دەلالەتە لەسەر (کچ)، ووشەکە کە (ئافرەت)ە یەکێک لەو مانایانەی لە خۆگرتووە کە بە مێشکمان دادێت کە (کچ)ە، واتا (کچ) یەکێکە لەو مانایانەی کە ووشەی (ئافرەت) دەلالەتی لەسەردەکات، چونکە ووشەی ئافرەت تەنها مانای (کچ)ی لەخۆنەگرتووە بەڵکو مانای (ژن)یش لەخۆدەگرێت.
ئەم جۆرە بەڵگەیەش ئیعتیباری هەیە بۆ ئەوەی ببێتە حوججە، چونکە کەس ئینکاری ئەمە ناکات کە ووشەی ئافرەت کچیشی لەخۆگرتووە.
3. دلالة الإلتزام – بەڵگەی لێکەوت: واتا ئەو ووشەیەی کە بەڵگەیە بۆ شتێک خودی ووشەکە بەڵگە نیە لەسەر ئەو مانایەی کە لێی دەکەوێتەوە، بەڵکو وەکو عادەت بە مێشکمان دادێت کە ئەم ووشەیە ئەم مانایەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام خودی ووشەکە بەڵگە نیە لەسەر ماناکە بۆ نموونە: ووشەی (ئافرەت) کە دەبیستین دەست بەجێ لە مێشکمان بۆ ئەوە دەچێت کە کەسێکی نەرم و نیانە و هەست ناسکە، واتا ووشەی ئافرەت هیچ پەیوەندییەکی بە مانای نەرم و نیانی و هەست ناسکیەوە نیە بەڵکو تەنها یەکێک لە لێکەوتەکانی ووشەی (ئافرەت) بریتیە لە نەرم و نیانی و هەست ناسکی.
ئەم جۆرە بەڵگەیە ئیعتیباری نیە بۆ ئەوەی ببێتە حوججە، چونکە لەوانەیە ئافرەت هەبێت نەرم و نیان و هەست ناسک نەبێت، سەرەڕای ئەمەش گەر پشت بە (بەڵگەی لێکەوت) ببەستین ئەوا دەبێت بڵێین ووشەی ئافرەت بەڵگەیە لەسەر هەموو ئەو سیفاتانەی کە ئافرەتی پێ ناسراوە، واتا ووشەی ئافرەت ژمارەیەک مانا دەدات کە ناتواندرێ بژمێردرێ.
لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ووشەی (لا إله إلا الله) بەڵگەیە لەسەر تەکفیرکردن بەڵام لە جۆری سێیەم نەوەک جۆری یەکەم و دووەم، چونکە ووشەی (لا إله إلا الله) هاوتا و مانا نیە بۆ ووشەی (تەکفیر)، بەڵکو یەکێک لە لێکەوتەکانی (لا إله إلا الله) بریتیە لە تەکفیرکردنی کافران، ئەمەش مانای سڕکردن و لابردنی حوکمی تەکفیرنیە بەڵکو بۆ زەبت کردنی حوکمی تەکفیرە بەشێوەیەکی شەرعی بەبێ زیادەڕەوی و کەمتەرخەمی.

أبو حامد الغزالي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

ئەوەی جێگای ئیعتیبارە لە پێناسەی ووشەکاندا بریتیە لە بەڵگەی هاوتا و لەخۆگرتن، بەڵام بەڵگەی لێکەوت جێگای ئیعتیبار نیە، چونکە مانای ئەم لێکەوتە لە خودی ووشەکەدا نیە، بە پێچەوانەی بەڵگەی هاوتا و لەخۆگرتن کە مانای ووشەکە دەدەن، وە چونکە هەرووشەیەک کۆمەڵێک لێکەوتی لێ دەبێتەوە کە سنووری نیە و ناژمێدرێ، چونکە لێکەوتی شتێک و لێکەوتی لێکەوتەکانی نە ضبط دەکرێت و نە حصر دەکرێت، ئەمەش وادەکات ووشەیەک بەڵگە بێت بۆ کۆمەڵێک مانا کە کۆتایی نایەت، ئەمەش مەحاڵە. {معيار العلم في فن المنطق : لا 72}

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

ماهیەت (حەقیقەت)ی شتێک کە کەسی قسەکەر دەری دەبڕێت بە ووشەیەک، ووشەکە بەڵگەیە لەسەر بەڵگەی هاوتا، وە بەڵگەیە لەسەر ئەو شتەی کە ووشەکە لەخۆی گرتووە بەشێوەی بەڵگەی لەخۆگرتن، وە بەڵگەیە لەسەر لێکەوتەکان کە لە دەوەرەی ماهیەتی ووشەکەن بەشێوەی بەڵگەی لێکەوت.

{منهاج السنة النبوية : 453/5}

2. جێگیربووە (واتا صەحیحە) لە هاوەڵانەوە (رضي الله عنهم) کە هەندێکیان وەستاون لە تەکفیرکردنی کەسانێک کە مورتەد بوونەتەوە کەچی هاوەڵان بە موسڵمانیان داناون، وەکاتێک ئایەت دابەزی کافربوونی ئەو کەسانەی ڕوونکردەوە، هاوەڵان داوای استتابةیان لێنەکرا بەهۆی وەستانیان لە تەکفیرکردن، وە جێگیربووە کە یەکێک لە هاوەڵان کەوتۆتە ناو شیرکەوە بە زانینی کەچی هاوەڵان تەکفیریان کرد، وە پێغەمبەر (ﷺ) فرمانی پێکرد ئیسلامەکەی نوێ بکاتەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو کەسەی تەوحید نازانێت وە ئەو کەسەی حوکمی شەریعەت نازانێت.

لە "ابن عباس"ەوە (رضي الله عنه) دەڵێ:

کەسانێک لە خەڵکی مەککە موسڵمان ببون موسڵمان بوونیان شاردبوویەوە، جا موشریکان لە جەنگی بەرد لەگەڵ خۆیانیاندا بردن، جا هەندێکیان بریندار بوون و هەندێکیان کوژران، موسڵمانان ووتیان: ئەمانە موسڵمان بوون بەزۆر هێنرابوون

داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەن، جا ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ **إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُولَٰئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَصِيرًا** ﴾ [النساء :97]، جا ئەوەی لە موسڵمانانەدا مابوویەوە ئەو ئایەتەی بۆ ناردم کە عوزریان نیە، ئینجا دەرچوون بەرەو مەدینە و موشریکان بەدوایان کەوتن و ئازاریان دان و توشی فیتنەیان کردن، جا ئەم ئایەتە دەربارەیان دابەزی: ﴿ **وَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ فَإِذَا أُوذِيَ فِي اللَّهِ جَعَلَ فِتْنَةَ النَّاسِ كَعَذَابِ اللَّهِ ...** ﴾ [العنكبوت : 10].

{رواه الطبري في تفسيره - بسند صحيح : 102/9}

(وەرگێڕ: مەبەست لە هێنانی ئەم ئەثەرەی "ابن عباس" ئەوەیە کە ئەوانەی بە زۆر هێنرابوون بۆ جەنگ و کوژران بە کافری مردن و جێگایان دۆزەخە هەروەک لە ئایەتەکەدا هاتووە، کەچی هەندێک لە هاوەڵان وایانزانی ئەوان هەر موسڵمانن، جا تەکفیرنەکردنی ئەم کەسانە نەبووە هۆی کافربوونی هاوەڵان یان داوای استتابەیان لێ بکرێت).

شێخ عبد الله بن محمد بن عبد الوهاب (رَحِمَهُ اللَّهُ) دەڵێ:

الله ئەم ئایەتەی دابەزاند (النساء : 97) تیایدا حوکمی ئەم موشریکانەی ڕوونکردەوە کە ئەوان ئەهلی دۆزەخن، سەرەڕای ووتنی شایەتمانی ئیسلام. **{الدرر السنية : 241/10}**

لە "سعد بن أبي وقاص"ەوە (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) دەڵێ:

ئێمە باسی هەندێک شتمان دەکرد، وە من تازە موسڵمان ببوم جا سوێندم بە "لات و عوززا" خوارد هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێیان ووتم: شتێکی زۆر خراپت ووت، بڕۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەمەی پێ بڵێ، چونکە ئێمە وایدەبینین تۆ کافر بوویت، جا منیش بینیم و پێم ووت، ئەویش فەرمووی: (قل لا إله إلا الله وحده لا شريك له ثلاث مرات وتعوذ بالله من الشيطان ثلاث مرات واتفل عن يسارك ثلاث مرات ولا تعد له).

{رواه النسائي في سننه : ژ 3776} ، وصححه البزار و ابن حبان

وقال ابن حجر : أخرجه النسائي بسند قوي {فتح الباري : 11/92}

(وەرگێڕ: واتا سێ جار بڵێ: لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وە سێ جار بڵێ: أعوذ بالله من الشيطان الرجيم، وە سێ تف بکە بەلای چەپتدا، وە جارێکی تر ئەم سوێندە مەخۆ).

الخطابي (رَحِمَهُ اللَّهُ) دەربارەی فەرموودەکە دەڵێ:

ووتنی (لا إله إلا الله)ی واجب کرد لەسەر ئەو کەسەی کە سوێند بە لات و عوززا دەخوات بەهۆی ترسان لەوەی توشی کوفر بووبێت، چونکە سوێند بەو پەرستراوە

دەخورێت کە بە گەورە دادەنرێت، جا گەر سوێند بخوات بە لات و عوززا ئاوا هاوشێوەی کافرانی کردووە لەمەدا، وە فرمانی پێکرا ووشەی (تەوحید)ی لەدوادا بڵێ کە پاککەرەوەیە لە شیرك. {أعلام الحديث : 1918/3}

ابن العربي المالكي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

هەرکەسێک لە ئیسلامدا لە سوێند خواردنیدا بڵێ: بە لات و عوززا، ئەم سوێندەی بۆ تەئکیدکردنەوە بێت لەسەر گەورەیی لات و عوززا، ئەوا بەڕاستی کافر بووە.

{عارضة الأحوذي : 28/1}

ابن الوزير الصنعاني (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەربارەی فەرموودەکە دەڵێ:**

ئەمەش فرمان پێکردن بوو بە نوێکردنەوەی ئیسلام (ئیمان).

{إيثار الحق على الخلق : لا 380}

الإمام الشوكاني (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەربارەی فەرموودەکە دەڵێ:**

تیایدایە کە هەرکەسێک سوێندی بە لات و عوززا خوارد با ووشەی شایەتمان بهێنێت، ئەمەش بەڵگەیە کە بەم سوێند خواردنە کافر بووە. {نيل الأوطار : 107/8}

الأمير الصنعاني (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەربارەی فەرموودەکە دەڵێ:**

ئەمەش بەڵگەیە کە مورتەد بوویەوە بە سوێند خواردنی بە بپ، جا پێغەمبەر فرمانی پێکرد ئیسلامی (ئیمانی) نوێکاتەوە چونکە بەم سوێندەی کافر بوو، هەروەک باسمان کردووە لە کتێبی (سبل السلام شرح بلوغ المرام) وە لە کتێبی (منحة الغفار).

{تطهير الإعتقاد من أدران الإلحاد : لا 70}

شێخ سليمان بن عبد الله (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **وتەی هەندێک لە زانایانی نەقڵ کردووە کە دەڵێن:** بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) فرمانی پێکرد کە ئیسلامی (ئیمانی) نوێکاتەوە بە ووتنی (لا إله إلا الله)، جا گەر ئەمە کوفر نەبوایە و لە دین دەری نەکردبوایە ئەوا فرمانی ئەمەی پێ نەدەکرد. {تيسير العزيز الحميد : لا 529}

وە هەندێک لە زانایان بۆ ئەوە دەچن کە سوێند خواردن بە لات و عوززا شیرکی گەورە نیە بەڵکو شیرکی بچووکە، وە ئەوەی دەردەکەوێ ئەوەیە کە سوێند خواردن بە طاغوتان شیرکی گەورەیە کوفر بە طاغوت هەڵدەوەشێنێتەوە، بە پێچەوانەی ئەو شتانەی کە ڕێزیان هەیە لە شەرعدا و سوێندیان پێ دەخورێ، وەکو کەعبە و باوک و باپیران ئەمە دژی توحیدە بەڵام هەڵیناوەشێنێتەوە، وە هەندێک لە زانایان

دەڵێن ئەم سوێند خواردنەی سعد (ﷺ) بە هەڵەبوو نەوەک بە مەبەست بۆیە کافر نەبوو بەم سوێند خواردنەی.

بەهەرحاڵ گەر سعد (ﷺ) کەوتبێتە ناو شیرکی بچووکەوە یان بە هەڵە ئەم سوێندەی خواردبێ پێغەمبەر (ﷺ) فرمانی پێکرد بە نوێکردنەوەی ئیمانەکەی بە ووتنی (لا إله إلا الله) وە فرمانی پێکرد جارێکی تر ئەم سوێندە نەخوات سەرەڕای ئەوەی (سعد) نەزان بوو، جا لەپێشترە تەکفیری ئەو کەسە بکرێت کە دەکەوێتە ناو شیرکی گەورەی ئیجماع لەسەر، وە عوزر نەهێنانەوە بۆی بە جەهل، چونکە لەسەرقسەی ئەوزانایانەی کە دەڵێن سوێند خواردن بە طاغوتان شیرکی گەورەیە ئەوا ڕووکەشی فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە عوزر بە جەهل نیە لە شیرکی گەورەدا.

وە لەسەر قسەی ئەو زانایانەی کە دەڵێن سوێند خواردن بە طاغوتان شیرکی بچووکە، ئەوا فەرموودەکە بەڵگەیەکی ڕوونترە لەسەر ئەوەی کە عوزر نیە بە جەهل لە شیرکی گەورەدا، ئەمەش ئەم ڕەئیە بەهێز دەکات کە دەڵێ: شیرکی بچووک لە خاوەنەکەی خۆش نابێت* ئەگەرچی لە دینیش دەری نەکات وە سەرەڕای ئەمەش عوزر بە جەهلی نیە تیایدا بەگوێرەی ئەو مانایەی لە فەرموودەکە دەکەوێتەوە.

*(وەرگێڕ: گەر تەوبەی لێ نەکات).

(وەرگێڕ: پوختەی ووتەکە ئەمەیە گەر ئەوەی "سعد" ووتی شیرکی بچووک بێت و عوزری نەبێت بە جەهل، ئەوا لەپێشترە لە شیرکی گەورەدا عوزر بە جەهل نەبێت، وە ئەگەر ئەوەی "سعد" کردی شیرکی گەورە بێت ئەوا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە عوزر بە جەهل نیە لە شیرکی گەورەدا).

شێخی ئیسلام ابن تیمیة (رحمه الله) دەڵێ:

دەووترێ هیچ شتێک لە شیرکدا لێخۆشبوونی نیە چ گەورە چ بچووک بەگوێرەی مانا گشتیەکانی قورئان، وە هەرچەندە خاوەنی شیرکی بچووک بە موسڵمانی دەمرێت بەڵام لە شیرکەکەی خۆش نابێت بەڵکو سزا دەدرێت لەسەری، هەرچەندە دوای ئەمەش بچێتە بەهەشتەوە. {مختصر الإستغاثة : 301/1}

3. ئەوەی هاتووە دەربارەی خیلافی هاوەڵان (ﷺ) لەسەر تەکفیرکردنی هەندێک لە مورتەدان، هەروەک لە ووتەی الله تعالى دا هاتووە: ﴿ فَمَا لَكُمْ فِي الْمُنَافِقِينَ فِئَتَيْنِ﴾ [النساء : 88]، **واتا: (ئەمە چیتانە بۆ دەربارەی مونافیقانەوە بوونەتە دوو کۆمەڵە هەندێکتان تەکفیریان دەکەن و هەندێکتان نایکەن). جا کاتێک الله تعالى کوفری ئەو مونافیقانەی ڕوونکردەوە هیچ یەکێک لەو هاوەڵانەی کە وەستابوون لە تەکفیرکردنیان فرمانیان پێ نەکرا ئیمانەکەیان نوێ بکەنەوە.**

بە پشتیوانی الله ئەوەی ڕیوایەت کراوە دەربارەی ئەمە لە بابەتی داهاتوودا دەیهێنین.

4. ئەوەی هاتووە دەربارەی وەستانی عمر بن الخطاب (ﷺ) لە تەکفیرکردنی زەکات نەدەران لە سەرەتادا، پاشان کە أبو بكر (ﷺ) کوفری ئەوانی بۆ ڕوونکردەوە ئەوکات بووە هاوڕای أبو بكر، کەچی أبو بکر داوای استتابةی لە عمر نەکرد بەهۆی وەستانی لە تەکفیرکردنیان.

بە پشتیوانی الله ئەوەی ڕیوایەت کراوە دەربارەی ئەمە لە بابەتی داهاتوودا دەیهێنین.

هەندێک لە پێشەوایانی سەلەف لە سەرەتادا کوفری ئەوانەیان نەدەزانی کە دەیان ووت: قورئان مەخلوقە، وە هەیان بوو لە سەرەتادا کوفری جەهمیەکانی نەدەزانی سەرەڕای توندی کوفرەکەیان، جا بەمە کافر نەبوون، وە کاتێک بەڵگەیان بۆ ڕوون بوویەوە لەسەر کوفری ئەمانە نەوەستان لە تەکفیرکردنیان، وە ئیمانەکەیان نوێ نەکردەوە بەهۆی ئەوەی پێشتر وەستابوون لە تەکفیرکردنیان.

یعقوب بن إبراهیم الدورقي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

پرسیارم لە (أحمد بن حنبل) کرد دەربارەی ئەوانەی دەڵێن: قورئان مەخلوقە، ووتی: لە سەرەتادا تەکفیرم نەدەکردن تاوەکو چەند ئایەتێکم لە قورئاندا خوێندەوە: **﴿ وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُم مِّن بَعْدِ مَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ ﴾** [البقرة : 145]، **﴿ بَعْدَ الَّذِي جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ ﴾** [البقرة : 120]، **﴿ أَنزَلَهُ بِعِلْمِهِ ﴾** [النساء : 166].

{ابن أبي يعلى : طبقات الحنابلة} 414/1، لەکتێبی (السنة-الخلال)نەقڵی کردووە بسند جيد.

ابن عمار الموصلي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

(علي ابن المديني) پێی دەووتم: چ شتێک ڕێگرتە لەوەی جەهمیەکان تەکفیر بکەیت، چونکە من لە سەرەتادا تەکفیریانم نەدەکرد تاوەکو (علي ابن المديني) چەند شتێکی پێ ووتم، جا کاتێک علي وەڵامی داواکەی (مەئمونی) دایەوە ووتی قورئان مەخلوقە،

نامەیەکم بۆی نارد یادی خوام بیرخستەوە، وە قسەکانیم بیرخستەوە کە پێی ووتم دەربارەی تەکفیرکردنیان. {رواه الخطيب البغدادي في تاريخ بغداد - بسند صحيح} 421/13

(وەرگێڕ: لە سەردەمی مەئمون – خەلیفەی عەباسی، کۆمەڵێک زانای موعتەزیلە دەوریان لێ دابوو قەناعەتیان پێ هێنابوو کە قورئان مەخلوقە، ئەمەش وای لە مەئمون کرد زۆر لە هەموو زانایانی سەردەمی خۆی بکات کە بڵێن قورئان مەخلوقە، ئەوەی وانەڵێت یان زۆر ئازاری دەدا یان دەیکوشت، بۆیە زۆرێک لە زانایان لە ترسی گیانیان لەژێر إكراهدا ووتیان قورئان مەخلوقە، ئیمام ئەحمەدی لێ دەرچێت کە بووە ئیمامی ئەهلی سوننە لەم ڕووداوەدا، ئەم ڕووداوەش ناسراوە بە (المحنة) کە "علي ابن المديني"ش یەکێک بوو لەوانەی لە ژێر إكراهدا ووتی مەخلوقە، وە موعتەزیلە لەمەدا لاسایی جەهمیەکانیان کردەوە کە ووتیان قورئان مەخلوقە).

ئاماژە بەوە دەدەین کە زانایان باسیان کردووە لەوەی جەهمیەکان تێیکەوتوون لە نەفی کردنی (تعطیل) صیفاتەکانی الله ئەصلی دین هەڵدەوەشێنێتەوە، وە لەمەدا عوزریان نیە نە بە جەهل نە بە تەئویل، وە کوفرەکەیان توندترە لە شیرکی بت پەرستان و ڕۆژ و مانگ پەرستان، ئەگەرچی کوفری ئەمانە دیارترە لە هی جەهمیەکان.

الإمام الطبري (رحمه الله) **دەڵێ:**

لەلای ئێمە هیچ کەسێک ئیمانی دانامەزرێت و کوفری لەسەر لاناچێت ئیللا بە زانینی ئەو شتانەی کە باسمان کرد لە پێشوودا، وە ئەوەی باسمان کرد لە صیفاتەکانی الله (تعالى ذكره) وەکو صیفەتی (عیلم و قودرەت و کەلام) هیچ کەسێک عوزری نەزانینی ئەم صیفەتانەی نیە کە گەیشتبێتە بالغ بوون، جا ئەو کەسە الله (تعالى ذكره) پێغەمبەری بۆ ناردبێت یان نا، وە ئەو کەسە کەسی تری بینیبێت جگە لەخۆی یان نەی بینیبێت. {التبصير في معالم الدين : لا 132}

(وەرگێڕ: مەبەستی ئەوەیە ئەم صیفاتانە بە عەقڵ دەزاندرێ بەبێ وەحی کە الله عیلمی هەیە و قودرەتی هەیە و قسەش دەکات، جا ئەوەی بالغ بێت و ئەمانە نەزانێت ئەوا کافرە جا پێغەمبەری پێ گەیشتبێت یان نا، وە تێکەڵاوی هەبێت لەگەڵ خەڵکی یان تەنها خۆی لە شوێنێکدا بژیت، بەڵام لە حوکمی قیامەتی بەسەردا نادەین ئەگەر هیچ ئیقامە حوججەیەکی لەسەر نەکرابێت).

عەللامە ابن القيم (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

شیرکی بت پەرستان و ڕۆژ و مانگ و هەسارە پەرستان زۆر چاکترە لە تەوحیدی ئەمانە (جەهمیەکان)* چونکە شیرکی ئەمانە لە بەندایەتیکردن دایە بەڵام دان بەوە دەنێت کە الله دروستکەری گەردوونە وە دان دەنێن بە صیفاتەکانی و کردەوەکانی و قودرەتی و ویستی و عیلمی بە تەواوی شتەکان و ووردەکارییەکان، بەڵام تەوحیدی ئەمانە (جەهمیەکان) بریتیە لە نەفیکردنی ڕوبیەت و ئولوهیەت و هەموو صیفاتەکانی، وە ئەم جۆرە تەوحیدە گەورەترین جۆری شیرکی لێدەکەوێتەوە، هەر بۆیە کەسێک چەندە نەفیکردنەکەی گەورەتر بێ ئەوا شیرکەکەی گەورەتر دەبێ.

{مختصر الصواعق المرسلة : لا 186}

*(وەرگێڕ: بڵێین "تەوحیدی جەهمیەکان لە شیرکی بت پەرستان خراپترە" دەربڕینێکی جوانترە لەوەی کە بڵێین "شیرکی بت پەرستان زۆر چاکترە لە تەوحیدی جەهمیەکان"، چونکە هەردووکیان کوفرن و ناشرین و خراپن، بۆیە هەندێک زانا دەڵێن: دروست نیە بڵێی نەصارا لە یەهود باشترە، بەڵکو دەبێ بڵێی یەهود لە نەصارا خراپترە، والله أعلم).

ئەوانەی وادەزانن تەکفیر لە ئەصلی دینە کە بە زەرورەتی عەقڵ و فیطرەت دەزاندرێ، پەیوەست بوونە بەچەند گومانێکەوە کە هەندێکی باس دەکەین:

گومانی یەکەم:

ئەوەی شێخ محمد بن عبد الوهاب (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) باسیکردووە:

ئەصلی دین و بنچینەکەی بریتیە لە تەکفیرکردنی ئەو کەسەی واز لە تەوحید دەهێنێت و شیرك ئەنجام دەدات.

شێخی نوێکەرەوەی دین محمد بن عبد الوهاب (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

ئەصلی دین و بنچینەکەی دوو شتە:

یەکەم: فرمان کردن بە بەندایەتی الله بە تەنها بەبێ هاوەڵ، وە هاندان لەسەر ئەمە، وە پشتیوانی و دۆستایەتی (موالاة) لەپێناویدا، وە تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کە تەرکی دەکات.

دووەم: ئاگادارکردنەوە لە هاوەڵدانان بۆ الله لە بەندایەتیکردن، وە توندبوون لەمەدا، وە دژایەتیکردن (معاداة) لەپێناویدا، وە تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کە تەرکی دەکات.

{موسوعة المؤلفات الإمام محمد بن عبد الوهاب : 1/12} نامەی (الواجبات المتحتمات)

(وەرگێڕ: پێش ئەوەی بچینە سەر وەڵامدانەوەی ئەم گومانە بەپێویستی دەزانین ڕوونکردنەوە لەسەر چەند دەستەواژەیەکی (علم المنطق) بدەین کە دێتە پێشمانەوە بۆ ئەوەی لێیان تێ بگەین).

الحد الحقيقي – الحد الرسمي – الحد اللفظي

هەر یەکێک لە حەددی (حەقیقی و ڕەسمی) دوو جۆری هەیە (تام و ناقص) تەواو و ناتەواو ئێمە بە کورتی باسی جۆرەکانیان دەکەین تەنها بۆ تێگەیشتنی ئەو ووتانەی کە دێنە پێشمان.

الحد الحقيقي التام: گەر لێت بپرسن مرۆڤ چیە ؟ تۆش بڵێێ: گیانلەبەرێکی قسەکەرە.

ئەمە پێی دەووترێ (الحد الحقيقي التام) واتا ئەو وەصفەی تۆ کردت بۆ مرۆڤ ڕێک حەقیقەتی مرۆڤە، چونکە تەنها مرۆڤ بە قسەکردن ناسراوە لەناو گیانلەبەراندا، وە قسەکردن صیفەتێکی ذاتیە، واتا دەبێتە حەقیقەتێکی تەواو.

الحد الحقيقي الناقص: گەر لێت بپرسن مرۆڤ چیە ؟ تۆش بڵێێ: قسەکەرە.

ئەمە پێی دەووترێ (الحد الحقيقي الناقص) ڕاستە مرۆڤ قسەکەرە وە قسەکردن صیفەتێکی ذاتیە، بەڵام ئاماژەت بەوە نەدا کە گیانلەبەرە، بۆیە دەبێتە حەقیقەتێکی ناتەواو.

الحد الرسمي التام: گەر لێت بپرسن مرۆڤ چیە ؟ تۆش بڵێێ: گیانلەبەرێکە پێدەکەنێ.

ئەمە پێی دەووترێ (الحد الرسمي التام) ڕاستە مرۆڤ گیانلەبەرە و پێش دەکەنێ، بەڵام پێکەنین صیفەتێکی ذاتی نیە دێت و دەڕوات بۆیە دەبێتە (الحد الرسمي التام).

الحد الرسمي الناقض: گەر لێت بپرسن مرۆڤ چیە ؟ تۆش بڵێێ : پێدەکەنێ.

ئەمە پێی دەووترێ (الحد الرسمي الناقص) چونکە تۆ باسی ئەوەت نەکرد جنسی مرۆڤ چیە کە بریتیە لە (گیانلەبەر) تەنها صیفەتێکی مرۆڤت باسکرد.

بۆیە بەم جۆرە دەووترێ (الرسمي) چونکە وێنە – ڕسم ی شتەکە نیشان دەدات.

الحد اللفظي: بریتیە لە پێناسەکردنی شتێک بە ووشەیەکی هاوتای خۆی (مرادف).

بۆ نموونە: بەکارهێنانی ووشەی پلیکانە بۆ پەیژە، هەردووکی هەمان شتن بەڵام بە ووشەیەکی تری هاوتا دەربڕی.

لە کۆتاییدا ئەم ووتەیەی (ابن تيمية) دەهێنم کە دەڵێ: کەسی زیرەک پێویستی بەم شتانە نیە، وە کەسی مێشک لاواز سوود لەم شتانە نابینێت.

بەڵام بۆ تێگەیشتن لە واتای ووتەکان ئەم ڕوونکردنەوەیەمان بە پێویست زانی.

ئێستاش دەگەڕێینەوە سەر وەڵامدانەوەی گومانەکە.

وەڵامدانەوەی ئەم گومانە بە دوو جۆرە:

یەکەم: باسکردنی تەکفیری موشریکان لە پێناسەی ئەصلی دین و بنچینەکەی مانای ئەوە نیە کە تەکفیر لە ناوەوەی ماهیەتی تەوحید دایە، بەڵکو باسکردنی

تەکفیر لێرەدا بریتیە لە پێناسەکردنی شتێک بە لێکەوتەکەی ئەمەش پێی دەووترێ (الحد الرسمي) کە لە دەرەوەی ماهیەتی شتەکە دایە، وە دوو جۆرەکەی تری پێیان دەووترێ (الحد الحقيقي) و (الحد اللفظي).

الأمير الصنعاني (رَحِمَهُ اللَّهُ) لە پێناسەی (الحد الرسمي)دا دەڵێ:

بریتیە لە پێناسەکردنی شتێک بە لێکەوتەکەی. **{بغية الآمل : لا 438}**

هەر الأمير الصنعاني (رَحِمَهُ اللَّهُ) لە پێناسەی (الحد الرسمي التام)دا دەڵێ:

ئەمە لێکۆڵینەوەیە لە دەستەواژەی مەنطقیەکان، بریتیە لە شتێک کە لە دەرەوەی ماهیەتی ووشەکە دایە هەردووکیان یەک حەقیقەت دەیانگرێتەوە.

{بغية الآمل : لا 440}

وە ئەم کارەی شێخ محمد بن عبد الوهاب هاوشێوەی هەیە لە دەربڕینەکانی هەندێک زانای سەلەف لە تەفسیرکردنی کتێبی الله تعالی دا.

شێخی ئیسلام ابن تیمیة (رَحِمَهُ اللَّهُ) دەڵێ:

لە سەلەف هی واهەیە ووشەکە دەردەبڕێت بە لێکەوتەکەی یان بە هاوتاکەی، وە هەیانە خودی ووشەکە دەردەبڕێت، وە هەمووی بە یەک مانا دێت لە زۆربەی ئایەتەکاندا، جا کەسی زیرەک با درک بەمە بکات، وە الله هیدایەت دەرە.

{مجموع الفتاوى : 369/13}

دووەم: ووتەی شێخ محمد بن عبد الوهاب (رَحِمَهُ اللَّهُ) وا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت کە ڕوونکردنەوەی گرینگی تەکفیرکردنی موشریکانە لە دیندا، نەوەک ئەو مەبەستی ئەوە بێت کە تەکفیرکردن ئەصلی دینە کە بە زەرورەتی عەقڵ و فیطرەت دەزاندرێ، جا گەر وابێت ئەوا هەرکەسێک لە بابەتی تەکفیردا هەڵە بکات ئەوا کافر دەبێت وە عوزری نابێت بە جەهل و بە تەئویل، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە لەلای ئەهلی سوننە و جەماعەتدا باسکراوە هەروەک پێشتر ڕوونمان کردەوە، وە پێچەوانەی ئەوەیە کە شێخ محمد بن عبد الوهاب خۆی لەسەری بووە، هەروەک بە ڕوونی لە نامەکانی و باسکردنەکانی بۆ ئەم بابەتە دەردەکەوێت.

وە هەرکەسێک ووتەکانی شێخ وا لێکبداتەوە کە تەکفیرکردن لە ئەصلی دینە، وە هیچ کەسێک عوزری بۆ نیە بە جەهل و بە تەئویل تیایدا، یان تەکفیرکردن لە

ئەصلی کوفرکردنە بە طاغوت، ئەوا ئەم ووتەیەی پابەندی دەکات بەوەی کە بڵێ بە ئیسلامدانانی موەحیدانیش لە ئەصلی دینە، وە هەرکەسێک موسڵمانێک بە هەڵە تەکفیر بکات ئەوا دەبێتە موشریك وە عوزری نیە بە جەهل و بە تەئویل، بە تایبەتی کە فەرموودەیەک لە پێغەمبەر (ﷺ) ڕیوایەت کراوە کە باسی ئەوە دەکات ئەصلی ئیسلام بریتیە لە دەست هەڵگرتن لەسەر ئەو کەسەی کە دەڵێ: لا إله إلا الله. هەروەک لە شوێنی خۆیدا دێت بە پشتیوانی الله تعالی.

وە ناولێنانی شێخ محمد بن عبد الوهاب لە یەکێک لە حوکمە گرینگەکانی شەریعەت بە ئەصلی دین، هاوشێوەی هەندێک فەرموودە و ئاثارە کە هاتوون، وە هاوشێوەی ووتەی زۆربەی زانایانە، کە کاتێک باسی بابەتێکی گرینگی شەریعەت دەکەن بە (ئەصلی دین) ناوی دەبەن بۆ ڕوونکردنەوەی گرینگیەکەی، نەوەک لەبەر ئەوەی یەکێکە لەو شتانەی کە بەهۆی زەرورەتی فیطرەت دەزانرێ، وە هەندێک لەم نموونە باس دەکەین:

1. ئەوەی لە پێغەمبەر (ﷺ) ڕیوایەت کراوە کە فەرموویەتی:

(من أصل الدين الصلاة خلف كل بر و فاجر، والجهاد مع كل أمير ولك أجرك، والصلاة على كل من مات من أهل القبلة).

{رواه الدارقطني في سننه : ب 3/ لا 402/ ژ 1765} وە الدارقطني دەڵێ: هیچ فەرموودەیەک لەم بارەیەوە جێگیر نەبووە (وەرگێڕ: واتا هیچ فەرموودەیەک لەم بارەوەیە صحيح نیە).

(وەرگێڕ: واتا نوێژکردن لە پشت هەموو کەسێکی باش و خراپ، وە جیهادکردن لەگەڵ هەموو سەرکردەیەک کە تۆش پاداشتی خۆت وەردەگریت، وە نوێژکردن لەسەر هەرکەسێک لە ئەهلی قیبلە کە بمرێت، ئەمانە لە ئەصلی دینن).

2. ئەوەی لە "علي"ەوە (رضي الله عنه) ڕیوایەت کراوە کە دەڵێ:

نوێژ **ئەصلی دین** و ڕاگری دینە. **{أمالي ابن بشران : لا 222/ ژ 512}**

3. ووتەی القاسم الجوعي (رحمه الله) کە دەڵێ:

ئەصلی دین وەرعە. **{الخطيب البغدادي : الزهد و الرقائق} لا 76/ ژ32**

4. ووتەی القاسم بن سلام (رحمه الله) کە دەڵێ:

پاکیەتی لە **ئەصلی دینە** کە واجبە. **{القاسم بن سلام : الطهور} لا 235**

5. ابن بطة العكبري (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

بزانە ڕەحمەتی خوات لێبێ، **ئەصلی دین** ئامۆژگارییە. {الإبانة الكبرى : 546/2}

6. شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

ئەصلی دین بریتیە لە جوانی نیەت و ئیخلاصی مەبەست. {مجموع الفتاوى : 58/16}

7. هەر شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

ئەصلی دین بریتیە لەو دادپەروەرییەی کە الله پێغەمبەرانی پێ ناردووە بە چەسپاندنی.

{مجموع الفتاوى : 24/19}

8. وەهەر شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

ئەصلی دین ئەنجامدانی واجبەکان و وازهێنان لە حەرامەکانە.

{مجموع الفتاوى : 136/22}

9. وەهەر شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

ئەصلی دین بریتیە لە فرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە. {مجموع الفتاوى : 442/27}

10. عەللامە ابن القيم (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

ئەصلی دین غیرەتە، وەهەرکەسێک غیرەتی نەبێ دینی نیە. {الداء والدواء : لا 68}

(تێبینی مکتب البحوث و الدراسات) : هەندێک لەم ووشانەی سەرەوە لە لایەنێک لە لایەنەکان دەچنە ناو ئەصلی دینەوە وەکو: غیرەت و دادپەروەری و ئامۆژگاری و ئیخلاصی مەبەست، گەرچی خودی ووشەکە ئەم مانایە نادات.

نموونەی هاوشێوەی ئەمانە زۆرە لە ووتەی زانایاندا گەر کەسێک بەدوایدا گەڕابێت، کە زانایان بیانەوێ گرینگی یەکێک لە بابەتەکانی شەریعەت ڕوون بکەنەوە ئەوا ناوی لێدەنێن (ئەصلی دین) وە پێویستە ووتەکەی شێخ (محمد بن عبد الوهاب)یش بەم شێوەیە لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

ئەمە لە کاتێکدا لە ووتەی زانایاندا دەردەکەوێ لە پێناسەی (ئەصلی دین)دا، کە بریتیە لە ووتەیەکی موحکەم موتەشابیهی تێدا نیە، زانایان هەندێک شتیان بە ئەصلی دین ناوبردووە پاشان بە ووتەیەکی موحکەم ڕوونیان کردۆتەوە کە مەبەستیان چی بووە لە ئەصلی دین وەکو ئەمانە: عوزر بە جەهل تیایدا نیە، یان

له فیطرەتی هەموو کەسێکدا چەسپاوە، یان بە زەرورەتی عەقڵ زانراوە، وە هاوشێوەی ئەمانە.

وە زانایان ئەو شتەی لە ئەصلی دینە تەنها بە ووشەی (ئەصلی دین) تەعبیریان لێ نەکردووە تاوەکو وا لە ووتەکانیان تێنەگەن کە مەبەستیان ئەوەیە ئەم شتە لە بابەتە گرینگەکانی شەریعەتە، بەم شێوەیەش موتەشابیە و موحکەم لە ووتەی زایاندا جیادەکرێتەوە دەربارەی مەبەستی بەکارهێنانیان بۆ ووشەی (ئەصلی دین).

لەمەی خوارەوەدا چەند نموونەیەک لە ووتەی زانایان لەم بارەیەوە باس دەکەین:

إمام المفسرين ابن جرير الطبري (رَحِمَهُ اللَّهُ) **پاش باسکردنی چەند شتێک لە ئەصلی دین پاشان دەڵێ:** ئەوەی لە پێشوودا باسمان کرد لە صیفاتەکانی (الله تعالى) هیچ کەسێک عوزری نەزانینی ئەم صیفەتانەی نیە کە گەیشتبێتە بالغ بوون، جا ئەو کەسە الله (تعالى ذكره) پێغەمبەری بۆ ناردبێت یان نا، وە ئەو کەسە کەسی تری بینیبێت جگە لەخۆی یان نەی بینیبێت. **{التبصير في معالم الدين : لا 126-132}**

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ اللَّهُ) **دەڵێ:**

ئەصلی دین بریتیە لە بەندایەتیکردن بۆ الله کە ئەصلەکەی خۆشەویستی و گەڕانەوە و پشت تێکردنە لە غەیری الله، ئەمەش ئەو فیطرەتەیە کە الله خەڵکی لەسەر دروستکردووە. **{مجموع الفتاوى : 438/15}**

ابن القيم (رَحِمَهُ اللَّهُ) **دەڵێ:**

چ شتێک لە عەقڵدا تەواوە گەر عەقڵ هەست بە ناشرینی شیرك نەکات، وە زانینی ناشرینی شیرك شتێکی سروشتیە بەهۆی زەرەڕوتی عەقڵ دەزانرێ، وە پێغەمبەران ئوممەتانیان بەهۆش دەهێنایەوە لەوەی کە لە عەقڵ و سروشتیاندا هەیە دەربارەی ناشرینی شیرك. **{مدارج السالكين : 253/1}**

هەر ابن القيم (رَحِمَهُ اللَّهُ) **دەڵێ:**

بزانە گەر جوانی تەوحید و ناشرینی شیرك بەهۆی عەقڵەوە نەزاندرێت و لە فیطرەتدا جێگیر نەبێت، ئەوا نابێت پشت بە هیچ بابەتێک ببەسترێ لە عەقڵدا، چونکە ئەم بابەتە لە دیارترین بابەتە سروشتیە ڕوونەکانە، وە ڕوونترین شتە کە الله لەناو عەقڵ و فیطرەتدا دروستی کردووە. **{مدارج السالكين : 455/3}**

وەهەر ابن القیم (رحمه الله) دەڵێ:

بەرزی الله تعالى لەسەر جیهان و لەسەر هەموو ئاسمانەکاندا، وە ئەو لەسەر عەرشە، ئەمە شتێکە لە فیطرەتدا چەسپاوە زەرورەتێکی زانراوە، هەروەک هەموو ئوممەتان لەسەر ئەم شتە یەکدەنگن و دانی پێدەنێن و باوەڕیان پێی هەیە، بەبێ ئەوەی ئەم ئوممەتانە لەسەر ئەم شتە ڕێککەوتبێتن و هەستیان بەیەکتری کردبێت، وە ئەوانە دەربارەی خۆیان دەڵێن: ئێمە درک بەم شتە دەکەین بە زەرورەت، وە هەموو کۆمەڵەکان ئینکاری ووتەی ئەوانە دەکەن کە صیفاتەکانی الله (تعطیل) نەفی دەکەن، مەگەر کەسێک ئەم بیروباوەڕەی لەوان وەرگرتبێت، ئەگینا گشت خەڵکی لەناو هەموو دینەکاندا فیطرەتیان لەسەر ئەوە چەسپاوە کە الله لەسەر جیهانە.

{الصواعق المرسلة : 1281/4}

(وەرگێڕ: مەبەستی "ابن القیم" ئیثبات کردنی صیفەتی "العلو"ە لەناو هەموو دینەکاندا، بە پێچەوانەی جەهمی و هاوشێوەکانیان).

جا هەرکەسێک خۆی یەکلاکردبێتەوە بۆ زانینی حەق و کارپێکردنی، پێویستە لەسەری ووتە موحکەمەکان وەربگرێت، وە بۆ تێگەیشتنی ووتەی موتەشابیە پێویستە بیگەڕێنێتەوە بۆ سەر ووتەی موحکەم، وەکو ڕێبازی ئەوانە نەبێت کە لادان و گومان(زیغ) هەیە لە دڵیاندا شوێنی ووتەی موتەشابیە بکەوێت، وە واز لە ووتەی موحکەم بهێنێت بۆ دروستکردنی فیتنە پەنا بە الله تعالى.

گومانی دووەم:

فەرموودەیەکە لە پێغەمبەر (ﷺ) ڕیوایەت کراوە تیایدا باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر (ﷺ) پێش بوونی بە پێغەمبەر دەیزانی موشریکەکان کافرن.

لە "علي"ەوە (رضي الله عنه) کە دەڵێ:

قيل للنبي (ﷺ) هل عبدت وثنا قط ؟ قال: لا، قالوا: هل شربت خمرا قط ؟ قال: لا، وما زلت أعرف أن الذي هم عليه كفر، وما كنت أدري ما الكتاب والإيمان، ولذلك أنزل الله في القرآن: ﴿ **مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلاَ الْإِيمَانُ** ﴾ [الشورى : 52].

(تێبینی مكتب البحوث والدراسات) : فەرموودەیەکی هەڵبەستراوە (حديث موضوع) الواحدي ڕیوایەتی کردووە لە کتێبی (التفسير الوسيط) بەرگی 4 لاپەڕە 62، سەنەدەکەی (إسماعيل بن يحيى التيمي) تێدایە کە کەسێکی درۆزنە، هەروەک لە بەرگی 1 لاپەڕە 253ی

کتێبی (میزان الإعتدال)دا هاتووە، وە ئیمام الذهبي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ: زانایان یەکدەنگن لەسەر وازهێنان لە فەرموودەکانی إسماعیل.

(وەرگێڕ: واتا بە پێغەمبەر (ﷺ) ووترا هیچ بتێکت پەرستووە ؟ فەرمووی: نەخێر، ووتیان هیچ عەرەقت خواردۆتەوە ؟ فەرمووی: نەخێر، تاکو ئێستاش هەر دەمزانی ئەوەی ئەوانی لەسەرە کوفرە، لەکاتێکدا من ئەوکات نەمدەزانی قورئان چیە و ئیمان چیە، بۆیە الله لە قورئاندا دایبەزاندووە: ﴿ مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلاَ الْإِيمَانُ ﴾ [الشورى : 52].

(وەرگێڕ: بەگوێرەی فەرموودەکە بێت پێش وەحیش پێغەمبەر زانیویەتی کە ئەوان کافرن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت تەکفیرکردن لە ئەصلی دینە، چونکە ئەصلی دین بەبێ وەحی دەزاندرێ، بەڵام کە زانیمان فەرموودەکە هەڵبەستراوە ئەوا بەڵگەکە پوچەڵ دەبێتەوە).

وەڵامی گومانەکە:

ئەم فەرموودەیە هەڵبەستراوە هەروەک ڕوونمان کردەوە، گەر واش دابنێین صەحیحە ئەوا ئەوپەڕی ئەو مانایەی کە فەرموودەکە دەیدات ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) لەوپەڕی کەمالی عەقڵ و فیطرەتدا بووە پێش بوونی بە پێغەمبەر، مانای ئەوە نیە تەکفیرکردن لە شتە زەرورە زاندراوەکانە هەموو خەڵکی یەکسانن لە زانینیدا پێش هاتنی وەحی.

گومانی سێیەم:

شتێک ڕیوایەت کراوە کە مانای ئەوە دەدات موەحیدان تەکفیری موشریکانیان کردووە پێش هاتنی پێغەمبەر (ﷺ).

لە "أسماء بنت أبي بكر" (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهَا) کە دەڵێ:

"زید بن عمرو بن نفیل"م بینی پشتی بە کەعبە دابوو، دەیووت: ئەی کۆمەڵی قورەیش هیچ یەکێک لەئێوە ئەمڕۆ لەسەر دینی إبراهیم (عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ) نیە جگە لە من.

{صحيح البخاري : ژ 3828}

کە دەڵێ: (هیچ یەکێک لەئێوە ئەمڕۆ لەسەر دینی "إبراهیم علیه السلام" نیە جگە لە من) ڕووکەشی فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تەکفیری کردوون.

وەڵامی گومانە:

ئەم بابەتە لە دەرەوەی خیلافە، چونکە "زید" لەسەر دینی (إبراهیم عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ) بووە کاتێک ئەمەی ووتوە، جا ووتەکەی تەنها لە فیطرەت وەرنەگرتووە بەبێ پشت

بەستن بە وەحی، وە دوور نیە "زید" ئەمەی پێگەیشتبێت کاتێک پرسیاری کردووە هیچ شتێکی دەربارەی تەکفیری ئەوان نەدەزانی تەنها ئەوەی دەزانی کە ئەوان لەسەر گومڕایین. وە شتێک ڕیوایەت کراوە کە بەڵگەیە لەسەر ئەمە:

لە "زيد بن حارثة"وە (ﷺ) کە دەڵێ:

پێغەمبەر (ﷺ) پێش ئەوە ببێتە پێغەمبەر بە "زید بن عمرو بن نفیل"ی ووت: ئەی کوڕی مامم بۆچی قەومەکەت ڕقیان لێتە ؟ زید ووتی: سوێند بە الله ئەو ڕقەی ئەوان لەبەر ئەوەیە نیە کە شتێکم لێیان کردبێت تاکو ئەوان توڕەبن و تۆڵەم لێ بستێنن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە من وایدەبینم ئەوان لەسەر گومڕایین، بۆیە گەڕام بەدوای ئەم دینەدا. {رواه ابن أبي عاصم في الآحاد والمثاني - بسند ضعيف} ب 1/ لا 199/ ژ 257

لە "شداد بن أوس"وە (ﷺ) پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

کاتێک پێگەیشتم ڕقم بۆ دروست بوو بەرامبەر بە بت.

{رواه أبو يعلى في مسنده الكبير – إتحاف الخيرة المهرة} ب 7/ لا 16/ ژ 6319

وقال البوصيري : هذا إسناد ضعيف

لە "عمرو بن عبسة السلمي"وە (ﷺ) کە دەڵێ:

من لەسەردەمی جاهیلیەت دابووم وام گومان دەبرد کە خەڵکی لەسەر گومڕایین و لەسەر هیچ حەقێک نین، وە خەڵکی بت پەرست بوون. {صحيح مسلم : ژ 832}

گەر تەنازول بکەین و واش دابنێین "زید بن عمرو بن نفیل" درکی بە تەکفیرکردنی موشریکان کردووە بەهۆی عەقڵیەوە، ئەمە بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی کە هەموو خەڵکی یەکسان بن لە درک پێکردنی ئەمە بەهۆی عەقڵ و فیطرەتیانەوە، بەڵکو ئەوپەڕی ئەو مانایەی دەیدات ئەوەیە کە دەتوانرێ درک بەمە بکرێت بەهۆی عەقڵەوە، نەوەک ئەمە شتێک بێت عەقڵ و فیطرەت بە زەرورەت درکی پێ بکەن.

(وەرگێڕ: لە صەحیحی بوخاری بە ژمارە 3827 هاتووە کە "زید بن عمرو بن نفیل" چۆتە شام بۆ بەدوا گەڕانی دینێک دوور لە دینی موشریکان، زاناکانی یەهود و نەصاراش پێیان ووتوە بچۆ سەر ئیبراهیمی حەنیف کە نە یەهودیە نە نەصرانیە وە بریتیە لە بەندایەتیکردن بۆ الله بە تەنها..... ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دوای گەڕانەوەی "زید بن عمرو بن نفیل" لە شام دەزانێت کە ئەوەی قوڕەیش ئەنجامی دەدات دینی ئیبراهیم نیە، بۆیە دەڵێت جگە لە من کەستان لەسەر دینی ئیبراهیم نین). ***

بابەتی پێنجەم

پلەی کەسە وەستاوەکان لە تەکفیرکردنی کافران وە حوکمەکانیان

بزانە ڕەحمەتی خوات لێبێ ئەم بابەتە لەسەر ئەم دوو پێشەکیە دامەزراوە:

یەکەم: کوفری گەورە چەند پلەیەکی هەیە، لە کتێبی الله تعالى دا هاتووە کە کوفر زیاد دەکات، وە هەندێکی لە هەندێکی توندترە، الله تعالى فەرموویەتی: ﴿ **إِنَّمَا النَّسِيءُ زِيَادَةٌ فِي الْكُفْرِ** ﴾ [التوبة : 37] (واتا: دواخستن و پێش خستنی مانگە حەرامکراوەکان زیاتربوونی لە کوفردا)، **وە الله تعالى فەرموویەتی:** ﴿ **إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بَعْدَ إِيمَانِهِمْ ثُمَّ ازْدَادُوا كُفْرًا** ﴾ [آل عمران : 90] (واتا: ئەوانەی کافربوون دوای ئیمان هێنان پاشان کوفرەکەیان زیاتربوو)، **وە الله تعالى فەرموویەتی:** ﴿ **الْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا** ﴾ [التوبة : 97] (واتا: کوفر و نیفاق دەشتەکیەکان توندترە لەهی خەڵکی شار).

دووەم: تەکفیر چەند پلەیەکی هەیە، زانایان باسی ئەوەیان کردووە کە تەکفیر حوکمێکی شەرعیە چەند پلەیەکی هەیە بەگوێرەی بەهێزی چەسپانی لە شەرعدا یان لەسەر کەسێکی دیاریکراودا.

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

تەکفیر حوکمێکی شەرعیە، دەبێتە هۆکاری حەڵاڵ کردنی ماڵ و ڕشتنی خوێن و حوکمدان بە مانەوەی تاهەتایی لە دۆزەخ، جا وەکو هەموو حوکمە شەرعیەکانی تر لە شەرعەوە وەردەگیرێت، جاری واهەیە بە یەقینی دەزاندرێ، وەجاری واهەیە بە گومانێکی بەهێز دەزاندرێ، وە جاری واهەیە دوو دڵی تێدا دەبێت، جا هەرکاتێک دوو دڵی ڕوویدا وەستان لە تەکفیر باشترە، وە دەست پێشخەری کردن لە تەکفیر بەسەر سروشتی ئەو کەسانەدا زاڵە کە جەهل بەسەریاندا زاڵە.

{بغية المرتاد في الرد على المتفلسفة و القرامطة و الباطنية : لا 345}

جا لەسەر ئەمە، ئەوانەی دەوەستن لە تەکفیرکردنی کافران چەند پلە و حاڵەتیان هەیە کە ئاشکرایی حوکمی شەرعی و ئاشکرایی حاڵی ئەو کەسەی کەوتۆتە ناو

کوفرەکەوە کاردەکاتە سەر ئەم پلە و حاڵەتانە، وە ووتەی زانایان هەیە کە بەڵگەیە لەسەر ئەمە:

شێخی نوێکەرەوەی دین محمد بن عبد الوهاب (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

ئەم طاغوتانەی کە خەڵکی شاری (الخرج) و شوێنانی تریش بڕوایان وایە تایبەت مەندی خوایەتیان تێدایە ناسراون لەلای زانا و خەڵکی عەوامیش، وە ئەمانە خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ طاغوتی و فرمان بە خەڵکی دەکەن بۆ ئەم کارە، جا ئەمانە هەموویان کافرن و هەڵگەڕاونەتەوە لە ئیسلام، وە هەرکەسێک موناقەشەیان لەسەر بکات (وەکو بەگریکردن لێیان) یان ئینکاری لەسەر ئەو کەسانە بکات کە تەکفیریان دەکەن، ئەوا کەمترین پلەی ئەم کەسە ئەوەیە کە فاسقە، وە شایەتی قبوڵ ناکرێت چ بە نوسین بێ چ بە دەم بێ، وە نوێژی لە پشت ناکرێت. {الدرر السنية : 52/10}

لە ووتەکەی بڕوانە (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) چۆن پلەی بۆ ئەو کەسانە دانا کە دەوەستن لە تەکفیرکردنی ئەم طاغوتانە کە کەمترین پلەی فاسق بوونە، ئەمەش تەئکید لەوە دەکاتەوە کە ئەوانەی دەوەستن لە تەکفیرکردنی موشریکان چەند پلەیەکیان هەیە کە بەهێزی بەڵگەی شەرعی و ئاشکرایی کوفرەکە یان شیرکەکە کاریگەری لەسەر پلەکان هەیە، بەبێ ڕەچاوکردنی توندی کوفرەکە یان شیرکەکە، جاری واهەیە شیرکێک لەوپەڕی توندی دایە بەڵام لە دەرکەوتن و ئاشکراییدا کزترە لە شیرکێک کە توندیەکەی کەمتریشە.

نموونەیەک لەسەر ئەمە:

شیرکی بت پەرستان و شیرکی جەهمیەکان، حوکمدان بە تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کە دەوەستێ لە تەکفیرکردنی بت پەرستان بەهێزترە وەک لەوە جەهمیەکان، چونکە شیرکی بت پەرستان زیاتر ئاشکرا و دیارترە لە جەهمیەت، کەچی شیرکی جەهمیەت توندترە لە هی گۆڕپەرستان.

عەللامە ابن القيم (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

کەسێکی موشریك کە دان دەنێت بە صیفاتەکانی پەروەردگار باشترە لە کەسێک کە ئینکاری و تەعطیلی صیفاتەکانی کەمالی الله تعالى دەکات، هەروەک چۆن کەسێک دان دانێت بە مولکی پاشایەک و ئینکاری مولکەکەی ناکات و ئینکاری ئەو صیفەتانە ناکات کە پاشا شایەنیەتی بەڵام لە هەندێک کاردا هاوبەشی بۆ پاشا داناوە تاکو لە

پاشای نزیک بکاتەوە، ئەم کەسە باشترە لەو کەسەی کە ئینکاری صیفەتەکانی پاشا دەکات و ئینکاری ئەو شتانە دەکات کە پێی بۆتە پاشا، ئەمەش شتێکی جێگیرە لە هەموو عەقڵ و فیطرەتێکدا، تانە دان لە صیفاتەکانی کەمالی الله و ئینکارکردنی لەکوێ، وە پەرستنی نێوەندێک (واسطة) لەنێوان پەرستراوی حەق و بەندەیەکی عیبادەتکار لەکوێ ؟ دەردی نەفیکردنی صیفاتەکان دەردێکی بێ چارەسە و دەرمانی نیە. {الداء والدواء : لا 144}

هەر ابن القیم (رَحِمَهُ اللَّهُ) دەڵێ:

شیرکی بت پەرستان و ڕۆژ و مانگ و هەسارە پەرستان زۆر چاکترە* لە تەوحیدی ئەمانە (جەهمیەکان) چونکە شیرکی ئەمانە لە بەندایەتیکردن دایە بەڵام دان بەوە دەنێت کە الله دروستکەری گەردوونە وە دان دەنێن بە صیفاتەکانی و کردەوەکانی و قودرەتی و ویستی و عیلمی بە تەواوی شتەکان و وردەکارییەکان، بەڵام تەوحیدی ئەمانە (جەهمیەکان) بریتیە لە نەفیکردنی ڕوبیەت و ئولوهیەت و هەموو صیفاتەکانی، وە ئەم جۆرە تەوحیدە گەورەترین جۆری شیرکی لێدەکەوێتەوە، هەر بۆیە کەسێک چەندە نەفیکردنەکەی گەورەتر بێ ئەوا شیرکەکەی گەورەتر دەبێ.
{مختصر الصواعق المرسلة : لا 186}

بەگوێرەی ئەو شتانەی پێشوو باسی پلەی وەستاوان دەکەین لە تەکفیرکردنی موشریکان یان کافران بەگوێرەی ئاشکرایی بەڵگە لەسەر کوفرەکانیان و ناوبانگی بەڵگەکان، وە بەگوێرەی حاڵی موشریکان یان کافران، لەمەشدا پشت بە ووتەی زانایان دەبەستین:

پلەی یەکەم: ئەوەی وەستاوە لە تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کە کوفرەکەی زانراوە بە زەڕوڕەت لە هەموو دینەکاندا، نموونە لەمانە:

1. ئەوەی وەستاوە لە تەکفیرکردنی ئیبلیس یان فیرعەون یان بانگەشەکەری خوایەتی بۆ خۆی یان بۆ غەیری خۆی.

2. ئەوەی وەستاوە لە تەکفیرکردنی بت پەرستان ئەگەرچی خۆشیان بدەنە پاڵ ئیسلام.

حوكمی كەسی وەستاو لە تەكفیركردن لەم پلەیەدا كافربوونە، هەركەسێک پەیامی اللە ی پێگەیشتبێت ئەوا عوزری نیە بە جەهل لە تەكفیرنەكردنی ئەمانە، چونكە كوفری ئەمانە زانراوە بە زەرورەت لە هەموو دینەكاندا.

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رحمه الله) دەربارەی تەكفیركردنی ئەو كەسەی كە فیرعەون تەكفیر ناكات دەڵێ: زەرورەتێكی زانراوە لە هەموو دینەكاندا دینی موسڵمانان و یەهود و نەصارا كە فیرعەون یەكێک بووە لە كافرترین بوونەوەرەكان بە اللە. {مجموع الفتاوى : 125/2}

هەر شێخی ئیسلام ابن تيمية (رحمه الله) دەربارەی تەكفیركردنی ئەو كەسەی كە بت پەرستی بە ڕاست دەزانێت دەڵێ: هەركەسێک بت پەرستان تەكفیر نەكات ئەوا لە یەهود و نەصارا كافرترە، چونكە یەهود و نەصارا تەكفیری بت پەرستان دەكەن. {مجموع الفتاوى : 128/2}

ابن الوزير الصنعاني (رحمه الله) دەڵێ:

هیچ گومان لەوە دانیە كە هەركەسێک گومانی هەبێت لە كافربوونی بت پەرستان ئەوا واجبە تەكفیر بكرێت، وە واجبە تەكفیری ئەو كەسەش بكرێت كە تەكفیری بت پەرستان ناكات، هۆكاری ئەم تەكفیركردنەش تەنها ئەوەیە كە كوفری بت پەرست شتێكی مەعلومە لە دیندا بە زەرورى. {الروض الباسم : 509/2}

شێخی نوێكەرەوەی دین محمد بن عبد الوهاب (رحمه الله) دەڵێ:

كەسێكی ڕافیزی ئەگەر باوەڕی وابوو "علي يان حسين" وەكو اللە شتیان پێ دەكرێ ئەوا ئەو كەسە كافرە بە ئیجماع، وە كەسێكی سوننی گەر گومانی هەبێت لە كافربوونی ئەم ڕافیزەیە ئەوا ئەویش كافرە. {الدرر السنية : 129/10} بە دەستكاریيەوە

الملا علي القاري (رحمه الله) دەربارەی "دەجال" دەڵێ:

هەركەسێک گومانی هەبێت لە كافری و درۆزنی دەجال، ئەوا كافر دەبێت.

{مرقاة المفاتيح : 3470/8}

وە بە صەحیحی بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی كە هیچ كەسێک عوزری نیە لە وەستان لە تەكفیركردنی "دەجال" لە (الصحيحين)دا هاتووە لە "أنس"ەوە (رضي الله عنه) پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (الدجال ممسوح العين، مكتوب بين عينيه كافر، ثم تهجاها: كَ فَ رَ، يقرؤه كل مسلم). {متفق عليه} البخاري : ژ 7131 ، مسلم : ژ 7473

(وەرگێڕ: واتا دەججال چاوێکی سڕاوەتەوە، لەنێوان هەردوو چاویدا نوسراوە کافر. پاشان خوێندیەوە بەم شێوەیە: ك ف ر. هەموو موسڵمانێک دەتوانێت بیخوێنێتەوە).

أبو العباس القرطبي (رَحِمَهُ اللهُ) دەربارەی فەرموودەکە دەڵێ:

ئەمەش شتێکە بە بینراوی هەستی پێدەکرێ، شایەتە بۆ درۆزنی و کافری جەججال.

{المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم : 106/23}

النووي (رَحِمَهُ اللهُ) دەربارەی فەرموودەکە دەڵێ:

ئەوەی ڕاستە و زانایانی لیکۆڵەر لەسەرینە ئەم نوسینە شتێکی ڕاستەقینە و نوسینی تەواوە، الله کردویەتی بە بەڵگەیەک و نیشانەیەک لەو کۆمەڵە نیشانانەی کە کافری و درۆزنی و باطلی دەججالی تێدا بڕاوتەوە، وە الله تعالی ئەم نوسینە نیشانی هەموو موسڵمانێک دەدات چ نوسین بزانێت یان نەزانێت، وە دەیشارێتەوە لەو کەسانەی کە دەیەوێ چارەنوس خراپ بن و توشی فیتنە بن. {شرح صحيح مسلم : 60/18}

***

پلەی دووەم: ئەوەی وەستاوە لە تەکفیرکردنی ئەوانەی کە کوفرەکانیان زانراوە بە زەرورەت لە دینی موسڵمانان بە تایبەتی، هەروەک ئەوەی دەوەستێ لە تەکفیرکردنی یەهود و نەصارا یان هەرکەسێک کە وازی هێنابێت لە دینی ئیسلام.

حوکمی کەسی وەستاو لە تەکفیرکردن لەم پلەیەدا کافربوونە. هەرکەسێک پەیامی الله ی پێگەیشتبێت ئەوا عوزری نیە بە جەهل لە تەکفیرنەکردنی ئەمانە.

القاضي عياض (رَحِمَهُ اللهُ) دەڵێ:

ئەو کەسە تەکفیر دەکەین کە ئەوانە تەکفیر ناکات کە لەسەر دینێکن غەیری دینی موسڵمانان، یان بوەستێ لە تەکفیر کردنیان یان گومانی هەبێ لە تەکفیر کردنیان یان بیروباوەڕیان بەڕاست دابنێت. {الشفا بتعريف حقوق المصطفى : 286/2}

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ اللهُ) دەڵێ:

هەرکەسێک دوای ناردنی پێغەمبەر (ﷺ) ماناوە لەسەر دینی یەهود و نەصارای پێ حەڕام نەبێت، بەڵکو هەرکەسێک تەکفیریان نەکات و ڕقی لێیان نەبێت ئەوا ئەو کەسە موسڵمان نیە بە یەکدەنگی موسڵمانان. {مجموع الفتاوى : 464/27}

***

پلەی سێیەم: ئەوەی وەستاوە لە تەکفیرکردنی ئەو کەسەی خۆی داوەتە پاڵ ئیسلام وە کەوتۆتە ناو شیرکێک یان کوفرێک کە ئیجماع هەیە لەسەر کافربوونی ئەو کەسەی کە تێیدەکەوێ، ئەمانەش چەند پلەیەکیان هەیە.

1. کەسی وەستاو تەئویلی نەبێت، ئەمەش چەند حاڵەتێکی هەیە:

یەکەم: حاڵی کافرەکان دیاربێت و حوکمی شەرعیش دەربارەیان دیاربێت، لەم حاڵەتەدا کەسی وەستاو لە سەرەتاوە تەکفیر دەکرێت.

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ ٱللَّٰهُ) دەربارەی "الدروز" دەڵێ:

موسڵمانان خیلافیان نیە لە کوفری ئەمانە، بەڵکو هەرکەسێک گومانی هەبێت لە کافربوونی ئەمانە ئەوا وەکو ئەوان کافرە. **{مجموع الفتاوى : 162/35}**

دووەم: حاڵی کافرەکان دیارنەبێت و حوکمی شەرعی دەربارەیان دیاربێت، لەم حاڵەتەدا کەسی وەستاو تەکفیر ناکرێت ئیللا دوای ڕوونکردنەوەی حاڵی کافرەکان بۆی.

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ ٱللَّٰهُ) دەربارەی کۆمەڵێکی "باطني" دەڵێ:

هەرکەسێک گومانی باشیان پێ ببات و بڵێ **من ئاگاداری حاڵیان نیم**، ئەوا حاڵی ئەوانی بۆ ڕوون دەکرێتەوە، جا گەر خۆی لێیان جیانەکردەوە و ئینکاری خۆی دەرنەخست بۆیان ئەوا دەچێتە ناو ئەوان و بە یەکێک لەوان دادەنرێت. **{مجموع الفتاوى : 132/2}**

سێیەم: حاڵی کافرەکان دیاربێت و حوکمی شەرعی دەربارەیان شاراوە بێت، لەم حاڵەتەدا کەسی وەستاو تەکفیر ناکرێت، ئیللا دوای ڕوونکردنەوەی حوکمی شەرعی بۆی دەربارەی ئەم کافرانە.

الإمام أبو حاتم الرازي (رَحِمَهُ ٱللَّٰهُ) دەربارەی ئەو کەسەی کە دەڵێ قورئان مەخلوقە دەڵێ: هەرکەسێک لەوانەی **تێدەگات و جاهیل نیە** گومانی هەبێت لە کافربوونی ئەوا کافر دەبێت، وە هەرکەسێک جاهیل بێت فێر دەکرێت، جا گەر ملکەچ حەق بوو تەکفیری کرد باشە، ئەگینا خۆی کافر دەبێت. **{طبقات الحنابلة : 286/1}**

شێخ سليمان بن عبد الله (رَحِمَهُ اللَّهُ) دەربارەی هەندێک مورتەدی زەمانەکەی دەڵێ: گەرکەسێک گومانی هەبێت لە کافربوونیان یان ئاگاداری کوفرەکەیان نەبێت، **بەڵگەی بۆ ڕوون دەکرێتەوە لەسەر کافربوونیان** بەگوێرەی کتێبی اللە و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، جا دوای ئەمە گەر گومانی هەبوو یان دوو دڵ بوو لە تەکفیرکردنیان ئەوا ئەو کەسە کافرە بە ئیجماعی زانایان لەسەر ئەوەی هەرکەسێک گومانی هەبێت لە کافربوونی کافرێک ئەوا کافرە. {الدرر السنية : 160/8}

شێخ محمد بن عبد اللطيف آل الشيخ (رَحِمَهُ اللَّهُ) دەڵێ:

هەرکەسێک هەندێک شوێن تایبەت بکات بە عیبادەت، یان بڕوای وابێت هەرکەسێک لەم شوێنانە بوەستێ ئەوا فەریزەی حەجی لەسەر لادەچێت، ئەوا کوفری ئەم کەسە گومانی تێدانیە لای کەسێک کە بۆنی ئیسلامی کردبێت، وە هەرکەسێک گومانی هەبێت لە کافربوونی، ئەوا بێگومان **دەبێت ئیقامەی حوججەی لەسەر بکرێت**، وە بۆی ڕوون بکرێتەوە کە ئەمە کوفر و شیرکە، وە پێدانی تایبەت مەندی بەم دارانە چواندنیەتی بە شەعائیرەکانی اللە، کە اللە وەستان لای ئەم شتانەی وەکو بەندایەتیکردن بۆ خۆی داناوە، جا ئەگەر ئیقامەی حوججەی لەسەر کرا و هەر سوربوو لەسەر گومانەکەی، ئەوا گومان نیە لە کافربوونی. {الدرر السنية : 443/10}

چوارەم: حاڵی کافرەکان شاراوە بێت و حوکمی شەرعیش دەربارەیان شاراوە بێت، لەم حاڵەتەدا کەسی وەستاو تەکفیر ناکرێت ئیللا دوای ڕوونکردنەوەی حاڵی کافرەکان و حوکمی شەرعی دەربارەیان.

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ اللَّهُ) دەربارەی "الحلولية" دەڵێ:

هەرکەسێک گومانی هەبێت لە کافربوونی ئەمانە **دوای زانینی بیروباوڕیان و ناسینی دینی ئیسلام** ئەوا ئەو کەسە کافرە، هەروەک ئەو کەسەی گومانی هەیە لە کافربوونی یەهود و نەصارا و موشریکان. {مجموع الفتاوى : 368/2}

2. کەسی وەستاو عەقیدەی فاسد بێت و تەئویل بکات:

زۆری و کەمی ئاشکرایی کوفری کەسێکی دیاریکراو یان کۆمەڵەیەک کاریگەری هەیە لە حوکمدان لەسەر کەسە وەستاوەکە. لە حاڵەتێک کوفرەکە زۆر ئاشکرا بێت ئەوا کەسی وەستاو بە کافرێکی عیناد دادەنرێت دەیەوێت بە تەئویلەکەی خۆی

بپارێزێت لە تەکفیرکردن، وە لە حاڵەتانی نزمترلەمە خیلاف هەیە لەنێوان فاسق بوون و کافربوونی کەسی وەستاو.

شێخی ئیسلام ابن تیمية (رحمه الله) دەربارەی کۆمەڵێکی "باطني" دەڵێ:

هەرکەسێک بڵێ (تەئویلی ئەوان موافیقی شەریعەتە)، ئەوا ئەو کەسە لە سەرکردە و پێشەوایانی ئەوانە، جا ئەو کەسە گەر زیرەک بێت ئەوا دەزانێت قسەکەی خۆی درۆیە، وە گەر بە رووکەشی و پەنهانی ئەمە بیروباوەڕی بێت ئەوا لە نەصاراش کافرترە، جا هەرکەسێک ئەمانە تەکفیر نەکات و تەئویل بۆ ووتەکانیان بهێنێتەوە، ئەوا بێگومان نەصارا هەر تەکفیر ناکات کە دەڵێن سێ خوا هەیە و یەکیان گرتووە.

{مجموع الفتاوى : 133/2}

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە هیچ ئیعتیباری بۆ تەئویلی کەسی وەستاو دانەنا دەربارەی ئەم کۆمەڵەیە.

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رحمه الله) دەڵێ:

لە ئیمام ئەحمەدەوە دوو ڕیوایەت هەیە دەربارەی کافربوون و کافرنەبوونی ئەو کەسەی کە تەکفیری ئەهلی بیدعەکان ناکات، ڕاستەکەیان ئەوەیە کافر نابێت.

{مجموع الفتاوى : 486/12}

(وەرگێڕ: دوای گەڕانەوە بۆ کتێبەکە دەرکەوت مەبەستی ابن تيمية لە ئەهلی بیدعە قەدەرییە و خەواریج و جەهمیە و هەندێک ڕەوافیزە کە ڕەفزەکەیان زۆر نیە، نەوەک هەموو بیدعەیەک).

الإمام البخاري (رحمه الله) دەڵێ:

سەیری ووتەی یەهود و نەصارا و مەجوسم کرد، نەم بینی هیچیان لە کوفرەکانیاندا لە جەهمیەکان گومڕاتر بن، وە من ئەو کەسە بە جاهیل دادەنێم کە تەکفیری جەهمیەکان ناکات، مەگەر کەسێک کوفری جەهمیەکان نەزانێت.

{خلق أفعال العباد : ب 2/ لا 24/ ژ 34}

المرداوي (رحمه الله) دەڵێ:

ابن حامد لە کتێبەکەیدا (شرح أصول الدين) باسی کافربوونی خەواریج و ڕافیزە و قەدەرییە و مورجیئەی کردووە، وە ووتویەتی: (هەرکەسێک ئەوانە کافر نەکات کە بە کافرمان داناون ئەوا فاسق دەبێت و هەجر دەکرێت، وە دەربارەی کافربوونیشی دوو

ووته هەیە)، ئەووەی ابن حامد و جگە لەویش باسیان کرد لەوانەی لە "المروذي و أبو طالب و یعقوب" و جگە لەوانیش دەگێڕنەوە کە ئیمام ئەحمەد ووتویەتی: (کافر نابێت)،..... وە دەربارەی ئینکارکردنی موعتەزیلە بۆ هێنانە دەرەوە و گەڕاندنەوەی دڵی پێغەمبەر(ﷺ) لە شەوی ئیسراڕدا سەبارەت بە کافربوونیان دوو ووتە هەیە بەگوێرەی ئەصلەکەیان کە قەدەرییە ئایا ئینکاری عیلمی الله دەکەن و نەفی صیفەتی عیلم دەکەن بۆ الله یان نا، وە دەربارەی ئەو کەسەش کە دەڵێ: ئەو کەسە تەکفیر ناکەم کە جەهمیەکان تەکفیر ناکات سەبارەت بەویش دوو ووتە هەیە.

{الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف : 324/10} بە دەستکارییەکی کەم

شێخی ئیسلام ابن تیمیة (رَحِمَهُ اللَّهُ) دەڵێ:

سەلەف و پێشەوایان خیلافیان نەبووە لە تەکفیرنەکردنی موڕجیئە و ئەو شیعانەی کە "عەلی" لە هەموو هاوەڵان بە باشتر دەزانن بەبێ تانەدان لە هاوەڵان وە هاوشێوەکانیان، وە خیلاف نیە لە ووتەکانی ئەحمەد کە ئەو تەکفیری ئەمانە ناکات، گەرچی هەندێک لە هاوەڵانی ئەوە دەگێڕنەوە کە ئەو تەکفیری هەموو ئەهلی بیدعەی کردووە ئەمانە و جگە لەمانەش، ئەمەش جێگای خیلافە لەسەر ئیمام ئەحمەد یان لە مەزهەبەکەی، تەنانەت هەندێکیان بە ڕەهایی دەڵێن ئەمانە و جگە لە مانەش تاهەتایە لە دۆزەخ دەمێننەوە، ئەمەش هەڵەیە بەرامبەر مەزهەبی ئەحمەد، وە هەڵەیە بەرامبەر شەریعەت. {مجموع الفتاوى : 3/351}

شێخی ئیسلام ابن تیمیة (رَحِمَهُ اللَّهُ) وەڵامی ئەم ووتەیەی "القاضي أبو يعلى الفراء" دەداتەوە کە ووتویەتی ئەوەی جنێو بە الله و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بدات کافر دەبێت بەهۆی بە حەڵاڵ زانینی ئەم کارەی، جا ابن تیمیة دەڵێ:

پێویستە بزانرێ ووتنی ئەوەی: کەسی جنێودەر کافر دەبێت بەهۆی بە حەڵاڵ زانینی جنێوەکەی، هەڵەیەکی گەورەیە ڕەحمەتی الله لە "القاضي أبا يعلى" لە چەندەها شوێنی تر بە پێچەوانەی ئەمەی ئێرە باسی کردووە، وە ئەوانەی کەوتونەتە ناو ئەم دۆڵەوە بەهۆی ئەوە بووە کە چەند ووتەیەکیان وەرگرتووە لە (متأخري المتكلمين) کە ئەوانیش جەهمیەکی مێینەن کە هەمان مەزهەبی جەهمیەی سەرەتایان هەیە دەربارەی ئیمان کە بریتیە لە باوەڕبوونی دڵ بە تەنها بەبێ ووتەی زمان و کرداری دڵ و ئەندامەکان. {الصارم المسلول على شاتم الرسول : لا 515}

ئەوەی تێبینی دەکرێت لێرەدا ئەوەیە کە شێخی ئیسلام ابن تيمية (رحمه الله) ئیعتیباری بۆ تەئویل داناوە لەم ووتەیەدا، چونکە "القاضي أبو يعلى"ی تەکفیر نەکرد بەڵکو ڕەحمەتی بۆ نارد.

3. کەسی وەستاو عەقیدەی صەحیح بێت و تەئویل بکات:

هەروەک هاتووە لە هەڵەی هەندێک هاوەڵان (رضي الله عنهم) دەربارەی تەکفیرکردنی هەندێک لە مورتەدان، الله هەڵەی ئەوانەی ڕوونکردەوە کە وەستاون لە تەکفیرکردنیان بەڵام حوکمی کافری بەسەردا نەدان.

هەروەک لە بابەتی پێشوودا باسکرا بە صەحیحی ئەثەر هاتووە لە "ابن عباس"ەوە (رضي الله عنه) دەربارەی ووتەی الله تعالى: ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُولَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَصِيرًا﴾ [النساء : 97].

وە بە صەحیحی هاتووە لە هاوەڵاندا (رضي الله عنهم) کە خیلافیان هەبووە لە تەکفیرکردنی هەندێک لە مورتەدان، جا کاتێک الله تعالى کوفری ئەوانی ڕوونکردەوە فرمانی بەو هاوەڵانە نەکرد کە وەستابوون لە تەکفیرکردن دووبارە ئیمانیان نوێ بکەنەوە، ئەمە لەکاتێکدا الله سبحانه سەرزەنشتی کەسە وەستاوەکانی کرد، الله تعالى فەرموویەتی: ﴿ فَمَا لَكُمْ فِي الْمُنَافِقِينَ فِئَتَيْنِ وَاللَّهُ أَرْكَسَهُم بِمَا كَسَبُوا أَتُرِيدُونَ أَن تَهْدُوا مَنْ أَضَلَّ اللَّهُ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُ سَبِيلاً﴾ [النساء : 88].

(وەرگێڕ: واتا ئەمە چیتانە ئەی هاوەڵان بوونەتە دوو کۆمەڵە دەربارەی ئەم مونافیقانە، الله ئەمانەی گەڕاندەوە بۆ کوفر بەهۆی دەرئەنجامی کارەکانیان، ئایا دەتانەوێ بەو کەسە بڵێن لەسەر هیدایەتە لەکاتێکدا الله گومڕای کردووە، هەرکەسێک الله گومڕای بکات ناتوانن هیچ ڕێگایەکی هیدایەتی بۆ بدۆزنەوە).

وە بە صەحیحی هاتووە دەربارەی هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بەرەو ئوحد هەندێک لە خەڵکی گەڕانەوە لەوانەی کە لەگەڵی دەرچوو بوون، جا هاوەڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەربارەیان بوون بە دوو کۆمەڵ، هەندێکیان ووتیان: دەیانکوژین، هەندێکیان ووتیان: نا.

{متفق عليه} البخاري : ژ 1399 ، مسلم : ژ 781

وه به صەحیحی هاتووه له مجاهد (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) که دەڵێ:

کەسانێک له مەککه دەرچوون بەرەو مەدینه هاتن وایاندەزانی که کۆچبەرن، پاشان لەدوای ئەمه هەڵگەڕانەوه و داوای مۆڵەتیان له پێغەمبەر (ﷺ) کرد که ڕێگەیان بدات بگەڕێنەوه مەککه شتومەکەکانیان بهێنن تاوەکو بازرگانی پێ بکەن، جا ئیمانداران خیلافیان تێکەوت دەربارەیان، یەکێک دەیووت: ئەوانه موونافیقن، وه یەکێک دەیووت: ئەوانه ئیماندارن، جا الله نیفاقی ئەوانی ڕوونکردەوه و فرمانی کرد به جەنگان له دژیان. {رواه الطبري في تفسيره - بسند صحيح} ب 8/ لا 9/ ژ 10052

وه ڕیوایەت کراوه له "عبد الرحمن بن عوف و ابن عباس" (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا) بەم مانایەوه، وه نزیک لەم مانایه به مورسەلێکی صەحیح هاتووه له هەندێک له تابعینەوه که ئەوانیش بریتین له: عکرمة و السدي و قتادة و محمد بن كعب القرظي (رَحِمَهُمُ ٱللَّهُ).

{ڕیوایەتەکانی عبد الرحمن بن عوف و ابن عباس زەعیفن}

مسند الإمام أحمد : ژ 1667 ، تفسير الطبري : ژ 10054

{ڕیوایەتەکانی ئەم چوار تابعیه صەحیح و حەسەنن}

تفسير ابن أبي حاتم : ژماره 5743 ، تفسير الطبري : ژ 10058 - 10055

تفسير القرآن من جامع ابن وهب : ژ 149

(وەرگێڕ: مرسل "مورسەل" واتا تابعی فەرموودەکه دەگێڕێتەوه له پێغەمبەر (ﷺ) بەبێ ئەوەی هاوەڵ هەبێت لەنێوانیان).

الإمام الطبري (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەربارەی تەفسیری ئەم ئایەته ﴿فَمَا لَكُمْ فِي الْمُنَافِقِينَ فِئَتَيْنِ وَاللَّهُ أَرْكَسَهُم بِمَا كَسَبُوا﴾ دەڵێ:

واتا الله ئەوانی گەڕاندەوه بۆ حوکمەکانی موشریك له حەلاڵی خوێنیان و به کەنیزه گرتنی منداڵەکانیان. {تفسير الطبري : 7/8}

وه ئیمامی الطبري تەرجیحی ئەوەی کردووه که ئەم ئایەته دەربارەی کەسانێک دابەزیوه که هەڵگەڕاونەتەوه له ئیسلام، دوای باسکردنی ووتەی زانایانی سەلەف دەربارەی هۆکاری دابەزینی ئایەتەکه دەڵێ:

وه نزیکترین ووته له پێکان (صواب) لەم ووتانه، ووتەی ئەو کەسەیه که دەڵێ: ئەم ئایەته دابەزی بەهۆی خیلافی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی کەسانێک له خەڵکی مەککه که هەڵگەڕانەوه له ئیسلام دوای موسڵمان بوونیان. {تفسير الطبري : 13/8}

ابن أبي زمنين (رَحِمَهُ اللَّهُ) دەربارەی ئایەتەکە دەڵێ:

ئەوان کەسانێک بوون لە مونافیقەکان دانیشتووی مەدینە بوون دەرچوون بەرەو مەککە پاشان لە مەککە دەرچوون بەرەو یەمامە بە بازرگانی جا هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام و ئەو شیرکەی لە دڵیاندا بوو دەریان خست، جا موسڵمانان پێیان گەیشتن و بوون بە دوو کۆمەڵە دەربارەیان، هەندێکیان ووتیان: خوێنیان حەڵاڵ بووە ئەوانە موشریکی هەڵگەڕاوەن، وە هەندێکیان ووتیان: خوێنیان حەڵاڵ نەبووە ئەوانە کەسانێک بوون فیتنە بەرەو ڕوویان هات، جا الله فەرمووی: ﴿ **فَمَا لَكُمْ فِي الْمُنَافِقِينَ فِئَتَيْنِ** ﴾. {ابن أبي زمنين : تفسير القرآن العزيز} 393/1

وە کۆمەڵێک لە زانایان تەڕجیحی ئەوەیان کردووە کە "عمر بن الخطاب" (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) وەستا لە تەکفیرکردنی زەکات نەدەران لە سەرەتادا، جا کاتێک "أبو بكر" (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) کوفری ئەوانی بۆ ڕوونکردەوە، عمر بووە هاوڕای أبو بكر، وە أبو بكر استتابەی عمری نەکرد بەهۆی وەستانی لە تەکفیرکردنی ئەوان.

وە بە صەحیحی هاتووە لە "عمر" (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) کە دەربارەی زەکات نەدەرە موڕتەدەکان بە "أبو بكر" (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) ووتوە: چۆن شەڕ لەگەڵ خەڵکی دەکەیت لەکاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (فرمانم پێکراوە شەڕ لەگەڵ خەڵکی بکەم تاوەکو دەڵێن "لا إله إلا الله" جا هەرکەسێک بیڵێت ئەوا ماڵ و گیانی لە دەستم پارێزراو دەبێت تەنها بە حەقی خۆی نەبێت وە حیسابیشی لەسەر الله یە).

{متفق عليه} البخاري : ژ 1884 ، مسلم : ژ 7132

(وەرگێڕ: "تەنها بە حەقی خۆی" واتا زەکاتدان، وە کوشتنی لەکاتی کوشتنی موسڵمانێک بە ئەنقەست یان ڕەجم کردنی پیاو و ژن کە پێشتر زەواجیان کردبێت).

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ اللَّهُ) دەربارەی ئەوانەی کە وادادەنێن تەتار (مەغۆلەکان) کۆمەڵێکی دەست درێژکەری خاوەن تەئویلن دەڵێ:

هەرکەسێک وادابنێت ئەوان شەڕیان لەگەڵ دەکرێت هەروەک چۆن کۆمەڵێکی دەست درێژکەری خاوەن تەئویل شەڕیان لەگەڵ دەکرێت، ئەوا هەڵەی کردووە هەڵەیەکی ناشرین، وە گومڕا بووە گومڕاییەکی دور. {مجموع الفتاوى : 541/28}

وە حوکمدان لەم حاڵەتەدا ئەوەیە: کەسی وەستاو تەکفیر ناکرێت، وە لە سەرەتاوە تەبدیع ناکرێت، بەڵکو حوکمی لەسەر دەدرێت بەوەی کە هەڵەیە، وە ئەم

حوكمەش لەسەر ئەو بنیات نراوە کە تەکفیرکردن حوکمێکی شەڕعیە، وە حوکمی کەسی موجتەهید کە هەڵە دەکات تیایدا وەکو حوکمی بابەتە شەڕعیەکانی ترە، بەڵام گەر بەڵگەی بۆ ڕوونکرایەوە و تەئویلی نەما پاش ئەمە هەر بوەستێ لە تەکفیرکردن ئەوا حوکمی کافری بەسەردا دەدرێت.

شێخی ئیسلام ابن تیمیة (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

باوەڕبوون بە واجب بوونی واجبە ئاشکرایە موتەواتیرەکان، وە حەڕام بوونی حەڕامە ئاشکرایە موتەواتیرەکان لە گەورەترین ئەصڵەکانی ئیمان و بنچینەکانی دینە، وە ئەوەی ئینکاری بکات کافرە بە یەکدەنگی، وە کەسی موجتەهید لە هەندێکی دا کافر نیە بە یەکدەنگی، بەڵام هەڵەیە. {مجموع الفتاوى : 12/496}

شێخ سليمان بن سحمان (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

گەر وادانرا یەکێک لە زانایان وەستا لە تەکفیرکردنی کەسێک لەو جاهیلانەی کە تەقلیدکەرەوەی جەهمیەکانن یان ئەو جاهیلانەی کە تەقلیدکەرەوەی گۆڕپەرستانن، ئەوا دەتوانرێ عوزری بۆ بهێنینەوە بەوەی کە هەڵەیە و عوزری هەیە، وە ناڵێی کافرە بەهۆی مەعصوم نەبوونی لە هەڵە، وە ئیجماعی قەطعیش لەم بابەتەدا هەیە.
{كشف الأوهام والإلتباس : لا 70}

***

پلەی چوارەم: ئەوەی وەستاوە لە تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کە کەوتۆتە ناو جۆرێک لە شیرك یان کوفر کە خیلاف هەیە لەسەر ئەوەی لە دین دەرچووە یان نا، وەکو وازهێنان لە نوێژ یان ئەنجام نەدانی دروشمێک لە دروشمە ئاشکرایە موتەواتیرەکانی ئیسلام، ئەمەش دوو حاڵەتی هەیە:

حاڵەتی یەکەم: کەسی وەستاو لە تەکفیرکردن عەقیدەی فاسدە، جا حوکمی لەسەر دەدرێت بەوەی بیدعەچیەکی مورجیئەیە، وە تەکفیر ناکرێت.

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رحمه الله) دەربارەی ئەو کەسەی کە ووتویەتی "نوێژنەکەر دەکوژرێ بەڵام هەر موسڵمانە" دەڵێ:

ئەم بابەتە پێویستی بە لێی ووردبوونەوەیە، هەرکەسێک پەیوەست بوونی ڕووکەش و ناخ بەیەکەوە بزانێت ئەوا گومانی بۆ لادەچێت لەم بابەتەدا، وە دەزانێت کە ئەوانەی لە فەقیهەکان ووتویانە: هەرکەسێک دان بە واجب بوونی نوێژ دابنێت بەڵام ئەنجامی نەدات ناکوژرێت، یان دەکوژرێت بەڵام هەر موسڵمانە، ئەوا هەمان ئەو گومانە چۆتە مێشکیانەوە کە چۆتە ناو مێشکی مورجیئە و جەهمیە، وە چۆتە ناو مێشکی ئەوانەش کە دەڵێن لەگەڵ هەبوونی ویستێکی پتەو و هێزێکی تەواو هیچ کارێک ڕوونادات*، هەر بۆیە ئەو فەقیهانەی ڕێگرن لە کوشتنی نوێژنەکەر ئەم حوکمەیان لەسەر بابەتی ئیمان بنیات ناوە کە ئەویش ئەوەیە کردەوەکان لە ئیمان نین. {مجموع الفتاوى : 616/7}

***(وەرگێڕ: ابن تيمية (رحمه الله) لێرەدا سەرەڕای بەڵگە شەرعیەکان بەڵگەیەکی عەقڵی دەهێنێتەوە لەسەر کافربوونی نوێژنەکەر کە عەقڵی هیچ مرۆڤێکی ژیر ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات ئەویش ئەمەیە: هەر کارێک کە مرۆڤ ویستێکی پتەوی لەسەر هەبوو کە ئەنجامی بدات، وە توانایەکی تەواوی هەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەوا بێگومان دەبێت ئەم کارە ئەنجام بدات، گەر ئەنجامی نەدا مانای وایە کەسەکە ویستی نەبووە بۆ ئەنجامدانی کارەکە یان توانای نەبووە بۆ ئەنجامدانی، نوێژیش بە هەمان شێوە ئەوەی ئەنجامی نادات ویستی نیە ئەنجامی بدات چونکە هەموو کەسێک توانای ئەنجامدانی نوێژی هەیە تەنانەت بە پاڵکەوتن و ئاماژەش ئەنجام دەدرێت، جا کە ویستی نەبوو ئەنجامی بدات ئەوا کافرە، ئەم ووتەیە سودی نادات کە دەڵێ: حەزم لێیە ئەنجامی بدەم بەڵام تەمبەڵم، وە سەیر لەوە دایە هەندێک لە فەقیهەکان دەڵێن: گەر ویستێکی پتەو و توانایەکی تەواو هەموو مەرج نیە هیچ کارێک ڕووبدات !!!).**

ابن القيم (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

سەیرە گومان دروست ببێت لە کافربوونی ئەو کەسەی کە سوورە لەسەر وازهێنان لە نوێژ، وە لە پێش چاوی خەڵک داوای لێ بکرێت نوێژبکات و شمشێر لەسەر سەری بێت و ببەسترێتە بۆ کوشتن وە چاوەکانی ببەسترێ و پێی بووترێ: نوێژدەکەی یان بتکوژین ؟ ئەویش بڵێ: بمکوژن هەرگیز نوێژ ناکەم، وە ئەو کەسەی تەکفیری نوێژنەکەر ناکات دەڵێ: کەسی نوێژنەکەر ئیماندار و موسڵمانە تەرمەکەی دەشۆردرێ و نوێژیشی لەسەر دەکرێت و لە گۆڕستانی موسڵمانان بە دەشاردرێتەوە ! وە هەندێک دەڵێن: نوێژنەکەر ئیمانداره خاوەن ئیمانێکی تەواوە وەکو ئیمانی جبریل و میکائیل ! جا خاوەنی ئەم ووتەیە شەرم ناکات لەوەی کە ئینکاری لە تەکفیرکردنی کەسێک دەکات کە قورئان و سوننەت و ئیجماعی هاوەڵان شایەتی کافربوونی دەدەن ؟ والله الموفق.

{الصلاة وحكم تاركها : لا 82}

حاڵەتی دووەم: کەسی وەستاو لە تەکفیرکردن عەقیدەی صەحیحە، جا حوکمی لەسەر دەدرێت بەوەی کە هەڵەی کردووە هیچی تر نا.

نموونەش لەسەر ئەمە: هەریەک لە ئیمام الزهري و الشافعي (رَحِمَهُمَا ٱللَّهُ) خاوەنی عەقیدەیەکی صەحیحن لە پێناسەی ئیماندا، لەگەڵ ئەمەشدا کەچی ڕیوایەت کراوە لە (الزهري) کە ووتویەتی: نوێژنەکەر تەکفیر ناکرێت، وە ئیمام (الشافعي) دەڵێ: ئەو کەسەی زەکات نادات و شەڕی لەسەر دەکات بەڵام دان بە واجب بوونی دادەنێت ئەوا مورتەد نیە.

لە "ابن شهاب الزهري" ڕیوایەت کراوە کە پرسیاری لێکراوە دەربارەی کەسێک کە واز لە نوێژ دەهێنێت ؟ ئەویش دەڵێ:

گەر لەبەر ئەمە وازی لە نوێژ هێناوە چونکە دینێکی تری داناوە جگە لە دینی ئیسلام ئەوا دەکوژرێت، وە ئەگەر وانەبێت ئەوا فاسقە لێدانێکی توند و بە ئازاری لێدەدرێت و بەند دەکرێت. {رواه المروزي في تعظيم قدر الصلاة : ب 2/ لا 957/ ژ 1035}

وە الإمام الشافعي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

هەڵگەڕاوەکان لەدوای پێغەمبەر (ﷺ) دوو جۆرن: کەسانێک دوای ئیسلام لەخۆبایی بوون وەکو: طليحة و مسيلمة و العنسي و هاوەڵانیان، وە کەسانێک دەستیان گرت بە ئیسلام بەڵام زەکاتیان نەدا، وە ئەگەر کەسک بڵێت بەڵگە لەسەر ئەمە چیە

لەکاتێکدا زۆرینەی خەڵکی بە مورتەد (هەڵگەڕاوە) ناویان دەبەن ؟ ئیمام الشافعي دەڵێ: ئەمە زمانی عەرەبیە، هەڵگەڕانەوە بریتیە لە هەڵگەڕانەوە بە کوفر لەو شتەی کە لەسەری بوونە، وە هەڵگەڕانەوە بە نەدانی ئەو حەقەی لەسەریانە، وە هەرکەسێک هەڵگەڕێتەوە لەسەر شتێک دروستە بووترێ هەڵگەڕایەوە لەم شتە.

{الشافعي : الأم} 227/4

(وەرگێڕ: مەبەستی "ئیمام الشافعي" ئەوەیە ووشەی هەڵگەڕانەوە بە مانای هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام بەکاردێت، وە بە مانای تریش بەکاردێت).

لەگەڵ ئەمەشدا هیچ یەکێک لە ئیمام (الزهري و الشافعي) بە بیدعەچی ناونەبران، چونکە هەردووکیان فتواکانیان لەم دوو بابەتەدا لەسەر ئەوە بنیات نەناوە کە کردەوە لە ئیمان نیە، بەڵکو دانیان بەوە ناوە کە کردەوە لە ئیمانە.

الإمام الزهري (رحمه الله) **دەربارەی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی:** (الله ئاگری دۆزەخی لەسەر ئەو کەسە حەرام کردووە کە دەڵێ: لا إله إلا الله، مەبەستی ڕەزامەندی الله یە لەم ووتەیەدا) **دەڵێ:**

دوای ئەمە واجبەکان و هەندێک شتی تر دابەزین ئیمان بەمانەوە دادەمەزرێت، جا هەرکەسێک دەتوانێت هەڵنەخەڵەتێ با هەڵنەخەڵەتی. {صحيح مسلم : ژ 1442}

الزهري (رحمه الله) **دەڵێ:**

"عبد الملك بن مروان" پێی ووتم ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی: (هەرکەسێک بمرێت و هیچ هاوبەشێکی بۆ الله دانەنابێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە، ئەگەرچی زینا و دزیشی کردبێت) چۆن لێی تێدەگەی ؟ ووتم: تۆ چۆنی لێ تێدەگەی ئەی ئەمیری ئیمانداران ؟ ئەم فەرموودەیە پێش نەهیەکان و واجبەکان ووتراوە.

{رواه الآجري في الشريعة : ب 2/ لا 687/ ژ 305}

لە "معقل بن عبيد الله العبسي"ەوە دەڵێ:

گەیشتم بە "الزهري" ووتەی مورجیئەکانم پێ ووت، ئەویش ووتی: سبحان الله، خەڵکی کەوتەنەتە ناو ئەم باسانەوە ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: **(زیناکەر کاتێک زینا دەکات ئیمانی نیە، عەرەق خۆر کاتێک عەرەق دەخواتەوە ئیمانی نیە).**

{رواه عبد الله بن الإمام أحمد في السنة : ب 1/ لا 382/ ژ 831}

(وەرگێڕ: "ئیمام الزهري" مەبەستی ئەوە نیە زیناکەر و عەرەق خۆر کافرن، بەڵکو ئەم فەرموودەیەی هێناوەتەوە وەکو ڕەتدانەوەی مورجیئەکان کە دەڵێن: ئیمانت هەبێ ئەوا گوناهکردن هیچ زیان بە ئیمانەکەت ناگەیەنێت).

وە الإمام الشافعي (رَحِمَهُ اللَّهُ) دەڵێ:

ئیجماع هەبووە لە هاوەڵان و لەو تابعیانەی دوای ئەوان کە پێیان گەیشتووین لەسەر ئەوەی کە ئیمان ووتە و کردار و نیەتە، هیچ یەکێک لەم سێیانە بەبێ دوانەکەی تر ئیمان دانامەزرێنێت. {شرح أصول إعتقاد أهل السنة والجماعة : ب 5/ لا 956/ ژ 1593}

وە پێویستی لێرە باسی ئەوە بکەین کە هەندێک لە پێشەوایانی سەلەفی صالح تەکفیری (الحجاج بن یوسف الثقفي)یان کردووە بەبێ ئەوەی تەکفیری ئەوانە بکەن کە وەستاون لە تەکفیرکردنی حەججاج، چونکە کەسی وەستاو یان خاوەنی تەئویله یان ئاگاداری حاڵی نیە.

لە الأعمش (رَحِمَهُ اللَّهُ) ڕیوایەت کراوە کە دەڵێ:

خەڵکی خیلاف تێکەوت دەربارەی کافربوونی حەججاج، ووتیان بە کێ ڕازین کە پرسیاری لێ بکەین ؟ هەندێکیان ووتیان: مجاهد، جا چوونە لای و لێیان پرسی، مجاهد ووتی: پرسیارم لێدەکەن دەربارەی پیرەمێردێکی کافر!؟.

{رواه أبو الفضل الزهري في حديثه - بسند جيد} لا 301/ ژ 274

لە طاوس (رَحِمَهُ اللَّهُ) ڕیوایەت کراوە کە دەڵێ:

سەیرم دێت لە براکانمان لە خەڵکی عیراق، بە حەججاج دەڵێن ئیماندار!.

{رواه ابن أبي شيبة في مصنفه - بسند جيد} ب 6/ لا 163/ ژ 30353

لە إبراهيم النخعي (رَحِمَهُ اللَّهُ) ڕیوایەت کراوە کە دەڵێ:

ئەوەندە کوێرییە بەسە بۆ کەسێک کە الله کوێری کردبێت لە ئاست کافربوونی حەججاج (لحاه الله). (وەرگێڕ: "لحاه الله" وەکو لعنه الله یان قبحه الله وایە)

{رواه ابن أبي شيبة في مصنفه - بسند صحيح} ب 6/ لا 164/ ژ 30358

لە الأجلح ڕیوایەت کراوە کە دەڵێ:

بە (عامر الشعبي)م ووت: خەڵکی وادەزانن حەججاج ئیمانداره، ئەویش ووتی: منیش شایەتی دەدەم کە حەججاج ئیمانی بە طاغوت هەیە و کافرە بە الله.

{رواه ابن أبي شيبة في مصنفه - بسند صحيح} ب 6/ لا 192/ ژ 30597

وەهەر لە الأجلح ڕیوایەت کراوە کە دەڵێ:

من و عمرو بن قيس الملائي خيلافمان تێکەوت دەربارەی حەججاج، من ووتم: حەججاج کافرە، وە عمرو بن قيس ووتی: حەججاج ئیماندارێکی گومڕایە، جا چووینە لای (الشعبي) پێمان ووت: ئەی باوکی عمرو من ووتم حەججاج کافرە، وە ئەمە ووتی حەججاج ئیماندارێکی گومڕایە، جا الشعبي ووتی: ئەی عمرو قۆڵت هەڵکرد و دامێنت بەردایەوە، ووتت حەججاج ئیماندارێکی گومڕایە، چۆن لە ئیماندارێکدا ئیمان و گومڕایی کۆدەبێتەوە؟ حەججاج باوەڕی بە جیبت و طاغوت هەیە، کافرە بە الله ی گەورە. {رواه ابن أبي الدنيا في الإشراف في منازل الأشراق - بسند ضعيف} لا 137/ ژ 66

لە سلمة بن كهيل ڕیوایەت کراوە کە دەڵێ:

من و ذر المرهبي خيلافمان تێکەوت دەربارەی حەججاج، ئەو ووتی: ئیماندارە، من ووتم: کافرە. {رواه الحاكم في المستدرك - بسند ضعيف} ب 3/ لا 640/ ژ 6351

(وەرگێڕ: سلمة بن كهيل و ذر المرهبي هەردووکیان زانا بوونە. کەسیان یەکتریان تەکفیر نەکردووە لەسەر حەججاج).

لە غالب القطان ڕیوایەت کراوە کە دەڵێ:

چەند شێخێک لە عەشیرەتی (عبد القيس) منیان بینی و پێیان ووتم: چۆن شایەتی (حوکم) دەدەیت لەسەر (مالك بن المنذر و يزيد بن المهلب و الحجاج بن يوسف) ؟ گەر شایەتی نەدەیت لەسەریان کە ئەوان مونافیقن و بەرینە لە ئیمان و ئەهلی دۆزەخن، ئەوا تۆ گومانت هەیە لە کتێبی الله، جا چوومە لای (الحسن البصري) ووتەی شێخەکانم پێ ووت، حەسەن ووتی: کوڕی برام لەسەرخۆبە لە شایەتیدان (حوکمدان) ئەوەندە بەسە کە دەزانرێ تۆ ئەهلی دینی (زانای) بۆ کەس دروست نیە شایەتی بدات لەسەر تۆ بەوەی کە ئەهلی دۆزەخی، جا چوومە لای (محمد بن سيرين) ووتەی شێخەکانم پێ ووت، پێی ووتم: مالك بن المنذر نزیکترین دراوسێتە و گەورەترین حەقی بەسەرتەوە هەیە، ئایا شایەتی بەسەر دەدەی ؟ فرمانت پێ ناکەم شایەتی بەسەر بدەی، وە يزيد بن المهلب الأزدي خۆت تێهەڵدانی ئەزدییەکان دەزانی گەر دەتەوێ خۆتی توش بکە، وە الحجاج بن يوسف حەججاجی داماو، باوکی محمد داماوەی موحەڕەماتەکانی بەزاند و تاوانی ئەنجامدا، گەر الله سزای بدات ئەوا بەهۆی تاوانەکانیەتی، وە ئەگەر لێی خۆش بێت ئەوا ئێمە حەسودی بە لێ خۆشبونەکەی

نابەین، جا چوومە لای (بكر بن عبد الله المزني) ووتەی شێخەکانم پێ ووت، ووتی: گەر خەڵكی كۆببنەوە ڕۆژی هەینی و پێی بڵێن ئایا دەزانی لەمانە کامەی باشترین کەسە ؟ دەڵێم ئایا دەزانن کامەیان زۆرتر ئامۆژگاری کەریانە ؟ گەر پێم بڵێن ئەو کەسە، گەر بزانم ئەو کەسە وایە ئەوا دەڵێم ئەوە باشترینیانە، وە ئەگەر پێم بڵێن دەزانی لەمانە کامەی خراپترین کەسە ؟ دەڵێم ئایا دەزانن کامەیان زۆرتر فێڵیان لێ دەکات ؟ گەر پێم بڵێن ئەو کەسە، گەر بزانم ئەو کەسە وایە ئەوا دەڵێم ئەوە خراپترینیانە، وە ئەگەر پێم بڵێن شایەتی بدە کە باشترینیان لە ئەهلی بەهەشتە ئەوا شایەتی نادەم، وە ئەگەر بڵێن شایەتی بدە کە خراپترینیان لە ئەهلی دۆزەخە ئەوا شایەتی نادەم، جا گەرهیوای خێرم بە خراپترینیان هەبێت، دەبێت چ هیوایەکم بە باشترینیان هەبێت ؟ وە ئەگەر ترسم لە باشترینیان هەبێت، دەبێت چ ترسێکم لە خراپترینیان هەبێت ؟.

{رواه حرب الكرماني في مسائل الإمام أحمد - بسند حسن بالمتابعات} 1073/3

لە ڕیوایەتێکی تردا: چوومە لای (بكر بن عبد الله المزني) ئەو شتەم بۆ باسكرد کە بۆ (حەسەنی بەصری و ابن سيرين)م باسکرد، جا ئەویش ووتی: لەناو بابەتەکاندا بابەتی واهەیە گەر ڕاست بکەی تیایدا پاداشت وەرناگری، وە ئەگەر درۆ بکەی تیایدا ئەوا درۆزنی، گەر بڵێی ئەمە کەرە ئەمە ئەسپە هاوشێوەی ئەمانە، ئەوا پاداشت وەرناگریت، وە ئەگەر بە بەرد بڵێی چۆلەکە بە ناوێکی جگە لە ناوی خۆی ناوت لێینا ئەوا تۆ درۆزنی، جا ئاگاداربە لەوەی بە کەسێکی موسڵمان بڵێی کافر یان بە کەسێکی کافر بڵێی موسڵمان. **{رواه الفريابي في القدر - بسند صحيح} لا 256/ ژ 391**

***

پلەی پێنجەم: ئەوەی وەستاوە لە تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کە دراوەتە پاڵ عیلمی شەرعی، بە مەبەستی پاراستنی زانایانی موسڵمانان لە تەکفیرکردن.

حوکمی کەسی وەستاو لەم پلەیەدا ئەوەیە کە موجتەهیدێکی پاداشت وەرگرە بە ئیزنی الله تعالی، گەر پێکای دوو پاداشتی هەیە، گەر هەڵەی کرد پاداشتێکی هەیە.

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

پاراستنی زانایانی موسڵمانان لە تەکفیرکردن ئەگەرچی هەڵەشیان کردبێت یەکێکە لە حەقترین مەبەستە شەرعیەکان، تەنانەت پاراستن لە تەکفیرەکە بۆ ئەوە بێت بڕوای وابێت ئەو کافر نیە وەکو پارێزگاریکردن لەو، وە سەرخستنی برا موسڵمانەکەی، ئەمەش مەبەستێکی شەرعی چاکە، وە ئەو گەر ئیجتهاد بکات لەمەدا و بپێکێ ئەوا دوو پاداشتی هەیە، وە ئەگەر ئیجتهادی تێدا بکات و هەڵە بکات ئەوا پاداشتێکی هەیە. {مجموع الفتاوى : 103/35}

ابن الوزير الصنعاني (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

چەندە جیاوازی هەیە لەنێوان دەرکردنی هەموو کەسە عەوامەکانی فیرقە ئیسلامیەکان و زۆرینەی ئەو زانایانەی دراونەتە پاڵ ئیسلام لە دینی ئیسلام و زیادکردنی ژمارەی دەرکراوان، وە لەنێوان کردنە ناوەوەی ئەوانە بۆ ناو ئیسلام و سەرخستنی ئیسلام بەمانەوە و زیاکردنی ژمارەی موسڵمانان و بەهێزکردنی ئیسلام، جا دروست نیە کۆشش بکرێ بۆ تەفرەقە ناوەوە بەهۆی زۆر لەخۆ کردن بە تەکفیرکردنی ئەمانە بە بەڵگانێک کە بەڵگەی پێچەوانەی ئەو و بەهێزتر لەو هەیە یان هاوشێوەی ئەو هەیە کە دەبێتە هۆی یەکدەنگی موسڵمانان و ئیسلام بەهێز دەبێت و خوێن نارژێت و زۆرینەی خەڵکی سەقامگیر دەبن، تاوەکو کوفری بیدعەچی ڕوون دەبێتەوە وەکو ڕوون بوونەوەی بەیانی ڕاستەقینە (الفجر الصادق) وە یەکدەنگی لەسەر دروست دەبێت و بە زەرورەت دەزاندرێت. {إيثار الحق على الخلق في رد الخلافات : لا 401}

ئەمەش تایبەتە بەو زانایانەی کە چاکەکانیان ناوبانگی داوەتەوە، وە مردوونە پێش دەرکەوتن و زاڵبوونی سوننەت و بنبڕکردنی بیدعەی شیرکی، وە بە دڵنیایی نازاندرێ کە لەسەر چ بیروباوەڕێک مردوون، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە حوکمی شیرك و کوفری گەورە نەدەین بەسەر ووتەکانیاندا.

الإمام الشوكاني (رَحِمَهُ اللَّهُ) **دەڵێ:**

ئەوانەی کە پێش بانگەوازی نەجدی ژیاون وەکو ئەوەی الله تعالى فەرموویەتی: ﴿**تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلاَ تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ**﴾ [البقرة : 134]، واتا: (ئەمە قەومێک بوو ڕۆیشت ئەوەی ئەنجامی داوە دێتەوە ڕێگای، وە ئێوەش چی ئەنجام بدەن دێتەوە ڕێگاتان، وە پرسیارتان لێ ناکرێت دەربارەی قەومانی پێش خۆتان کە چیان کردووە)، وە داوامان لێنەکراوە کە بیروباوەڕیان بزانین، هەر ووتەیەکی ئەوان ببینین کە شیرك بێت ئەوا شیرکە جا هەرکەسێک ووتبێتی، وە ناڵێین خاوەنی ووشەکە موشریکە بەڵکو گومانی باشی پێ دەبەین لەوانەیە تەوبەی لێ کردبێت پێش مردنی یان لێی پەشیمان بووبێتەوە، وە ناگەڕێینەوە سەر زۆر لەخۆکردن و تەئویل هێنانەوە بۆ خاوەنی ووتەکە تاکو بڵێین شیرکی گەورە نیە، بەڵکو دەڵێین شیرکی گەورەیە. {الفتح الرباني : 47/1}

شێخ عبد الله بن محمد بن عبد الوهاب (رَحِمَهُ اللَّهُ) **دەڵێ:**

ئێمەش بە هەمان شێوە ناڵێین ئەو کەسە کافرە کە دینداریەکی چاکی هەبووبێت، وە چاکەکانی ناوبانگی دەرکردبێت، وە وەرع و زوهدی زانراوبێت، وە ژیاننامەی جوان بێت، وە ئامۆژگاریەکانی گەیشتوون بە ئوممەت بەهۆی تەرخانکردنی ژیانی بۆ ووتنەوەی وانەی بە سوود و کتێب نوسین تیایدا، ئەگەرچی هەڵەشی کردبێت تیایدا یان لە بابەتەکانی تردا. {الدرر السنية : 236/1}

وە هەندێک لە زانایان وەستاون لە تەکفیرکردنی صۆفیە زیادەڕەوەکان بەهۆی هەبوونی ئەگەری تەوبەکردنیان پێش مردن، لەگەڵ داننان بەوەی کە ئەو ووتانەی لەوانە نەقڵ کراوە لە شیرك خراپترە، جا ئەوەی ووتەی لەمە کەمتر خراپەی هەبێت دەبێت چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەن ؟

الإمام الذهبي (رَحِمَهُ اللَّهُ) **دەڵێ:**

ئەگەرچی ئێمە حوکم نادەین لەسەر خودی ئەمانە بە ئیمان و کوفر، بەهۆی هەبوونی ئەگەری تەوبەکردنیان پێش مردن، وە حاڵیان ناڕوونە و حیسابیان لەسەر الله یە، بەڵام ووتەکانیان گومانی تێدانیە کە لە شیرك خراپترە، جا ئەی براکەم وە ئەی خۆشەویستەکەم تیروکەوان بدە دەستی ئەو کەسە کە لێی دەزانێت، وازم لێبێنە وە واز لە زانینی من بێنە دەربارەی ئەمە، چونکە من دەترسم الله سزام بدات لەسەر

بێدەنگ بوونم هەروەک چۆن دەترسم سزام بدات لەسەر قسەکردنم دەربارەی وەلیەکانی الله، وە ئەگەر من بە کەسێکی موسڵمان بڵێم: ئەی کافر، ئەوا کوفرم بۆخۆم گەڕاندۆتەوە، ئەی چۆن دەبێت گەر بە کەسێکی چاکی بڵێم یان وەلیەکی الله.
{تاريخ الإسلام : 138/15}

وە ئاگاداری دەدەین لەسەر ئەوەی کە ئەم ووتانە زانای طاغوتەکان ناگرێتەوە، وە بلعام بن باعورائەکانی سەردەم ناگرێتەوە لە دوورگەی عەرەبی و مصر و وولاتانی تردا، ئەو زانایانەی کە وەلائیان بۆ طاغوتەکانی عەرەب و عەجەب هەبوو بۆ جەنگان لە دژی موجاهیدان، وە دەستکاری حوکمە شەرعیەکانیان کرد، جا ئەمانە هیچ گومان نیە لە کافربوونیان، بەڵکو گومان نیە لە کافربوونی ئەوانەش کە وەستاون لە تەکفیرکردنیان دوای ڕوونکردنەوەی حاڵیان، وبالله التوفيق.

بابەتێک دەربارەی پلەی کەسی وەستاو لە تەکفیرکردنی گۆڕپەرستان:

پلەی کەسی وەستاو لە تەکفیرکردنی گۆڕپەرستان دەگۆڕێت بەگوێرەی ئاشکرایی شیرکەکە یان بیروباوەڕ دەربارەی خاوەنی گۆڕەکە، وە گومانی تێدانیە هی وای تێدایە کە هاوشێوەی بت پەرستنە یان زیاتریشە، وە تێیدایە کە لەمە نزمترە، وە تێیدایە کە تەنها بیدعەیەکە لە دین ناگات بە کوفر.

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رحمه الله) دەڵێ:

پلەکان لەم بابەتەدا سێ پلەیە:

یەکەمیان: بانگی غەیری الله بکات مردووێک بێت یان کەسێکی موجود نەبێت، جیاوازی نیە چ لە پێغەمبەران بێت یان لە چاکەکاران بێت یان لە غەیری ئەوان، جا دەڵێ: ئەی گەورەم فلان کەس بە هانام وەرە یان دەڵێ: من لە پەنای تۆدا خۆم دەپارێزم، یان دەڵێ: داوای بە هاناوەچوون لە تۆ دەکەم، یان دەڵێ: سەرم بخە بەسەر دوژمنەکەم، وە هاوشێوەی ئەم ووتانە، جا ئەمە هاوبەش دانانە بۆ الله.

لەمەش گەورەتر ئەوەیە کە بڵێ: لێم خۆشبە و تەوبەم لێ قبوڵ بکە، هەروەک چۆن کۆمەڵێک لە جاهیلە موشریکەکان وادەکەن.

وە لەمەش گەورەتر ئەوەیە کە سوجدە بۆ گۆڕەکەی ببات و نوێژی بەرەو ڕووی گۆڕەکەی بکات، وە وادابنێت کە ئەم نوێژە باشترە لە ڕووکردنە قیبلە، تەنانەت

هەندێک دەڵێن: ئەم گۆڕانە قیبلەی زانا تایبەتەکانن، وە کەعبەش قیبلەی گشت عەوامەکانە.

وە لەمەش گەورەتر ئەوەیە کە وادابنێ سەفەرکردن بۆ لای گۆڕەکان وەکو حەج کردن وایە، تاوەکو دەڵێ: سەفەر کردن بۆ ئەم گۆڕانە چەند جارێک یەکسانە بە حەج، وە زیادەڕەوەکانیان دەڵێن: یەکجار سەردانیکردنی ئەم گۆڕانە باشترە لە چەندەها جار حەج کردنی ماڵی الله، وە هاوشێوەی ئەم ووتانە، جا ئەمە شیرکە ئەوانەی تێکەوتووە ئەگەرچی زۆرینەی خەڵکی دەکەونە ناو هەندێکیەوە.

دووەمیان: بە کەسی مردوو یان کەسی موجود نەبوو لە پێغەمبەران و چاکەکاران بڵێ: لە الله بپاڕێوە بۆم، یان لە پەروەردگارت بپاڕێوە بۆمان، یان داوا لە الله بکە بۆمان، هەروەک چۆن نەصارا ئاوا بە مەریەم و غەیری مەریەمیش دەڵێ، ئەمەش هیچ زانایەک گومانی تێدانیە کە جائیز نیە، وە ئەمە لەو بیدعانەیە کە هیچ یەکێک لە سەلەفی ئوممەتی ئەنجامی نەداوە.

جا زانرا کە دروست نیە داوای هیچ شتێک لە مردوو بکرێت، داوای لێ ناکرێت کە بپاڕێتەوە لە الله بۆی وە شتی تریش جگە لەمە، وە دروست نیە شکاتی هیچ ناخۆشیەکانی دونیا و دینی بباتەوە لای، وە ئەگەر دروست بێت شکاتی حاڵی بباتە لای لەکاتی ژیانیدا ئەوا لەکاتیدا ژیانیدا بەرەو شیرکی نابات، بەڵام ئەمە (کە دوای مردنە) بەرەو شیرکی دەبات.

سێیەمیان: بڵێ: خوایە داوات لێ دەکەم بە فلان کەس یان بە پلە و پایەی فلان کەس لەلات وە هاوشێوەی ئەم ووتانە، جا ئەمانە نەهی لێکراوە.

{مجموع الفتاوى : 350/1} بە دەستکاریەوە

(وەرگێڕ: جۆری دووەمیان زۆر وورده لەنێوان بیدعە و شیرکدا، لەوانەیە کەسی نەزان ئەمە بە شیرك دابنێت و بەهۆی ئەم ووتەیەوە "ابن تيمية" تەکفیر بکات، بەڵام ئەوەی زیرەک بێت جیاوازی جۆری یەکەم و دووەم دەزانێت).

بەڵام ئەوەی دەوەستێ لە تەکفیرکردنی موشریکان بەهۆی بەڕاست دانانی بیروباوەڕیان، ئەوا ئەم کەسە وەکو ئەوان موشریکە، وە کوفرەکەی لە لایەنی هەڵوەشاندنەوەی ئەصلی دینە نەوەک لە لایەنی ڕەتکردنەوەی حوکمە شەرعیەکان و ئینکارکردنیان، هەر بۆیە لەم پلەیانە باسمان نەکرد.

***

بەشی دووەم

تەواوکەری هەڵوەشێنەرەوەی سێیەم

بابەتی یەکەم: ووتەی زانایان دەربارەی تەواوکەری هەڵوەشێنەرەوەی سێیەم.

بابەتی دووەم: بەڵگەکان لەسەر تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کە موسڵمانێکی تەکفیرکردووە بە ناحەق.

بابەتی سێیەم: هۆکاری کافربوونی ئەو کەسەی کە موسڵمانێکی تەکفیرکردووە بە ناحەق.

بابەتی چوارەم: پلەی دەست هەڵگرتن لە تەکفیرکردنی موسڵمانان لە دیندا.

بابەتی پێنجەم: پلەی ئەو کەسانەی کە موسڵمانێکیان تەکفیرکردووە وە حوکمەکانیان.

بابەتی یەکەم

ووتەی زانایان دەربارەی تەواوکەری هەڵوەشێنەرەوەی سێیەم

ووتەی زانایان جیاوازە لە باسکردنی کافربوونی ئەو کەسەی کە موسڵمانێک بە ناحەق تەکفیر دەکات، هەیانە بە ڕەهایی باسیکردووە، وە هەیانە ئەوانەی تەکفیرکردووە کە ئوممەت بە گشتی تەکفیر دەکەن، وە هەیانە ئەوانەی تەکفیرکردووە کە کۆمەڵی ئەهلی سوننە و جەماعە یان عەوامی موسڵمانان تەکفیر دەکەن، وە هەیانە ئەوانەی تەکفیر کردووە کە چەند کەسێکی دیاریکراو لە موسڵمانان تەکفیر دەکەن، وە هەیانە ئەوانەی تەکفیر کردووە کە موسڵمانێک تەکفیر دەکەن بەهۆی صەحیحی عەقیدەکەی، وە لەمەی خوارەوەدا ئەم ووتانەیان باس دەکەین کە لەسەری وەستاوین:

یەکەم: ئەوەی باسی ئەم هەڵوەشێنەرەوەیەی کردووە بە ڕەهایی.

1. الإمام البخاري (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) لە صەحیحیەکەیدا دەڵێ:

بەشی: ئەوەی برا موسڵمانەکەی تەکفیر بکات بەبێ تەئویل ئەوا خۆی کافرە.

{صحيح البخاري : 26/8}

2. الإمام ابن حبان (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) لە صەحیحەکەیدا دەڵێ:

بەشی: ڕوونکردەوەی ئەوەی کە هەرکەسێک مرۆڤێک (موسڵمانێک) تەکفیر بکات، ئەوا خۆی کافرە هیچ مەحاڵ نیە. {صحيح ابن حبان بترتيب ابن بلبان : 483/1}

3. المازري (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) باسی ئەوەی کردووە:

هەرکەسێک بە موسڵمانێک بڵێ کافر، وە پێی حەڵاڵ بێت، ئەوا کافر دەبێت.

{المعلم بفوائد مسلم : 295/1}

4. ابن الأثير (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) لە ووشەی (كَفَرَ)دا دەڵێ:

فەرموودەی تێدایە: (من قال لأخيه يا كافر فقد باء به أحدهما) واتا: هەرکەسێک بە برا موسڵمانەکەی بڵێ کافر ئەوا کوفرەکە بۆ یەکێکیان دەگەڕێتەوە)، چونکە یان ڕاست دەکات یان درۆ دەکات، گەر ڕاستی کرد ئەوا کافرە، وە ئەگەر درۆی کرد ئەوا کوفرەکە بۆخۆی دەگەڕێتەوە بەهۆی تەکفیرکردنی برا موسڵمانەکەی.

{النهاية في غريب الحديث والأثر : 185/4}

5. المتولي الشافعي (رَحِمَهُ اللَّهُ) **دەڵێ:**

گەرموسڵمانێک بە موسڵمانێک بڵێ (ئەی کافر) بەبێ تەئویل، ئەوا کافردەبێت چونکە ناوی لە ئیسلام ناوە کوفر. {روضة الطالبين : 65/10}

6. الرافعي لە کتێبی "الشرح الكبير"دا دەڵێ:

گەر بە موسڵمانێک بڵێ (ئەی کافر) بەبێ تەئویل، ئەوا کافر دەبێت چونکە ناوی لە ئیسلام ناوە کوفر. {العزيز في شرح الوجيز : 98/11}

7. شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ اللَّهُ) **دەڵێ:**

تەکفیرکردنی ئیماندار کوفرە، هەروەک پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: گەر کەسێک بە برا موسڵمانەکەی بڵێ کافر، ئەوا کوفرەکە بۆ یەکێکیان دەگەڕێتەوە.

{منهاج السنة النبوية : 505/4}

8. الإمام الذهبي (رَحِمَهُ اللَّهُ) **دەڵێ:**

من گەر بە کەسێکی موسڵمان بڵێم (ئەی کافر) ئەوا کوفرەکەم بۆخۆم گەڕاندۆتەوە، ئەی ئەگەر بە کەسێکی چاک یان وەلیەکی الله بڵێم کافر دەبێت چۆن بێت !؟.

{تاريخ الإسلام : 168/15}

9. ابن الوزير الصنعاني (رَحِمَهُ اللَّهُ) **دەڵێ:**

ئەم فەرموودەیە موتەواتیرە لەلای ئەهلی لێکۆڵینەوە لە سەنەدەکانی فەرموودەکە، تاوەکو موتەواتیر بوو کە ئەمە کوفرە. {إيثار الحق على الخلق في رد الخلافات : لا 380}

10. أبو بكر الحصني (رَحِمَهُ اللَّهُ) **دەڵێ:**

گەر بە موسڵمانێک بڵێ (ئەی کافر) بەبێ تەئویل، ئەوا کافر دەبێت چونکە ناوی لە ئیسلام ناوە کوفر. {كفاية الأخيار : لا 494}

11. أبو البقاء الدميري (رَحِمَهُ اللَّهُ) **دەڵێ:**

ئەو کەسە کافر دەبێت کە بە موسڵمانێک بڵێ (ئەی کافر) بەبێ تەئویل.

{النجم الوهاج : 80/9} بە دەستکارییەوە

12. ابن فقيه فصة (رَحِمَهُ اللَّهُ) **دەڵێ:**

هەرکەسێک تەکفیری کەسێک بکات کە کافر نەبێت وە بڕوای وابێت کافرە، ئەوا خۆی کافر دەبێت، وە هەرکەسێک تەفسیقی کەسێک بکات کە فاسق نەبێت وە بڕوای وابێت فاسقە، ئەوا خۆی فاسق دەبێت. {العين والأثر في عقائد أهل الأثر : لا 50}

دووەم: ئەوەی باسی ئەم هەڵوەشێنەرەوەی کردووە دەربارەی ئەو کەسانەی کە ئوممەت بە گشتی تەکفیر دەکەن.

1. **عبد القاهر البغدادي** (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

هەرکەسێک موسڵمانان تەکفیر بکات، وە چاکترین هاوەڵان تەکفیر بکات، ئەوا کافرە.

{الفرق بين الفرق : لا 343}

2. **القاضي عياض** (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

هەرکەسێک قسەیەک بکات قسەکەی بگاتە ئەوەی کە هەموو ئوممەت بە گومڕا دابنێت، وە هەموو هاوەڵان تەکفیر بکات. ئەوا کوفری خاوەنی قسەکە بڕاوەیە لەلامان. {الشفا بتعريف حقوق المصطفى : 286/2}

3. **وەهەر القاضي عياض دەربارەی ئەوانەی کە سەدەی یەکەمی ئوممەت تەکفیر دەکەن دەڵێ:** گومان لە کافربوونی خاوەنانی ئەم ووتەیەدا نیە، چونکە هەرکەسێک هەموو ئوممەت تەکفیر بکات وە سەدەی یەکەمیش، ئەوا نەقڵ کردنی شەریعەتی پوچەڵ کردۆتەوە و ئیسلامی ڕماندووە. {إكمال المعلم : 412/7}

4. **النووي** (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

هەرکەسێک قسەیەک بگات قسەکەی بگات بە ئەوەی هەموو ئوممەت بە گومڕا دابنێت یان تەکفیری هاوەڵان بکات، ئەوا کوفری خاوەنی قسەکە بڕاوەتەوە.

{روضة الطالبين : 70/10}

5. **الحجاوي** باسی ئەوەی کردووە:

هەرکەسێک قسەیەک بکات قسەکەی بگات بە ئەوەی هەموو ئوممەت بە گومڕا دابنێت یان هاوەڵام تەکفیر بکات، ئەوا خاوەنی قسەکە کافرە. {الإقناع : 298/4}

6. **الإمام الشوكاني** (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

هەرکەسێک تاکە موسڵمانێک تەکفیر بکات ئەوا دەبێتە کافر بە دەقی سوننەتی پاک، ئەی چۆن دەبێت گەر کەسێک هەموو موسڵمانان تەکفیر بکات !؟.

{إرشاد الغبي : لا 16}

***

سێیەم: ئەوەی باسی ئەم هەڵوەشێنەرەوەیەی کردووە دەربارەی ئەو کەسانەی کە ئەهلی سوننە و جەماعەت یان عەوامی موسڵمانان تەکفیر دەکەن.

1. الملا علي القاري (رَحِمَهُ ٱللَّٰهُ) دەڵێ:

هەرکەسێک بڕوای وابێت هاوەڵان و ئەهلی سوننە کافرن، ئەوا کافرە بە ئیجماع.

{شم العوارض في ذم الروافض : لا 19} بە دەستکارییەکی کەم

2. ابن الوزير الصنعاني (رَحِمَهُ ٱللَّٰهُ) دەڵێ:

تەکفیرکردنی عەوامی موسڵمانان لەبەر ئەوەی (الله)یان نەناسیوە بە بەڵگەیەکی براوە لەسەر مەرجی ئەهلی عیلمی کەلام، ئەوا کافربوونی ئەوانەی تەکفیریان دەکەن بەهێزتر دەکات، چونکە حوکمدان بەسەریان بە ئیسلامەتی شتێکی زەرورەتی زانراوە لە دیندا، وە تەکفیرکردنیان ئینکاری کردنی ئەم زەرورەتە زانراوەیە.

{إيثار الحق على الخلق في رد الخلافات : لا 392}

(وەرگێڕ: ئەهلی کەلام – ئەشعەری و موعتەزیلی و ماتوریدی و...هتد – ئەوانەن کە لە بابەتە عەقیدەییەکان پشت بە بەڵگەی عەقڵی دەبەستن، هەندێکیان تەکفیری ئەو کەسە عەوامانە دەکەن کە لەسەر مەرجەکانی ئەوان نین بۆ ناسینی "الله" ابن الوزير یش تەکفیری ئەمانە دەکات).

***

چوارەم: ئەوەی باسی ئەم هەڵوەشێنەرەوەی کردووە دەربارەی ئەوانەی کە هەندێک کەسی دیاریکراوی موسڵمانان تەکفیر دەکەن.

1. ابن حزم (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

هەرکەسێک شیرك و کوفر بداتە پاڵ ئادەم (عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ) ئەوا ئەم کارەی کوفرێکی تەواوە خیلافی تێدانیە لەلایەن هیچ کەسێکی ئوممەت، وە ئێمە سەرزەنشتی ئەوانە دەکەین کە تەکفیری ئەو موسڵمانە تاوانبارانە دەکەن کە باج بە ناحەق وەردەگرن و بکوژن، وە تەکفیری پۆلیسە فاسقەکان دەکەن، ئەی چۆن دەبێت گەر کەسێک پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ ٱلسَّلَامُ) تەکفیر بکات !؟. {الفصل في الملل والأهواء والنحل : 4/4}

2. وەهەر ابن حزم (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

هەرکەسێک پێغەمبەرێک تەکفیر بکات، ئەوا کافر دەبێت.

{الفصل في الملل والأهواء والنحل : 6/4}

3. ابن العطار الشافعي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

بزانە هەرکەسێک پێغەمبەرێک یان هاوەڵێک یان وەلیەک لە وەلیەکانی الله یان یەکێک لە (آل البیت)ی پێغەمبەر (ﷺ) یان ژنەکانی تەکفیر بکات یان بە گومڕایان دابنێت، ئەوا بێگومان بەمە کافر دەبێت. {الإعتقاد الخالص من الشك والإنتقاد : لا 278}

4. ابن الوزير الصنعاني (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

هەرکەسێک فریشتەیەک تەکفیر بکات، ئەوا کافر دەبێت.

{إيثار الحق على الخلق في رد الخلافات : لا 384}

5. أبو الحسين الملطي الشافعي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) لە ڕەتدانەوەی ئەو کەسەی کە هەموو هاوەڵان تەکفیر دەکات تەنها چوار هاوەڵان نەبێت دەڵێ:

کێ ئەم شتەی پێ ووتی ؟ چ علمێک ئەمەی باسکردووە ؟ چ شتێک هۆکارە بۆ ئەمە جگە لە هەوا و ئارەزو و کوفرێکی صاف ؟ وإنا لله وإنا إليه راجعون.

{التنبيه والرد على أهل الأهواء والبدع : لا 13}

6. الإمام السمعاني (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

ئوممەت یەکدەنگ بوونە لەسەر تەکفیرکردنی شیعەی ئیمامی، چونکە ئەوان باوەڕیان وایە هاوەڵان گومڕابوونە، وە ئینکاری ئیجماعی هاوەڵان دەکەن و شتانێکیان

دەدەنە پاڵیان کە شایستە نیە بەوان. {الأنساب : 188/3}

7. أبو حامد الغزالي دەربارەی ئەو کەسەی کە بە ڕاشکاوی تەکفیری "أبو بکر و عمر" دەکات (ﭬ) دەڵێ: دەربارەی موژدە پێدانیان بە بەهەشت و ستایش کردنیان و حوکمدان بە ڕاستی و دروستی دینداریيان و ڕاگیراوی یەقینیان و پێشخستنیان لەسەر تەواوی ئوممەت فەرمووده و ئەثەری زۆر هاتوون، جا ئەوەی تەکفیریان دەکات گەر ئەم هەواڵانەی پێگەیشتبێت لەگەڵ ئەمەشدا بڕوای وابێت کافرن، ئەوا ئەو کەسە کافره. {فضائح الباطنية : لا 149}

8. شێخی ئیسلام ابن تيمية (הּ) دەربارەی ئەو کەسەی کە هاوەڵان (ﭫ) تەکفیر دەکات دەڵێ: هەرکەسێک ئەمە بە دروست بزانێت تا بگاتەوە ئەوەی وادابنێت ئەوان هەڵگەڕاونەتەوە لە دین دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) تەنها چەند کەسێکی کەمیان نەبێت کە ناگەنە دە – بیست کەسێک، وە هەموویان فاسق بوونە، جا ئەمە گومانی تێدانیە کە کوفرە، چونکە بە درۆخەرەوەی دەقی قورئانە کە لە چەندەها ئایەت باسی ڕەزامەندی الله دەکات بۆیان وە ستایش کردنیان، بەڵکو هەرکەسێک گومانی هەبێت لە کافربوونی ئەم کەسە ئەوا خودی خۆشی کافره.

{الصارم المسلول : لا 586}

9. تقي الدين السبكي (הּ) دەڵێ:

هەرکەسێک لە خەواریج ئەوەی لەسەر بچەسپێ کە تەکفیری یەکێک لەو دە هاوەڵە دەکات کە پێغەمبەر (ﷺ) موژدەی بەهەشتی پێداون یان جگە لەوانیش کە موژدەی بەهەشتیان پێدراوە، ئەوا کافره. {فتاوى السبكي : 571/2}

10. الخرشي (הּ) دەڵێ:

ئەو کەسە کافر دەبێت کە هەموو هاوەڵان تەکفیر دەکات، چونکە ئینکاری شتێکی کردووە کە زانراوە بە زەروڕەت لە دیندا، وە الله و پێغەمبەرەکەی بە درۆخستۆتەوە.

{شرح مختصر خليل : 74/8}

11. الإمام الشوكاني (הּ) دەڵێ:

هەموو ڕافیزەیەکی پیس لەسەر ڕووی ئەم زەوییەدا کافر دەبێت بەهۆی تەکفیرکردنیان بۆ یەک هاوەڵ، چونکە هەر یەکێک لەوان ئەو هاوەڵەیان تەکفیرکردووە، ئەی چۆنە

گەر کەسێک هەموو هاوەڵان تەکفیر بکات تەنها چەند ژمارەیەکی کەم نەبێت ئەویش بۆ ڕەواجدانیەتی بەو گومڕاییەی کە تێیدایە لەلای خەڵکی گەمژە.

{الفتح الرباني : 5442/11} نامەی (نثر الجوهر على حديث أبي ذر)

12. الألوسي (رحمه الله) دەربارەی ئەو کەسەی کە هاوەڵان تەکفیر دەکات دەڵێ:

زانایانی هەر چوار مەزهەبی حەنەفی و مالکی و شافعی و حەنبەلی یەکدەنگن لەسەر کافربوونی ئەو کەسەی کە ئەمە وەصفی بێت.

{الأجوبة العراقية على الأسئلة اللاهورية : لا 49}

13. ابن عابدين دەڵێ:

هەرکەسێک بڕوای وابێت هاوەڵان کافرن، ئەوا کافرە بە ئیجماع.

{رد المحتار على الدر المختار : 162/7}

14. تقي الدين السبكي دەربارەی ئەو زانایانەی ئوممەت کە ئیجماع دامەزراوە لەسەر پێشەوایەتیان دەڵێ: گومانمان نیە لە ئیمانیان، هەرکەسێک تەکفیریان بکات کوفرەکەی بۆخۆی گەڕاندۆتەوە، وە بە دووری نازانم کە بڵێم: تانەدان لەمانە تانەدانە لە دین، مەبەستم شافعی و مالك و هاوشێوەکانیانە هاوەڵانیش زیاتر لەمانە (رضي الله عنهم) جا ئیجماعی خەڵکی لەسەر پێشەوایەتی ئەمانە دەیان خاتە ناو بازنەی ئەو فەرموودەیەی کە دەڵێ: (ئەوەی تەکفیریان بکات کوفرەکە بۆخۆی دەگەڕێتەوە). {فتاوى السبكي : 571/2} بە دەستکارییەوە

15. وەهەر تقي الدين السبكي (رحمه الله) دەڵێ:

تەکفیری ئەو کەسە دەکەین کە تەکفیری کەسێک بکات کە ئیمانی بڕابێتەوە لەلامان یان بە دەق یان بە ئیجماع. {فتاوى السبكي : 586/2}

16. القاضي ابن الحمصي (رحمه الله) لە ڕەتدانەوەی ئەو کەسەی کە فتوای داوە بە مورتەد بوونی شێخی ئیسلام ابن تيمية (رحمه الله) دەڵێ:

نعم نكفر من أفتى بردتـــــــه *** بغير تأويل إذ يفضي إلى العطــــــــــب
وصح من سنة المختار سيدنـــــا *** معنى حديث البخاري ثم ذي الكتـــــــب
لا يرمين رجل منكم لصاحبـــــه *** بالكـفـر يـكفـر إن لم ردة تـجـــــــب
فيا أئمة دين الله هل أحـــــــد *** يرضيـه قـول بكفـر العـالـم الـــــدرب
تحتم الفحص والدعوى على رجل *** أفتى بكفر بأن يلجى إلى السبـــــــب

فإن أقام دليلا قاطعا عجبـــــــا *** فـذاك أو ذا احـتمال فـيه فاستتـــــــــب
أو لم فكفره واحكم إذ تنقصـــه *** تـعزيـره بسـيـاط أو بـــــــــذي الأدب
وإن تخفف بسجن فاضربن لـــه *** طـويـل وقت إلى شعبان أو رجـــــــــب
لردع أمثاله والمقدمين عــــــلى *** مـقالـه تبعـا تقليـد مصـطـحـــــــب
فما يضربنا غير التساهل فـــي *** أمــر كهذا وقــول العــاذل النـــــــدب
إن تنصروا الله ينصركم ويخذلهم *** وإن عــفوتـم فـلا لوم لمعتقـــــــــب
مـا يسـلم الشـرف الأعـلى لملتـنـا *** حتى يـراق دم أو ضرب مرتكـــــــــب

{تكملة الجامع لسيرة شيخ الإسلام ابن تيمية خلال سبعة قرون : لا 126} به دەستكارییەوە

(وەرگێڕ: پوختەی ووتەكانی شاعیر ئەوە دەگەیەنێت كە ئەو كەسەی فتوای داوە مورتەد بوونی "ابن تيمية" ئەوا خۆی مورتەد بۆتەوە بەگوێرەی ئەو فەرموودەیەی كە دەڵێ هەركەسێک بە برا موسڵمانەكەی بڵێ كافر ئەوا كوفرەكە بۆخۆی دەگەڕێتەوە، وە ئەگەر تەكفیریشی نەكات بەڵام سوكایەتی پێ بكات و لە پلەی كەم بكاتەوە ئەوا پێویستە بە لێدان تەمێ بكرێت یان بەند بكرێ بۆ ماوەی چەند مانگێک تاوەكو ببێتە پەند بۆ هاوشێوەكانی).

(وەرگێڕ: ابن ناصر الدين الدمشقي ئەم كتێبەی نوسیوە بۆ ڕەتدانەوەی ئەو كەسانەی كە دەڵێن: هەركەسێک بە ابن تيمية بڵێ "شيخ الإسلام" ئەوا كافرە، بۆیە ناوی لە كتێبەكەی ناوە "الرد الوافر على من زعم أن من سمى ابن تيمية شيخ الإسلام كافر").

***

پێنجەم: ئەوەی باســی ئەم هەڵوەشــێنەرەوەیەی کردووە دەربارەی ئەو کەســـانەی کە موســـڵمانێک تەکفیر دەکەن بەهۆی عەقیدە صەحیحەکەیەوە.

1. أبو جعفر الطحاوي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

هەرکەسێک بە هاوڕێکەی بڵێ (ئەی کافر) مانای وایە هاوڕێکەی کافرە چونکە ئەوەی هاوڕێکەی لەسەریەتی کوفرە، جا ئەگەر ئەوەی هاوڕێکەی لەسەری بوو کوفر نەبوو بەڵکو ئیمان بوو، ئەوا ئەوەی تەکفیری کرد ئیمانی بە کوفر داناوە، بەمەش کافر دەبێت بە الله تعالی، چونکە هەرکەسێک کافر بێت بە ئیمان ئەوا کافر بووە بە الله.

{شرح مشكل الآثار : 325/2}

2. أبو سليمان الخطابي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) "ئەگەر کەسێک بە براکەی ووت ئەی کافر، ئەوا کوفرەکە بۆ یەکێکیان دەگەڕێتەوە"، ئەمە بە مەرجێکە ئەگەر ئەوەی ئەم قسەیە دەکات قسەکەی لە هیچ لایەنێک تەئویل هەڵ نەگرێت، جا لەم کاتەدا هیچ شتێک نامێنێتەوە بۆی ببێتە عوزر، جا ووتەکەی وا لێکدەدرێتەوە کە ئەو موسڵمانێکی بە کافر زانیوە، وە وادەزانێت دینی ئیسلام کە حەقە دینێکی باطلە، جا ئەمە کوفری خاوەنی ووتەکەی لێدەکەوێتەوە، بەو مەرجەی ئەو کەسەی کە پێی وترا کافر هیچ شتێکی کوفری تێدا نەدۆزرێتەوە. {أعلام الحديث : 177/1}

3. الحليمي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

ئەگەر موسڵمانێک بە موسڵمانێک بڵێ: (ئەی کافر)، ئەوا ئەمە دوو جۆرە: گەر مەبەستی ئەوەبێت کە ئەو دینەی ئەو باوەڕی پێیەتی کوفرە، ئەوا کافر دەبێت، وە ئەگەر مەبەستی ئەوەبێت کە ئەو لە ناخەوە کافرە بەڵام بە ڕووکەش خۆی بە ئیماندار نیشان دەدات وەکو دووڕوویی، ئەوا کافر نابێت. {المنهاج في شعب الإيمان : 143/1}

4. ابن رشد الجد (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

گەر بە ئیماندارێک بڵێ (ئەی کافر) باوەڕی وابێت کە ئەو ئیمانەی ئەوی لەسەرە کوفرە، ئەوا خۆی کافر دەبێت بەهۆی ئەوەی کە ئیمانی هاوڕێکەی بە کوفر دانا.

{البيان والتحصيل : 173/9} (وەرگێڕ: "ابن رشد الجد" و "ابن رشد الحفيد" هەیە).

5. أبو حامد الغزالي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەربارەی ئەو کەسەی کە موسڵمانێک تەکفیر دەکات دەڵێ: گەر بزانێت بیروباوەڕی ئەو تەوحید و باوەڕبوون بە پێغەمبەر (ﷺ) و تاکو دەگاتە هەموو بیروباوەڕە صەحیحەکان، جا هەرچۆنێک تەکفیری بکات بەم بیروباوەڕانەوە ئەوا خۆی کافرە، چونکە دینی حەق بە کوفر و باطل دەزانێت.

{الفضائح الباطنية : لا 150}

6. شێخ محمد بن عبد الرحمن البغدادي المالكي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەربارەی ڕەتدانەوەی ئەو کەسەی کە تەکفیری ئەوانەی کردووە کە دەڵێن حەرامە خۆت کۆبکەیتەوە بۆ سەردانیکردنی گۆڕەکان دەڵێ:

هەرکەسێک لە وەڵامدانەوەی ئەم بابەتە ووتبێتی: ئەمە سەفەرێکی نەهی لێکراوە، جائیز نیە کوفری بدرێتە پاڵ، جا هەرکەسێک بەهۆی ئەم وەڵامەوە تەکفیری بکات بەبێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی کافربوون هەبێت، گەر ئەمە بە حەڵاڵ بزانێت ئەوا کافر دەبێت، وە ئەگەرنا فاسق دەبێت. {نقله ابن عبد الهادي في العقود الدرية : لا 363}

7. شێخ عبد اللطيف بن عبد الرحمن آل الشيخ (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

هەرکەسێک موسڵمانانی ئەهلی تەوحید تەکفیر بکات، یان توشی شەڕ و سزادانیان بکات، ئەوا ئەو کەسە لە خراپترین جۆری کافرانە.

{عيون الرسائل والأجوبة على المسائل : 959/2}

8. البكري الشافعي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) چەند جۆرێکی هەڵگەڕانەوەی باسکردووە لەمانە: بە موسڵمانێک بڵێ (ئەی کافر) یان (بێ دین)، لە هی یەکەم مەبەستی ئەوە بێت ئەو دینەی ئەوی تێدایە کە ئیسلامە، کوفرە، وە لە هی دووەم مەبەستی ئەوە بێت ئەو دینەی ئەوی پێ وەصف کراوە کە ئیسلامە، دین نیە. {إعانة الطالبين : 149/4}

***

بابەتی دووەم

بەڵگەکان لەسەر تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کە موسڵمانێکی تەکفیرکردووە بە ناحەق

لە بابەتی پێشوودا باسمان کرد کە ووتەی زانایان جیاوازە لە باسکردنی کافربوونی ئەوەی کە موسڵمانێک تەکفیر دەکات بە ناحەق، جا باسمان کرد کە هەیانە بە ڕەهایی باسی تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کردووە کە موسڵمانێک تەکفیردەکات، وە هەیانە باسی تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کردووە کە ئوممەت بە گشتی تەکفیر دەکات یان کۆمەڵی ئەهلی سوننە و جەماعەت بە تایبەتی، وە هەیانە باسی تەکفیری ئەو کەسەی کردووە کە چەند کەسێکی دیاریکراو تەکفیر دەکات وەکو: پێغەمبەران (عليهم السلام) و هاوەڵان (رضي الله عنهم) و زانایانی ئوممەت کە ئیجماع هەیە لەسەر گەورەییان، وە هەیانە باسی تەکفیری ئەو کەسەی کردووە کە موسڵمانێک تەکفیر دەکات بەهۆی عەقیدە صەحیحەکەیەوە.

جا لەبەر ئەمە بەڵگەی زانایان جیاوازە دەربارەی ئەم هەڵوەشێنەرەوەیە بەگوێرەی ئەو حاڵەتەی کە باسیان کردووە، لەمەی خوارەوەدا هەندێک لەم بەڵگانە باس دەکەین کە ڕیزبەندی کراوە بەگوێرەی ئەوەی باسمان کرد لە بابەتی پێشوودا دەربارەی ووتەی زانایان لەسەر ئەو کەسەی کە موسڵمانێک تەکفیر دەکات بە ناحەق.

یەکەم: بەڵگەی ئەو کەسەی باسی ئەم هەڵوەشێنەرەوەیەی کردووە بە ڕەهایی.

1. لە "عبد الله بن عمر"ەوە (رضي الله عنهما) دەڵێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

(هەرکەسێک بە براکەی بڵێ "ئەی کافر" ئەوا کوفرەکە بۆ یەکێکیان دەگەڕێتەوە)، لە لەفزێکی تردا: (هەر کەسێکی موسڵمان موسڵمانێک تەکفیربکات، گەر کافربێت ئەوا

هیچ، ئەگینا خۆی کافرە)، لە لەفزێکی تردا: (گەر موسڵمانێک بە هاوڕێیەکەی بڵێ "ئەی کافر" ئەوا کوفرەکە دەچێتە سەر یەکێکیان).

{متفق علیه} البخاري : ژ 6104 ، مسلم : ژ 128

{رواه أبو داود في سننه - بسند صحيح} ژ 4687

{رواه الإمام أحمد في مسنده - بسند صحيح} ژ 5842

2. لە "أبي ذر"ەوە (ﷺ) گوێ بیستی پێغەمبەر (ﷺ) بووە دەیفەرموو:

(کەسێک کەسێکی تر بە فاسق دانانێت و بە کافر دانانێت، ئیللا بۆخۆی دەگەڕێتەوە، گەر هاوڕێکەی فاسق و کافر نەبێت)، لە لەفزی مسلم دا هاتووە: (هەرکەسێک کەسێک بانگ بکات بە کافر یان بە دوژمنی الله وە ئاواش نەبێت، ئەوا بۆخۆی دەگەڕێتەوە). {متفق علیه} البخاري : ژ 6045 ، مسلم : ژ 129

3. لە "أبي هريرة"ەوە (ﷺ) دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

(گەرکەسێک بە برا موسڵمانەکەی بڵێ (ئەی کافر) ئەوا کوفرەکە بۆ یەکێکیان دەگەڕێتەوە). {صحيح البخاري : ژ 6103}

4. لە "أبي سعيد الخدري"ەوە (ﷺ) دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

(هیچ کەسێک کەسێکی تر تەکفیر ناکات ئیللا کوفرەکە بۆ یەکێکیان دەگەڕێتەوە، گەر کافر بێت ئەوا هیچ، ئەگینا خۆی کافر دەبێت بەهۆی تەکفیرکردنەکەی).

{رواه ابن حبان في صحيحه : ژ 248} پلەی فەرموودەکە : صحيح لغيره

5. لە "معاوية بن سويد"ەوە (رحمه الله) دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

(هەرکەسێک بە برا موسڵمانەکەی بڵێ (ئەی کافر) ئەوا کوفرەکە بۆ یەکێکیان دەگەڕێتەوە). {رواه أبو القاسم البغوي في معجم الصحابة - بسند صحيح} ژ 2211

(وەرگێڕ: "معاوية بن سويد" تابعیە صەحابە نیە، واتا نەگەیشتووە بە پێغەمبەر (ﷺ)، نازانم چۆن سەنەدەکە بۆتە صحيح !؟ گەر مەبەستیان ئەوە بێت سەنەدەکە لە أبو القاسم البغوي وە تا دەگاتە معاوية بن سويد صەحیحە بەمەش دەبێتە "مرسل صحيح"، هەرچەندە هەموو فەرموودەکانی پێشوو شایەتن بۆ صەحیحی دەقی ئەم فەرموودەیە و گومان لە صەحیح بوونیدا نیە بەڵام مەبەستمان خودی ئەم سەنەدەیە، والله أعلم).

6. لە "حذيفة بن اليمان"ەوە (ﷺ) دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

(ئەوەی زۆر لێی دەترسم لەسەرتان ئەوەیە پیاوێک قورئان دەخوێنێتەوە تاوەکو ڕووناکایی قورئان بە ڕوویەوە دیار دەبێت، وە سەرخەر و پشتیوانی ئیسلامە، جا

ماناكانى قورئانى گۆڕی تا ئەوەندەی الله بیەوێ، جا لە ئیسلام هاتە دەرەوە و فرێیدایە پشتی خۆیەوە، وە بەرەو دراوسێیەکەی ڕۆیشت بە شمشێرەوە و شیرکی دایە پاڵی، حذیفة دەڵێ: ووتم ئەی پێغەمبەری الله کامەیان لە پێشترن بۆ شیرك، ئەوەی شیرکەکەی درایە پاڵ یان ئەوەی شیرکی دایە پاڵی ؟ فەرمووی: ئەوەی شیرکی دایە پاڵی). {رواه ابن حبان في صحيحه - بسند جيد} ژ 81

7. لە "عبد الله بن مسعود"ەوە (رضي الله عنه) دەڵێ:

ئەگەر کەسێک بە کەسێکی ووت: تۆ دوژمنی منی، ئەوا یەکێکیان کافر بووە بە ئیسلام.

{رواه الخلال في السنة - بسند صحيح} ب 5/ لا 16/ ژ 1489

(وەرگێڕ: مەبەستی ئەوەیە نابێت کەسی موسڵمان بە دوژمنی خۆت بزانی)

8. لە "يزيد الرقاشي"ەوە کە بە "أنس" (رضي الله عنه) ووتوە:

ئەی باوکی حەمزە کەسانێک حوکمی کوفر و شیرکمان بەسەردا دەدەن، أنس ووتی: ئەمانە خراپترین بوونەوەرن.

{رواه أبو يعلى الموصلي في مسنده - بسند جيد} ب 7/ لا 136/ ژ 4099

وە لەم بارەیەوە چەند فەرمووده و ئەثەرێکی زەعیف ڕیوایەت کراوە:

1. لە "معاذ بن جبل"ەوە (رضي الله عنه) دەڵێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

(ئەوەی زۆر لێی دەترسم لەسەرتانە ئەوەیە پیاوێک الله شارەزای کردووە لە قورئان، تاوەکو ئیسلامی ناسی و ڕووناکایی لەسەر ڕووی بە دەرکەوت، جا شمشێرەکەی دەرهێنا و لە دراوسێیەکەی دا و کوفری دایە پاڵی، ووتیان: ئەی پێغەمبەری الله کامەیان لە پێشترن بۆ کوفر ئەوەی کوفری دایە پاڵی یان ئەوەی کوفری درایە پاڵ ؟ فەرمووی: ئەوەی کوفری دایە پاڵی). {رواه الفسوي في المعرفة والتاريخ - بسند ضعيف} 358/2

2. لە "أبي هريرة"ەوە (رضي الله عنه) دەڵێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

(دوو کەس لە بەهەشتدا کۆ نابنەوە کە یەکێکیان بە براکەی ووتبێ: ئەی کافر).

{رواه إسحاق بن راهويه في مسنده - بسند ضعيف جدا} ب 1/ لا 434/ ژ 502

3. لە "ابن عمر"ەوە (رضي الله عنهما) دەڵێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

(دەست هەڵگرن لەسەر ئەهلی لا إله إلا الله، تەکفیریان مەکەن بەهۆی گوناهەوە، هەرکەسێک ئەهلی لا إله إلا الله تەکفیر بکات ئەوا خۆی نزیکترە لە کوفر).

{رواه الطبراني في المعجم الكبير - بسند ضعيف جدا} ب 12/ لا 272/ ژ 13089

4. لە "أنس بن مالك"ەوە (ﷺ) دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

(گەر الله ئەهلی ئاسمانەکان و ئەهلی زەوییەکەی سزا بدات بەهۆی ڕشتنی خوێنی کەسێکی موسڵمان ئەوا سزایان دەدات بەبێ ئەوەی الله زوڵمی لێکردبن، وە ئەگەر کەسێک بگات بە الله خوێنی ئەهلی ئاسمانەکان و زەوی ڕشتبێ هێشتا هیوای باشترە لەوەی بە برا موسڵمانەکەی ووتبێ: ئەی کافر). {حديث منكر} (واتا ضعيف)

{رواه قوام السنة الأصبهاني في الحجة في بيان المحجة : ب 2/ لا 454/ ژ 440}

5. لە "عبد الله بن مسعود"ەوە (ﷺ) دەڵێ:

هیچ دوو موسڵمانێک نیە ئیللا لەنێوانیاندا ستر هەیە لایەن الله عز وجل، جا گەر یەکێکیان ووشەیەک بە هاوڕێکەی بڵێ کە نێوانیان دابڕێ ئەوا ستری الله ی دڕاندووە، وە ئەگەر یەکێکیان بەوی تر بڵێ: (تۆ کافری) ئەوا یەکێکیان کافربووە.

{رواه البخاري في الأدب المفرد - بسند ضعيف} لا 155/ ژ 435

وە پرسیار لە الإمام مالك بن أنس (رحمه الله) کرا دەربارەی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) : (هەرکەسێک بە برا موسڵمانەکەی بڵێ کافر، ئەوا کوفرەکە بۆ یەکێکیان دەگەڕێتەوە)، ووتی: ئەمە دەبینم لە حەڕوریەکان، پێی ووترا: ئایا وادەبینی بەمە کافر بن ؟ ووتی: نازانم ئەمە چیە. {البيان والتحصيل : 341/18}

ابن الملقن (رحمه الله) باسی ئەوەی کردووە:

ئەم فەرموودەیە چەند مانایەک لە خۆ دەگرێت، لەوانە: مەبەستی خەواریجەکانە کە ئیمانداران تەکفیر دەکەن، مالك بن أنس وای ووتوە، لەوانەیە ئەم ووتەیەی لەوەوە هاتبێ کە تەکفیریان بکات. {الإعلام بفوائد عمدة الأحكام : 504/8}

ابن ناصر الدين الدمشقي (رحمه الله) دەڵێ:

جا دوای ئەم هەڕەشەیە هیچ هەڕەشەیەکی زیاتر هەیە !؟ وە لەوانەیە شەیطان ڕازاندنەوە بۆ ئەو کەسە بکات کە شوێنی ئارەزووی کەوتووە و کوفر و چوونە دەرەوە لە ئیسلامی داوەتە پاڵ براکەی، شەیطان وای بۆ دەڕازێنێتەوە کە ووتەکانی ئەو دەربارەی براکەی حەقە وە ئەوەی داویەتیە پاڵ براکەی حەقە، ئەمە لە چوارچێوەی بابەتی جەرح و تەعدیلە، نابێت تەنانەت لە شتێکی کەمیش لەمانە بێدەنگ بێت، ئەی ئەگەر شتەکە گەورە بوو !؟ ئای چەندە دوورە لە ڕاستیەوە ئەم شتە، بەڕاستی

بواری قسەکردن لەسەر کەسەکان نشێوی سەختی تێدایە، ئەوەی سەری دەکەوێت لە مەترسیدایە، وە ئارەزووێک چاوەڕێی دەکات کە ڕزگاربوونی نیە لە گوناه و تاوان، جا ئەو کەسەی کە براکەی داوەتە پاڵ کوفر گەر لێکۆڵینەوە لەگەڵ نەفسی خۆیدا بکات کە هۆکار چی بوو ئەم شتەی هەڵگیرساند ؟ ئەوا بۆی دەردەکەوێت هۆکارەکە هەوا و ئارەزوو بووە کە خاوەنەکەی بە هیلاک بردووە. {الرد الوافر : لا 13}

دەڵێین: ڕووکەشی ئەم فەرموودانە بەڵگەبوون لەسەر کافربوونی ئەو کەسەی کە هەر موسڵمانێک تەکفیر بکات بە ناحەق، بەڵام تەنها ئەوە نەبێت کە خاوەنی تەئویلە لە تەکفیرکردنەکەیدا، هەروەک ڕوونکردنەوەی دێتە پێش لە بابەتی پێنجەمدا بە پشتیوانی الله تعالی، ژمارەیەک لە زانایانی لێکۆڵەر ئەم فەرموودانەیان وەکو خۆی وەرگرتووە وەکو: الإمام البخاري و شيخ الإسلام ابن تيمية، وە ابن العطار الشافعي گێڕاویەتیەوە لە زانایانی فەرموودەناس و لێکۆڵەری شافعی مەزهەب کە ئەوانیش ئەم فەرموودانە وەکو خۆی وەردەگرن.

الإمام البخاري (رحمه الله) دەڵێ:

بەشی: ئەوەی برا موسڵمانەکەی تەکفیر بکات بەبێ تەئویل ئەوا خۆی کافر دەبێت.

{صحيح البخاري : 26/8}

ابن المنير (رحمه الله) دەڵێ:

بوخاری ئەم بڕگەیەی فەرموودەکەی (فقد باء به أحدهما – ئەوا کوفرەکە بۆ یەکێکیان دەگەڕێتەوە) کردووە بە بەڵگە لەسەر کافربوونی یەکێکیان، هەر بۆیە لە سەرە بابەتدا پەیوەستی کردووە بە ووشەی (بەبێ تەئویل).

{المتواري على أبواب البخاري : لا 362}

القسطلاني لە کتێبی (إرشاد الساري) و السندي لە کتێبی (حاشية السندي على صحيح البخاري) و الدماميني لە کتێبی (مصابيح الجامع)دا هەمان قسەی (ابن المنير) دەکەن. {إرشاد الساري : 65/9} ، {حاشية السندي على صحيح البخاري : 32/4} ، {مصابيح الجامع : 339/9}

ابن العطار الشافعي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

هەرکەسێک موسڵمانێک تەکفیر بکات بە ناحەق، یان پێی بڵێ (ئەی کافر) بەبێ ئەوەی پشت بە شتێک ببەستێ کە ڕووکەشەکەی کوفر بێت، ئایا بەمە کافر دەبێت ؟ ووتەی زانا (متأخر)ەکانی شافعی خیلافی تێدا هەیە بەسەر دوو شێوە:

یەکەمیان: ئەمەش ووتەی زۆرینەیانە: کافر نابێت بەڵگو گوناهبارە بەم شتە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (هەرکەسێک بە برا موسڵمانەکەی بڵێ ئەی کافر، گەر ڕاست بێت ئەوا کافرە، ئەگینا بۆخۆی دەگەڕێتەوە) جا پێغەمبەر (ﷺ) بە ڕاشکاوی باسی کافربوونی نەکرد بەڵکو مانای فەرموودەکەی ئەوەیە: گوناهی ووتەکەی بۆخۆی دەگەڕێتەوە.

دووەمیان: ئەمەش ووتەی فەرموودەناسان و لێکۆڵەرەوانە: کافر دەبێت، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) کوفرەکەی گەڕاندەوە بۆ خاوەنی ووتەکە گەر کەسی بەرامبەر هیچ کوفرێکی تێدا نەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی حوکمدان بە کافربوونی، خاوەنی کتێبی (التتمة) و خاوەنی کتێبی (البحر) ئەم ووتەیان هەڵبژاردووە، واللە أعلم.

{الإعتقاد الخالص من الشك والإنتقاد : لا 278}

(وەرگێر: أبو سعد المتولي الشافعي خاوەنی کتێبی "التتمة"یە ، أبو المحاسن الروياني خاوەنی کتێبی "البحر"ە).

وە هەندێک زانا مانای ئەم فەرموودەیان لێکداوەتەوە بە نەهی کردن و توندبوون بەرامبەر تەکفیری موسڵمانان، وە ئەثەرێکیش ڕیوایەت کراوە کە ئەم مانایە بەهێز دەکات، بەڵام سەنەدەکەی زەعیفە.

لە "طاوس"ەوە ڕیوایەت کراوە کە دەڵێ:

من لەلای (ابن عمر) بووم پیاوێک هاتە لای ووتی: ئەی باوکی عبد الرحمن کەسانێک هەن بە ئارەزووی خۆیان حوکمدان دەدەن و بەهۆی تاوانەوە خەڵکی دەکوژن و (الفيء)ش تەنها بۆ خۆیان دەبەن، ئایا ئەمانە کافرن ؟ ووتی: نەخێر، پیاوەکە ووتی: کەسانێک حوکمدان لەسەر دەدەن بە کوفر و خوێنمان دەڕێژن بۆ نزیکبوونەوە لە اللە ئایا ئەمانە کافرن ؟ ووتی: نەخێر، پیاوەکە ووتی: ئەی کوفر چیە ؟ ووتی: لەگەڵ اللە پەرستراوێکی تر دابنێی بیکەیت بە دوو پەرستراو.

{رواه حرب الكرماني في مسائل الإمام أحمد - بسند ضعيف} 1075/3

***

دووەم: بەڵگە لەسەر کافربوونی ئەو کەسەی کە ئوممەت بە گشتی تەکفیر دەکات.

ئەو کەسەی کە ئوممەت بە گشتی تەکفیر دەکات ئەم فەرموودانەی پێشوو بەڵگە بوون لەسەر کافربوونی بە قیاسێکی نزیک، وە چەند ئایەتێکی دەخرێتە پاڵ کە ئەو کەسەی تەکفیرکردووە کە ئایەتەکانی الله بە درۆ دەخاتەوە یان ئینکاری لێ دەکات، هەروەک الله تعالى فەرموویەتی: ﴿وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلَّا الْكَافِرُونَ﴾ [العنكبوت : 47]، وە چەندان ئایەتی تر جگە لەمە، جا هەرکەسێک ئوممەت بە گشتی تەکفیر بکات ئەوا بە درۆ خەرەوەی ئەو شتانەیە کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە دەربارەی ئیثبات کردنی ئیسلام و ستایشی ئەم ئوممەتە، هەروەک الله تعالى فەرموویەتی: ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ [آل عمران : 110]، وە هەروەها الله تعالى فەرموویەتی: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ﴾ [البقرة : 143].

وە بە درۆ خەرەوەی زۆرێک لە بەڵگەیە کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەم ئوممەتە لەسەر گومڕایی کۆ نابێتەوە، یەکێک لەم بەڵگانە ئەوەیە کە ئوممەت قبوڵیان کردووە (واتا لەلایان صەحیحە) کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (إن الله لا يجمع أمتي على ضلالة) واتا: (الله ئوممەتەکەم کۆ ناکاتەوە لەسەر گومڕایی)، وە هەروەها بەڵگەیەکی تر ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (لا يزال ناس من أمتي ظاهرين حتى يأتيهم أمر الله وهم ظاهرون) واتا: (بە بەردەوامی کەسانێک لە ئوممەتەکەم دیارن و سەردەکەون تاوەکو قیامەت دادێت ئەوان هەر دیار و سەرکەوتوون).

{رواه الترمذي في سننه : ژ 2167} وقال: حديث غريب من هذا الوجه، وللحديث طرق وشواهد يتقوى بها.

(واتا سەنەدەکە زەعیفە بەڵام سەنەدی تر هەن کە بەهێزی دەکەن و دەیکەن بە حسن)

{متفق عليه} البخاري : ژ 3640 ، مسلم : ژ 4989

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ اللَّهُ) دەڵێ:

ئوممەت لەسەر گومڕایی کۆ نابێتەوە، وە هەموویان هەڵناگەڕێنەوە، بەڵکو بێگومان الله کەسانێک لە ئیمانداران دەهێڵێتەوە کە دیار و سەرکەوتوون تاوەکو هاتنی قیامەت. {مجموع الفتاوى : 303/18}

هەر یەکە لە "البهوتي و الرحيباني" (رَحِمَهُمَاٱللَّهُ) باسی ئیجماعیان کردووە لەسەر ئەوەی کە ئەم ئوممەتە لەسەر گومڕایی کۆ نابێتەوە، وە هەریەکە لە "القاضي عياض و النووي" (رَحِمَهُمَاٱللَّهُ) باسی ئیجماعیان کردووە دەربارەی کافربوونی ئەو کەسەی کە قسەیەک دەکات قسەکەی دەگات بەوەی کە هەموو ئوممەت گومڕا بکات. {بڕوانە كشاف القناع : 170/6} ، {بڕواب مطالب أولي النهى : 281/6}

شێخی نوێکەرەوەی دین محمد بن عبد الوهاب (رَحِمَهُٱللَّهُ) **دەڵێ:**

تەکفیرکردنی هەموو خەڵکی سەر زەوی، ئێمە لەلای الله بەرین لەم شتە، بەڵکو بڕوامان وایە ئوممەتی محمد (ﷺ) کۆ نابێتەوە لەسەر گومڕایی، بەڵکو الله ئەم ئوممەتەی پاراستووە لەوەی لەسەر گومڕایی کۆ ببێتەوە لەسەر زاری پێغەمبەرەکەی محمد (ﷺ). {الدرر السنية : 129/13}

أبو الحسن الآمدي (رَحِمَهُٱللَّهُ) **دەڵێ:**

ئایەت و فەرموودەکان بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئوممەتی محمد هاوڕا نابن لەسەر هەڵە، وە ئەگەر ئوممەت هەڵبگەڕێتەوە ئەوا ڕاست دەبێت کە بووترێ: (ئوممەتی محمد هاوڕابوونە لەسە هەڵگەڕانەوە)، وە هەڵگەڕانەوەش هەڵەیە، ئەمەش ڕوودانی مەحاڵە. {الإحكام في فصول الأحكام : 280/1}

***

سێیەم: بەڵگە لەسەر کافربوونی ئەو کەسەی کە ئەهلی سوننە و جەماعەت یان عەوامی موسڵمانان تەکفیر دەکات.

بەڵگەکان لەسەر کافربوونی ئەو کەسەی کە ئەهلی سوننە و جەماعەت یان عەوامی موسڵمانان تەکفیر دەکات خودی ئەو بەڵگانەن کە بەڵگە بوون لەسەر کافربوونی ئەو کەسەی کە ئوممەت بە گشتی تەکفیر دەکات، وە چەند ووتەیەکی دەخرێتە سەر کە بەڵگەن لەسەر فەزڵی ئەهلی سوننە و جەماعەت، چونکە ئەوان کۆمەڵی ڕزگاربوون و تایبەتمەندی ئوممەتن و زۆرینەی ئوممەتن، جا تەکفیرکردنی ئەهلی سوننە و جەماعەت تەکفیرکردنی هەموو کۆمەڵەکانی تری لێدەکەوێتەوە کە پلەیان نزمترە لە ئەهلی سوننە و جەماعەت لە ئوممەتدا، وە عەوامی موسڵمانان زۆرینەی ئوممەتن، وە زۆرینەیان ئەهلی سوننە و جەماعەتن.

لە "عبد الله بن عمرو"ەوە (رضي الله عنهما) دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

(ئوممەتەکەم دابەش دەبێتە سەر حەفتا و سێ کۆمەڵە، هەموویان لە ئاگردان تەنها یەک دانەیان نەبێت، ووتیان: ئەم دانەیە کامەیە ئەی پێغەمبەری الله ؟ فەرمووی: ئەوەی من و هاوەڵانی لەسەرە).

{رواه الترمذي في سننه : ژ2641} وقال: هذا حديث مفسر غريب لا نعرفه مثل هذا إلا من هذا الوجه، شيخ الإسلام ابن تيمية (رحمه الله) لە مجموع الفتاوى (345/3) دەڵێ: فەرموودەیەکی صەحیحە، مەشهورە لە سونەن و مەسانیدەکاندا.

(وەرگێڕ: دەستەواژەی "غريب" گەر بە تەنها هات لەلای "الترمذي" مانای زەعیف دەدات).

لە "أنس بن مالك"ەوە (رضي الله عنه) دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

(بەنی ئیسرائیل دابەش بوو بەسەر حەفتا و یەک کۆمەڵە، وە ئوممەتی منیش دابەش دەبێتە سەر حەفتا و دوو کۆمەڵە، هەموویان لە ئاگردان تەنها یەک دانەیان نەبێت، ئەوانیش جەماعەن). {رواه ابن ماجه في سننه : ژ3993} ، البوصيري لە مصباح الزجاجة (ب 4/ لا 180/ ژ4041) دەڵێ: ئەمە سەنەدێکی صەحیحە، ڕاوییەکانی جێگای متمانەن.

لە "أبي أمامة"ەوە (رضي الله عنه) دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

(ئەم ئوممەتە جیادەبێتەوە بۆ سەر حەفتا و سێ کۆمەڵە، حەفتا و دوو کۆمەڵەیان لە ئاگردان، وە یەک دانەیان لە بەهەشت دایە، ووتمان: بۆمانی وەصف بکە، فەرمووی: زۆرینەن). {رواه الطبراني في المعجم الكبير : ب 8/ لا 273/ ژ8051} ، وە الهيثمي لە مجمع الزوائد ومنبع الفوائد (ب 6/ لا 234/ ژ10436} دەڵێ: الطبراني ڕیوایەتی کردووە، ڕاوییەکانی جێگای متمانەن.

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رحمه الله) دەڵێ:

هەر بۆیە (پێغەمبەر ﷺ) کۆمەڵی ڕزگاربووی بەوە وەصف کرد کە ئەهلی سوننە و جەماعەتە، وە ئەوان زۆرینەن. {مجموع الفتاوى : 345/3}

الملا علي القاري (رحمه الله) دەڵێ:

هەرکەسێک بڕوای وابێت هاوەڵان و ئەهلی سوننە کافرن، ئەوا کافرە بە ئیجماع.

{شم العوارض في ذم الروافض : لا 19} بە دەستکارییەکی کەم

ابن الوزير الصنعاني (رحمه الله) دەربارەی ئەو کەسەی کە عەوامی موسڵمانان تەکفیر دەکات دەڵێ: تەکفیرکردنی عەوامی موسڵمانان کافربوونیان بەهێزتر دەکات،

چونکە حوکمدان بەسەریان بە ئیسلامەتی شتێکی زەڕوڕەتی زانراوە لە دیندا، وە تەکفیرکردنیان ئینکاری کردنی ئەم زەڕوڕەتە زانراوەیە.
{إيثار الحق على الخلق في رد الخلافات : لا 392}

***

چوارەم: بەڵگە لەسەر کافربوونی ئەو کەسەی کە چەند کەسێکی دیاریکراو لە موسڵمان تەکفیر دەکات.

زانایان باسی کافربوونی ئەو کەسەیان کردووە کە تەکفیری پێغەمبەرێک لە پێغەمبەران یان فریشتەیەک لە فریشتەکان دەکات (عليهم السلام)، وە ئەو کەسەی تەکفیری هاوەڵان دەکات (رضي الله عنهم)، وە ئەو کەسەی تەکفیری ئەو زانایانەی ئوممەت دەکات کە ئیجماع دامەزراوە لەسەر موسڵمان بوونیان وەکو: سعيد بن المسيب و عمر بن عبد العزيز و مالك و الشافعي و أحمد و جگە لەمانەش (رحمهم الله).

وە تەکفیرکردنی پێغەمبەرێک کە ئیجماع هەبێت لەسەر پێغەمبەرایەتی بوونی، یان یەکێک لە فریشتەکان، ئەوا تانە دانە لە دین و کافربوونە بە پەیامی الله، سەرەڕای ئەمانەش بە درۆ خستنەوەیەکی ئاشکرایە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت، کە تیایاندا ستایشی پێغەمبەران و فریشتەکان هاتووە (عليهم السلام)، سەرەڕای ئەمانەش ئیجماعی صەحیح هەیە لەسەر کافربوونی ئەو کەسەی جنێو بە پێغەمبەرێک بدات ئەی چۆن دەبێت گەر کوفر بداتە پاڵیان !؟ وە الله تعالى فەرموویەتی: ﴿ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَرُسُلِهِ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَالَ فَإِنَّ اللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَافِرِينَ ﴾ [البقرة : 98]، (واتا: هەرکەسێک دوژمنی الله و فریشتەکانی و پێغەمبەرەکانی و جبريل و ميكائيل بێت، ئەوا بەڕاستی الله دوژمنی کافرانە).

وە لە بابەتی پێشوودا تێپەڕی ئەو ئیجماعەی کە ابن حزم گێڕایەوە دەربارەی تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کە یەکێک لە پێغەمبەران (عليهم السلام) تەکفیر دەکات.

وە تەکفیرکردنی هاوەڵان بە درۆ خستنەوەیەکی ڕوون و ڕاشکاوە بۆ ئەو دەقانەی قورئان و سوننە کە تیایاندا باسی فەزڵ و ستایشیان هاتووە، هەروەک الله تعالى فەرموویەتی: ﴿ وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ

﴿رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ﴾ [التوبة : 100]، ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ آوَوا وَّنَصَرُوا أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَّهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ﴾ [الأنفال : 74]، ﴿لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلاً مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَٰئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ﴾ [الحشر : 8]، ﴿لَّقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ﴾ [الفتح : 18]، ﴿لَّقَد تَّابَ اللَّهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنصَارِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ الْعُسْرَةِ﴾ [التوبة : 117]، وە چەندان ئایەتی تر جگە لەمانە.
وە ژمارەیەک لە زانایان ئیجماعیان نەقڵ کردووە دەربارەی تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کە هاوەڵان تەکفیر دەکات، هەروەک لە پێشوودا باسکرا.

وە دەربارەی تەکفیرکردنی ئەو کەسەی ئەو زانایانەی ئوممەت تەکفیر دەکات کە ئیجماع دامەزراوە لەسەر فەزڵیان، ئەوا ئەو کەسە موخالیفی ئیجماعی ئوممەتە لەسەر موسڵمان بوونی ئەم زانایانە، وە لە پێشوودا باسی تەکفیرکردنی ئەو کەسەمان کرد کە ئیجماعێک ڕەتدەکاتەوە کە دەق لەسەر نیە، وە باسمان کرد کە زانایان دوو ڕەئیان هەیە دەربارەی ئەم تەکفیرکردنە.

***

پێنجەم: بەڵگە لەسەر کافربوونی ئەو کەسەی کە موسڵمانێک تەکفیر دەکات بەهۆی عەقیدە صەحیحەکەیەوە.

ئەم ووتەیەی الله تعالی: ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِالْإِيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ [المائدة : 5]، بەڵگەیە لەسەر کافربوونی کەسێک کە ئەمە حاڵی بێت.
(واتا: هەرکەسێک کافر بێت بە ئیمان ئەوا کردەوەکانی هەڵدەوەشێنەوە، وە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەم کەسە لە خەسارەتمەندانە).
جا هەر کەسێک موسڵمانێک تەکفیر بکات بەهۆی ئەو حەقەی کە موسڵمانەکە لەسەریەتی، ئەوا ئەو کەسە کافرە بەهۆی ئینکاریکردنی ئەو حەقەی کە کەسی بەرامبەری لەسەربوو، جا ئایەتەکە بە گشتی دەیگرێتەوە.

***

بەشی سێیەم

هۆکاری کافربوونی ئەو کەسەی کە موسڵمانێکی تەکفیرکردووە بە ناحەق

زانایان ژمارەیەک هۆکاریان باسکردووە دەربارەی کافربوونی ئەو کەسەی کە موسڵمانێک تەکفیر دەکات بە ناحەق، هەیە بەهۆی ناشرین سەیرکردنی ئیسلامە، هەیە بەهۆی بە درۆ خستنەوەی بەڵگە شەرعیەکان و ڕەتکردنەوەی زەروڕەتێکی زانراوە لە دیندا، وە هەندێک زانا ڕووکەشی ئەو فەرموودانەیان وەرگرتووە کە حوکم دەدەن بە کافربوونی ئەوکەسەی کە موسڵمانێک تەکفیر دەکات بە ناحەق، بەبێ گوێ دانە بیروباوەڕی کەسی تەکفیرکەر هەروەک چۆن گوێ نادرێتە بیروباوەڕی کەسی سوجدە بەر بۆ بت.

لەمەی خوارەوەدا باسی ووتەی ئەو زانایانە دەکەین کە هۆکاری کافربوونی ئەو کەسەی موسڵمانێک تەکفیر دەکات گەڕاندوویانەتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسە ئیمانی بە کوفر داناوە ئەمەش وەکو ئەوە وایە ئیسلام بە ناشرین سەیر بکەی:

أبو جعفر الطحاوي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

هەرکەسێک بە هاوڕێکەی بڵێ (ئەی کافر) مانای وایە هاوڕێکەی کافرە چونکە ئەوەی هاوڕێکەی لەسەریەتی کوفرە، جا ئەگەر ئەوەی هاوڕێکەی لەسەری بوو کوفر نەبوو بەڵکو ئیمان بوو، ئەوا ئەوەی تەکفیری کرد ئیمانی بە کوفر داناوە، بەمەش کافر دەبێت بە الله تعالى، چونکە هەرکەسێک کافر بێت بە ئیمان ئەوا کافر بووە بە الله.

{شرح مشكل الآثار : 325/2}

الخطابي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

ووتەکەی وا لێکدەدرێتەوە کە ئەو موسڵمانێکی بە کافر زانیوە، وە وادەزانێت دینی ئیسلام کە حەقە دینێکی باطلە، جا ئەمە کوفری خاوەنی ووتەکەی لێدەکەوێتەوە، بەو مەرجەی ئەو کەسەی کە پێی وترا کافر هیچ شتێکی کوفری تێدا نەدۆزرێتەوە.

{أعلام الحديث : 1/177}

المتولي الشافعي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

گەر موسڵمانێک بە موسڵمانێک بڵێ (ئەی کافر) بەبێ تەئویل، ئەوا کافر دەبێت چونکە ناوی لە ئیسلام ناوە کوفر. {روضة الطالبين : 10/65}

ابن المنير (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

لەبەر ئەوەی گەر کەسی تەکفیرکەر قسەکەی ڕاست بێت ئەوا ئەوەی کوفری دراوەتە پاڵ کافرە، وە ئەگەر قسەکەی درۆ بێت ئەوا کەسی تەکفیرکەر ئیمانی بە کوفر داناوە، وە هەرکەسێک ئیمان بە کوفر دابنێت ئەوا کافر دەبێت.

{المتواري على أبواب البخاري : لا 362}

الرافعي لە کتێبی "الشرح الكبير"دا دەڵێ:

گەر بە موسڵمانێک بڵێ (ئەی کافر) بەبێ تەئویل، ئەوا کافر دەبێت چونکە ناوی لە ئیسلام ناوە کوفر. {العزيز في شرح الوجيز : 11/98}

ئەو زانایانەی کە هۆکاری کافربوونی کەسی تەکفیرکەریان گەڕاندۆتەوە بۆ ئینکاری کردن وەکو: پوچەڵ کردنەوەی شەریعەت یان بە درۆ خستنەوەی دەقەکان یان ڕەتکردنەوەی شتێکی زانراو بە زەروڕەت لە دیندا، ئەمەش ووتەکانیانە:

القاضي عياض (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **باسی هۆکاری کافربوونی ئەو کەسە دەکات کە هەموو هاوەڵان و هەموو ئوممەت تەکفیر دەکات دەڵێ:** چونکە ئەوان هەموو شەریعەتیان پوچەڵ کردۆتەوە، نەقڵی شەریعەت و نەقڵی قورئان دەپچڕێ، چونکە نەقڵ کەرەکان کافران بەگوێرەی قسەی ئەوان.

{الشفا بتعريف حقوق المصطفى : 611/2}

ابن الوزير الصنعاني (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **باسی هۆکاری کافربوونی ئەو کەسە دەکات کە تەکفیری عەوامی موسڵمانان دەکات دەڵێ:** چونکە حوکمدان بە موسڵمان بوونی ئەوان شتێکی زانراوە بە زەروڕەت لە دیندا، وە تەکفیرکردنیان ئینکارکردنی ئەم زەروڕەتە زانراوەیە. {إيثار الحق على الخلق في رد الخلافات : لا 392}

المظهري (رَحِمَهُ اللَّهُ) **دەڵێ:**

چونکە موسڵمان بە گوناهکردن نابێتە کافر، وە هەرکەسێک بڕوای وابێت موسڵمان بە گوناهێک کافر دەبێت ئەوا بڕوای وایە کە حەڵاڵێک حەرام دەکات، وە هەرکەسێک حەڵاڵێک حەرام بکات ئەوا کافر دەبێت. {المفاتيح في شرح المصابيح : 172/5}

شێخی ئیسلام ابن تيمية (رَحِمَهُ اللَّهُ) **بەم ووتەیەی باسی هۆکاری کافربوونی ئەو کەسە دەکات کە هاوەڵان تەکفیر دەکات:** ئەو بە درۆ خەرەوەی ئەم ئایەتانەیە کە قورئان لە چەند شوێنێک باسیکردووە دەربارەی ڕەزامەندی الله و ستایشی الله بۆ هاوەڵان. {الصارم المسلول على شاتم الرسول : لا 586}

الخرشي (رَحِمَهُ اللَّهُ) **بەم ووتەیەی باسی هۆکاری کافربوونی ئەو کەسە دەکات کە هەموو هاوەڵان تەکفیر دەکات:** چونکە ئەو ئینکاری شتێکی بە زەروڕەت زانراوی کردووە لە دیندا، وە بە درۆ خەرەوەی الله و پێغەمبەرەکەیەتی.

{شرح مختصر خليل : 74/8}

البهوتي (رَحِمَهُ اللَّهُ) **بەم ووتەیەی باسی هۆکاری کافربوونی ئەو کەسە دەکات کە ئوممەت بە گومڕا دادەنێت یان هاوەڵان تەکفیر دەکات:** چونکە ئەو بە درۆ خەرەوەی ئەو ئیجماعەیە کە ئوممەت لەسەر گومڕایی کۆ نابێتەوە، وە بە درۆ خەرەوەی ئایەت و فەرموودەکانە. {كشاف القناع : 170/6}

الرحيباني الحنبلي (رَحِمَهُ اللَّهُ) **دەربارەی هۆکاری کافربوونی ئەو کەسەی کە ئوممەت بە گومڕا دادەنێت یان هاوەڵان تەکفیر دەکات دەڵێ:** چونکە ئەو بە درۆ خەرەوەی ئەو ئیجماعەیە کە ئوممەت لەسەر گومڕایی کۆ نابێتەوە، یان هاوەڵان تەکفیر بکات بەبێ تەئویل ئەوا کافرە، چونکە بە درۆ خەرەوەی پێغەمبەرە لە ووتەکەیدا. {مطالب أولي النهى : 281/6}

وه ئەو زانایەی کە ڕووکەشی دەقەکانی وەرگرتووە هۆکاری حوکمدان بە کافربوون لەسەر کەسی تەکفیرکەر تەنها پەیوەست دەکات بە تەکفیرکردنی موسڵمان، بەبێ گوێدانە بیروباوەڕی کەسی تەکفیرکەر:

تقي الدين السبكي (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) **دەڵێ:**

ئێمە حوکمی کوفری بەسەردا دەدەین بەگوێرەی هاوەڵ پێدانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەرچی کەسی تەکفیرکەر وەکو کەسی سوجدە بەربۆبت باوەڕی بە ئیسلام هەبێت، یان وەکو کەسێک کە قورئان فڕێ دەداتە ناو زبڵ و پیسی وە هاوشێوەکانی، جا باوەڕبوونی بە ئیسلام ڕزگاری ناکات لەوەی کە حوکمی کافربوونی بەسەردا بدرێت.

{فتاوى السبكي : 570/2} بە دەستکارییەوە

ئەوەی دەردەکەوێت ئەمەیە کە هۆکاری کافربوونی ئەو کەسەی کە موسڵمانێک تەکفیر دەکات بە ناحەق دەگەڕێتەوە بۆ بە درۆ خستنەوە وڕەتکردنەوەی دەقەکان، ڕێک بە هەمان ئەو شێوەیەی کە باسمان کرد لە پێشوودا دەربارەی هۆکاری کافربوونی کەسی وەستاو لە تەکفیرکردنی کافر.

بەڵام ئەو کەسەی کە موسڵمانێک تەکفیر دەکات بەهۆی بە ناشرین دانانی ئەو ئیسلامەی کە ئەو لەسەریەتی ئەوا ئەو کەسە کافرە، جا ئەو شتەی کە ئەو بە ناشرینی دادەنێت گەر لە ئەصلی دین بێت ئەوا موشریکە، ڕێک وەکو ئەو کەسەی کە شیرکی گەورە بە شتێکی جوان دادەنێت پەنا بە الله تعالى، وە ئەگەر یەکێک لە حوکمە شەرعیە ئیجماع لەسەرەکان بە ناشرین دابنێت ئەوا کافرە بەهۆی ئینکارکردنی بۆ ئەم شتە شەرعیە، والله أعلم.

***

بابەتی چوارەم

پلەی دەست هەڵگرتن لە تەکفیرکردنی موسڵمانان لە دیندا

هەروەک چۆن تەکفیرکردن حوکمێکی شەرعیە بواری تێدانیە بۆ عەقڵ، وە چەند پلەیەکی هەیە بەگوێرەی جێگیربوونی بەڵگەی شەرعی لەسەر کوفرەکە و ئاشکرایی حاڵی کەسی توشبوو بە کوفرەکە. بە هەمان شێوە حوکمدان بە ئیسلامەتی موسڵمانان و دەست هەڵگرتن لە تەکفیرکردنیان بەبێ هەبوونی هیچ کوفرێک، حوکمێکی شەرعیە بواری تێدانیە بۆ عەقڵ، وە چەند پلەیەکی هەیە بەگوێرەی جێگیربوونی بەڵگەی شەرعی لەسەر ئیسلامەتی و ئاشکرایی حاڵی ئەو کەسەی کە هاتۆتە ناو ئیسلام.

هی واهەیە زانراوە بە زەڕورەت لە دیندا، وە هی واهەیە بەهۆی ئیجماعێک دەزانرێ کە پاڵپشتکراوە بە ئیجتیهاد، وە هی واهەیە بە حوکمی شەرعی ئاشکرا و دیار دادەنرێ، وە هی واهەیە لەمە نزمترە.

شێخی ئیسلام ابن تیمیة (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

ئیماندار و موسڵمان ئەو کەسەیە کە الله و پێغەمبەرەکەی بە ئیماندار و موسڵمانیان داناوە ..... ئەم بابەتانەش هەمووی جێگیربووە بە شەرع.

{منهاج السنة النبوية : 92/5} بە دەستکارییەوە

وەهەر شێخی ئیسلام ابن تیمیة (رَحِمَهُ ٱللَّهُ) دەڵێ:

ئیمان و کوفر لەم جۆرە حوکمانەن کە بە وەحی جێگیربوونە، وە بە بەڵگەی شەرعی ئیماندار و کافر لەیەکتر جیا دەکرێنەوە، نەوەک تەنها بە بەڵگەی عەقڵی.

{مجموع الفتاوى : 328/3}

وە لە هەندێک فەرموودەدا هاتووە کە یەکێک لە ئەصلەکانی دینی ئیسلام ئەوەیە دەست هەڵبگیرێت لە تەکفیرکردنی ئەهلی لا إله إلا الله، تەکفیریان نەکەی بە گوناهێک کە کوفر نەبێت، وە گومان لەوە دانیە گەر ئەم فەرموودانە صەحیح ئەوا بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی کە ئەم شتە لە ئەصلی دینە بەهۆی زەڕورەتی عەقڵ و فیطرەت دەزانرێ، بەڵکو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم شتە لە کۆڵەگەکانی دینە و لە حوکمە شەرعیە گرینگەکانە.

له "أنس بن مالك"ەوە (ﷺ) پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

(سێ شت هەنە لە ئەصلی دینن، دەست هەڵگرتن لەوکەسەی کە دەڵێ لا إله إلا الله تەکفیری ناکەین بە گوناهێک و لە ئیسلام دەری ناکەین بە کردەوەیەک، وە جیهاد بەردەوام و نەبڕاوەیە لەو ڕۆژەی الله منی ناردووە تاکو ئەو کاتەی کۆتایی ئوممەتەکەم شەڕ دەکات لەگەڵ دەججال نە زوڵمی زاڵم نە عەدلی عادل جیهاد بەتاڵ ناکاتەوە، وە ئیمان هەبوون بە هەموو قەدەرەکان). {رواه أبو داود في سننه : ژ 2532} ، {رواه أبو يعلى الموصلي في مسنده : ب 7/ لا 287/ ژ 4311 - 4312} لەفزەکە هی ڕیوایەتی "أبو يعلى" یە، وە لە سەنەدەکەیدا کەسی نەناسراوی تێدایە، بەڵام فەرموودەی تر هەن وەکو شایەت ئەم فەرموودەیە بەهێز دەکەن.

أبو داود (رحمه الله) بێدەنگ بووە لە حوکمدان لەسەر ئەم فەرموودەیە لە سونەنەکەیدا، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەلای أبو داود ئەم فەرموودەیە بە شایەتەکانی تر بەهێز دەبێت، لە کتێبەکەیدا (رسالة إلى أهل مكة) وتوویەتی: ئەو فەرموودانەی کە هیچم نەووتوە دەربارەیان ئەوا لەلای من "صالح"ە، وە هەندێکیان لە هەندێکیان صەحیحترن. {رسالة أبي داود لأهل مكة : لا 27}

وە ئەم ووتەیەی الله تعالى: ﴿ فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ ﴾ [التوبة : 5]، شایەتە بۆ ئەم ووتەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی:

(دەست هەڵگرن لەوکەسەی کە دەڵێ لا إله إلا الله).

هەروەها ئەم فەرموودەیەی ابن عمر (رضي الله عنه) لە (الصحيحين)دا شایەتە بۆی کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: فەرمانم پێکراوە لە دژی خەڵکی بجەنگم تاکو شایەتی دەدەن بە لا إله إلا الله و محمد رسول الله، وە نوێژ ئەنجام دەدەن و زەکات دەدەن، جا گەر ئەم شتانەیان کرد ئەوا خوێن و ماڵیان لە من پارێزراو دەبێت، تەنها بە حەقی ئیسلام نەبێت، وە حیسابیشیان لەسەر الله یە.{متفق عليه}البخاري: ژ 25 ، مسلم: ژ 32

